

# کوردستان و نەوت و داعش!



د. رەشاد میران

تایبەت بە گوڵانی نوسیوە

راگەیاندنی دەوڵەتی کوردی گەیشتنە بە ئامانجێکی نەتەوەیی لەمێژینەی هەرە پیرۆز، بۆیەش بە قەدەر گەورەییەکەی ریسک و نەهامەتیی لەگەڵدا دەبن، ئەمجارەیان کورد پشکی خۆی دەخاتە سەر نەخشەی سیاسی و کیانی سیاسیی دەبێ.. ئەوەش بۆ هەتا هەتایێ! چونکە دەوڵەت دەمێنێ.

پێدەچێ فەرەنسا و ئیتاڵیا پشتگیریی دەوڵەتی کوردی بکەن؛ بەریتانیا دژ نابێ، بەڵام لە قسەی ئەمریکا دەرناچێت؛ رووسیا عێراقی لەدەستچووەو چارەنووسەکەی بەلاوە گرنگ نییە؛ چین پاساوێکی نییە بۆ دژبوون؛ پۆلۆنیا و نەمسا و سوید و رەنگە ئەڵمانیاش پاڵپشت دەبن، هەروەها کوێت و ئوردن و رەنگە تورکیا و هیتریش...

ئەمانە هەمووی مەزەندەن! بەڵام لە سەدیی هەرچەندی راست بێ شتێکی کەم نابێ؛ لەم باوەڕەدا نیم کۆسۆڤۆ ئەوەندە گەرەنتییەی هەبووبێت.



ئەمرۆ باشووری کوردستانی پێی ناوەتە قۆناغێکی تازەوە، قۆناغێکی دیکەی گەشەکردنی نەتەوەیی و ئابووری و سیاسی..

پێش ئەم رووداوانەی دوایی لە عێراق، هەرێمی کوردستان لە سۆنگەی ئەو تواناو هێزو ئاستی هوشیاریی نەتەوەیی و سیاسییەی، دینامیکیەتێکی بەهێزی بزاوت و گەشەو پەرەسەندنی لە زۆربەی بوارەکاندا بەدەستهێنابوو؛ پێگەو رۆڵ و چالاکییەکانی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی ناوخۆو نێودەوڵەتیش دیارو بەرچاو بوون.

کارکردن لەسەر کەرتی نەوت، کوردستانی پەڕاندەوە بۆ ئەم قۆناغە.. سەرکردایەتیی سیاسیی هەرێم ئەوپەڕی لێهاتوویی لەم بوارەدا نواند، ئەو «ریسکەش» لەوەوە هات کە سەرکردایەتیی کورد درکیکرد کە ئیتر فیدرالیزم لە عێراق هەرەسی هێنا؛ سەنترالیزم و فیدرالیزم لە وڵاتێکدا هەرگیز پێکەوە نابن.. نەوت پێگەو ستاتوسێکی شیاو و بەرزتری بە کوردستانی باشوور بەخشی، ئەوەش بە دەوری خۆی هێزو متمانە بەخۆی لە ناوەوە بەرهەمهێنا، لەوکاتەوەی نەوتی کوردستان بەرەو بازاڕی جیهانی بەڕێکەوت، بەبێ رەزامەندیی سەنتەر، فیدرالیزمی عێراق لەگۆڕنرا، کە هەرخۆیشی لە گیانەڵادا بوو.

ئەوەش یاسایەکی سروشتییە؛ ناکرێت تۆ خاوەن نەوت و سامان بیت، بەڵام نەتوانی بەبێ ئیزن دەستی بۆ بەریت.. لە ناوچەیەکی وەك رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەتایبەتیش لە عێراق، کە دەستوور و یاساکان حسێبێکیان بۆ ناکرێت و هەمیشە پێشێل دەکرێن، کورد و، هەر کەسێکی تریش، هەرگیز دڵنیا نابێت لە موڵك و سامان و تەنانەت ژیانی خۆیشی. بۆیە ئەم قۆناغەی ئێستا دەبێ ستاتووسێکی سیاسیی ئاست بەرزتری لەگەڵدا بێت بۆ کوردستان — قەوارەیەك تیایدا کورد دڵنیابێت لە گیان و ماڵ و سامانی خۆی.

هێرشەکەی داعش و سوننەکان و داگیرکردنی موسڵ و ناوچەکانی دیکەو هەرەسهێنانی سوپای عێراقیش گرنگیی ئاسایش و دڵنیایی ئێمەی زۆرباش سەلماند؛ هەر ئەوەش بوو کە مەسەلەی ستاتووسی کوردستانی بە ئاشکرا خستە

**تازە پێشمەرگە پاشەکشە ناکات، مانەوەی پێشمەرگە لە زۆربەی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم رەنگە سەربگرێت، بەڵام بۆ کەرکوک دەوڵەتانیش قسەیان دەبێت کشانەوە لە کەرکوک دەبێ بە مەرجی توند و زامینکەری نێودەوڵەتی بێ**

رۆژهەڤەوە. گرتنەوەی ناوچە دابڕێندراوەکانی کوردستان لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەوە، ئەو ماددەی ١٤٠ی کە هەرگیزاو هەرگیز جێبەجێ نەدەبوو، لەپاڵ بوون بە خاوەنی نەوتی خۆماڵی– چیتر تۆ بە عێراقەوە دەبەستێتەوە! ئەو عێراقەی کە دیار نییە چەندین دەیەی تری پێویستە تا تروسکایی دیموکراتیی تێدا بەدی بکرێت...

دەبێ ئاگاداری ئەم راستییەش بین کە ئەوەی ئەمڕۆ لە عێراق و سوریا روودەدەن، لە بنەڕەتدا، ململانێی نێوان دوو جەمسەری شیعە(ئێران) و سوننەیە(سعودیە) بەبێ رازیکردنێکی دیپلۆماسییانەی ئەم دوو وڵاتە، هیچ پرۆژەیەکی نەتەوەیی، ئایینی- مەزهەبی یان ئابووری، رەنگە، سەرنەگرێت.

هێزە عێراقییەکان، بەتایبەتیش حوکمڕانان، هەرگیز ئەم واقیعە نوێیەیان بۆ هەرس ناکرێت، کۆنترۆڵکردنی ناوچە دابڕێندراوەکانی کوردستان لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەوە؛ ئەمە ئاڵۆزی و ناکۆکیی توندو رەنگە پێکدادانیشی بەدوادا دێت.. بەڵام تازە پێشمەرگە پاشەکشە ناکات، مانەوەی پێشمەرگە لە زۆربەی ئەم ناوچانە رەنگە سەربگرێت، بەڵام بۆ کەرکوك دەوڵەتانیش قسەیان دەبێت کشانەوە لە کەرکوك دەبێ بە مەرجی توند و زامینکەری نێودەوڵەتی بێ.

لە هەلومەرجێکی گرژ و ئاڵۆزی لەم جۆرەدا، بەڕای ئێمە، سەرکردایەتیی کورد دوو رێگەچارەی لەبەردەم دایە:

راگەیاندنی دەوڵەت! ئەگەر هەموو ئەو ماوەیە پشتگیریی چەند دەوڵەتێکمان بەدەسهێنابێت، ئەوا نارەزایەتیی دەوڵەتانی ناوچەکە و رەنگە ئەمریکاشی بەدوادا دێت؛ ئێرانی لێدەرچێ، هەموو وڵاتانی دژ بە دەوڵەتی کوردی لەو باوەڕەدام کە تەنیا کاردانەوەی سیاسییان دەبێ؛ کەچی ئێران مەترسییە گەورەکەیە، هەرچەندەش ئازەربایجانی سۆڤیەتی لەسەر سنوورەکانی ئەو سەربەخۆیی راگەیاند و ئێران مێشێکی مێوان نەبوو.

ئەمڕۆ دەوڵەتی کوردی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا لە رۆژەڤ دایە و چیتر خەون و فیکرەیەکی نامۆ نییە؛ لە نێوخۆشدا، ئەوەش هەرە گرنگەکەیە، یەکڕایی لەسەر راگەیاندنی دەوڵەتی کوردی تەواو بەرجەستە بووە.. کەواتە ماوەتەوە بڕیارێکی چارەنووسساز.

**سەربەخۆیی بێ گرفت و ریسک و نەهامەتی نابێت، جارێ تاچەند تورکیا سەربەخۆییمان پێ رەوا دەبینێت؛ ئینجا کێشەکانی لەگەڵ کوردی باکوور؛ تاچەند ئامادەیە بەرەنگاری نارەزایییەکانی جیهانی سوننە ببێتەوە؛ هەروەها مەسەلەی کەرکوک و تورکمان؛ پێوەندییەکانی ئێمەو کوردانی باکوور چ فۆرمێک وەردەگرن**

راگەیاندنی دەوڵەتی کوردی گەیشتنە بە ئامانجێکی نەتەوەیی لەمێژینەی هەرە پیرۆز، بۆیەش بە قەدەر گەورەییەکەی ریسك و نەهامەتیی لەگەڵدا دەبن، بەڵام خۆ ئێمەی کورد راهاتووین!.. جیا لە هەموو جارانی پێشوو، ئەمجارەیان بە هوشیارییەوە و بە یەکڕاییەوە دەیکەین، قەدەر یان تێکەوتن نییە. ئەمجارەیان کورد پشکی خۆی دەخاتە سەر نەخشەی سیاسی و کیانی سیاسیی دەبێ..

ئەوەش بۆ هەتا هەتایێ! چونکە دەوڵەت دەمێنێ، تەنانەت ئەگەر هێزی دەرەکیش داگیری بکات – یەکێتی سۆڤیەت ئەفغانستانی داگیرکرد، دەوڵەتەکەی لەناو نەبرد؛ ئەمریکا ڤێتنام و عێراقی داگیرکردن، دەوڵەتەکانیان مانەوە.

پێدەچێ فەرەنسا و ئیتاڵیا پشتگیریی دەوڵەتی کوردی بکەن؛ بەریتانیا دژ نابێ، بەڵام لە قسەی ئەمریکا دەرناچێت؛ رووسیا عێراقی لەدەستچووەو چارەنووسەکەی بەلاوە گرنگ نییە؛ چین پاساوێکی نییە بۆ دژبوون؛ پۆلۆنیا و نەمسا و سوید و رەنگە ئەڵمانیاش پاڵپشت دەبن، هەروەها کوێت و ئوردن و رەنگە تورکیا و هیتریش...

ئەمانە هەمووی مەزەندەن! بەڵام لە سەدیی هەرچەندی راست بێ شتێکی کەم نابێ؛ لەم باوەڕەدا نیم کۆسۆڤۆ ئەوەندە گەرەنتییەی هەبووبێت.

بەشی زۆری شیعەی عێراق و هەندێکی سوننەش دژ نابن؛ خۆ ناوچە دابڕێندراوەکانی کوردستان نەبوانایە، کەس لاریی نەبوو لەسەر ئەوەی سێ پارێزگاکەی کوردستان دەوڵەت رابگەیەنن.

رێگەچارەی دووەم؛ دەوڵەتی کۆنفیدراڵییە.. ئەوەش بۆ ئەوەی کورد، لە حاڵەتی راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆ، وەکو تۆماس فرێدمان دەڵێ، نەبێت بە دورگەیەکی دەورەدراو بە ئاگر – ئەمە لە رەوشی ئێستای ناوچەکەدا گونجاترین هەڵبژاردەیە. بەڵام کۆنفیدراڵی لەگەڵ کێ؟ تاکە کاندیتی چاوەڕوانکراو بۆ کۆنفیدراڵی لەگەڵ کوردستان تورکیایە، ئەوەش هەرنەبێ لەبەر ئەو گرێبەستە نەوتییانەی لەگەڵیدا مۆرکراون و گوایە بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ – با ئەو ماوەیە لە یەکێتییەکی کۆنفیدراڵیدا بین و دەشی درێژبکرێتەوە. لەو باوەڕەداین کە تورکیا ئەم پرۆژەیە رەت ناکاتەوە، بگرە چاویشی تێبڕیوە و رەنگە بەگوێشیدا چرپاندبین. روون و ئاشکرایە کەرکوك و ویلایەتی موسڵ خەونی لەمێژینەی تورکیایە، ئێستاکە نەوتیشی هاتۆتەسەرو دواتر گازیشی دەبێ.. بۆیە رەنگە ئاوی لێ نەخواتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم هەڵبژاردەیە بێ گرفت و ریسك و نەهامەتی نابێ. جارێ تاچەند تورکیا سەربەخۆییمان پێ رەوا دەبینێت؛ ئینجاش کێشەکانی لەگەڵ کوردی باکوور؛ تاچەند ئامادەیە بەرەنگاری نارەزایییەکانی جیهانی سوننە ببێتەوە؛ هەروەها مەسەلەی کەرکوك و تورکمان؛ پێوەندییەکانی ئێمە و کوردانی باکوور چ فۆرمێك وەردەگرن و...

کەچی باشووری کوردستانی بەپەلە پێویستی بە پاراستنە لە ئاگرەکانی دەوروبەری.. ریسك لە هەموو هەڵویستێکدایە، تەنانەت هیچ نەکردنیش ریسکی خۆیی هەیە.



**نوری مالیکی لەماوەی چوار ساڵی رابردووی ٢٠١٠-٢٠١٤ توانی هەموو جومگەکانی دەوڵەت داگیر و کۆنترۆڵ بکات، بەڵام لەبەرامبەردا توانیشی عێراق کۆتایی پێ بهێنێت، کارەساتێك بەسەر ئەم وڵاتە بهێنێت کە بە هیچ شێوەیەك نەتوانرێت چارەسەر بکرێت، تەنانەت بەجۆرێك بارودۆخەکەی گەیاندۆتە لێواری هەڵدێر و مەترسی، کە مەرجەعیەتی باڵای شیعە بڕیارێك بدات کە ماوەی نزیکەی ١٠٠ ساڵە بڕیاری لەوجۆرەی نەداوە، ئەمەش مانای ئەوەیە سیاسەتە هەڵەکانی نوری مالیکی عێراقی خزاندۆتە ناو شەڕێکی تائیفی ئەوتۆ کە ماوەی ١٠٠ ساڵە عێراق بەو ئاستە بەخۆیەوەی نەبینیوە، لەمەش خراپتر، ئێستا نوری مالیکی و دارو دەستەکەی لە هەوڵی ئەوەدان پێوەندی دێرینەی نێوان کورد و شیعە بشێوێنن، دەیانەوێت فیتنەیەکی دیکە لەناو کورد و شیعە دروست بکەن، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم رەوشە مەترسیدارە ئەم وتووێژەمان لەگەڵ جومعە عەتوانی لە ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی عێراق کرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.**

### پەرلەمانتار جومعە عەتوانی لە ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی عێراق بۆ گوڵان:

# گوتاری سەرۆک مسعود بارزانی نەرم و ستراتیژیە و لای شیعە جێگەی رێزە

*** لە ئێستادا عێراق بە دۆخێکی مەترسیداردا گوزەر دەکات، ئەم دیمەنە چۆن دەخوێننەوە؟**

- بە دڵنیاییەوە لە ئێستادا عێراق بە قۆناغێکی مەترسیداردا تێپەڕ دەبێت، کە هەڕەشەیە بۆ سەر سەقامگیری و چارەنووس و سەروەریی وڵات، بۆیە دەبێ بە هۆشیارییەوە بڕوانینە ئەم دەرئەنجامانەی کە دواتر لەم مەترسییانەوە دەکەوێتەوە، دوا دیمەنی سیاسی کە هەموومان بینیمان فتوای مەرجەعیەتی ئایینی نەجەف بوو، تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و بەرگری کردن لە وڵات، ئەوەی مایەی هەڵوەستەیە لەوەتەی راپەڕینی گەل دژی بەریتانیای داگیرکار لە ساڵی ١٩١٧ نەمانبینیوە مەرجەعیەت هیچ فتوایەکی جیهادی لەم شێوەیە دەربکات، بۆیە پێویستە قەبارەی مەترسیی ئەو فتوایەی مەرجەعییە لەبەرچاو بگرین، ئەو مەرجەعییەتە لە کاتی تەقاندنەوەی مەزاری هەردوو ئیمامی عەسکەری هیچ فتوایەکی دەرنەکرد، هەوەها لە هێرشی داعش بۆ سەر

ئەنبار بە هەمان شێوە، بۆیە داگیرکردنی موسڵ کە دووەم گەورە شاری عێراقە لە رووی ژمارەو چڕیی دانیشتوانەوە لەلایەن هێزەکانی داعش و هەندێ لایەنی دیکە بەو ئاسانییە و بەم خێراییە هەروەها بە پشتیوانی کردنی وڵاتانی وەك سعودیەو قەتەر و دەوڵەتانی دیکە وێنەیەکی ترسناکی لە عێراق خستەڕوو، لەبەر ئەوە ئەمڕۆ ئێمەو هەموو رۆشنبیران و دامودەزگاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و سەرجەم لایەنە سیاسییەکان لەبەردەم تەحەددیاتی گەورەو مەترسیداردایین، تاکو بتوانین مەترسیی دابەشبوون و شەڕی ناوخۆ لە عێراقییەکان دووربخەینەوە.

ئێمەو هەموو رۆشنبیران و دامودەزگاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و سەرجەم لایەنە سیاسییەکان لەبەردەم تەحەددیاتی گەورەو مەترسیداردایین، تاکو بتوانین مەترسیی دابەشبوون و شەڕی ناوخۆ لە عێراقییەکان دووربخەینەوە

*** هەندێ کەس پێیانوایە پێوەندییەکانی کوردو شیعە وەك خۆی دەمێنێتەوە بە جیاوازیی پێوەندیی نێوان کورد و سوننە، رای جەنابتان لەسەر ئەوە چییە؟**

- پێوەندییەکانی نێوان کوردو شیعە زۆر کۆنە، ئەم پێوەندییانە لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی نییە، بەڵکو پێوەندیی خوێنە، کوردو شیعە هەردووکیان لە سەردەمی حوکمڕانیی بەعس و تەنانەت بەر لەو سەردەمەش قوربانی زۆریان داوەو مەینەتیی یەکجار گەورەیان چەشتووە، شیعە سەدان هەزار رۆڵەی لێ لەناوچووە بە هۆی ناسنامەی شیعەتییان، کوردیش بە هەمان شێوە لەبەر کوردبوونیان، کەواتە هەردوولا لەبەر ناسنامەی نەتەوەیی و ئینتیمایان ئەم باجەیان داوە، لەبەر ئەوە ئەگەر خاك یان مافت لەدەستدا، رەنگە قەرەبووبکرێتەوە، بەڵام لەدەستدانی ئەو هەموو قوربانی و خوێنە بە هیچ شێوەیەك قەرەبوو ناکرێتەوە، بۆیە ئەو پێوەندییانە هەمیشە بەردەوام دەبن، بەڵام ئەگەر بابەتییانە باس لەم لایەنە بکەین بۆمان دەردەکەوێت کە هەندێ لایەنی کورد بەداخەوە بە زمانێکی سەیرو بە دیدێکی تەسکی حزبایەتی مامەڵە دەکات لەسەر حیسابی بەرژەوەندیی باڵای عێراق و تەنانەت خودی لایەنەکە، بۆ نموونە هەتا لە کاتی داگیرکردنی شاری موسڵ، بەراشکاوی دەڵێم کاتێ گوێم لە هەڵوێستی پارتی دەبێت دەبینم جیاوازترە لە هەڵوێستی لایەنەکانی دیکە، بۆیە راوبۆچوون و گوتاری بەڕێز مسعود بارزانی زۆر جیاوازە لە بیروبۆچوونی لایەنەکانی دیکە، گوتاری مسعود بارزانی نەرم و ستراتیژیی و وازهێنانە لە هەندێ بەرژەوەندیی تەسك کە ئەمە مایەی رێزە، لە کاتێکدا لەلای هەندێ سیاسەتمەدارانی کورد زمانی گرژی و توندڕەوەی بە ئاشکرا دەردەکەوێت کە ئەمە بەهیچ شێوەیەك لەبەرژەوەندیی پێوەندییەکانی شیعەو کورددا نییە، ئەو تەحەددیاتانەی ئەمڕۆ رووبەڕووی عێراق دەبنەوە لەلایەن داعشییەکان و پاشماوەی بەعس ئامانجیان دووبەرەکیی تایفییە، ئەوان بە چاوی یاخی بوو و کوفر سەیری شیعە دەکەن لە هەمان کاتدا بە چاوی خیانەتکردن لە کورد دەڕوانن، بەعسییەکان کە لەگەڵ هەندێ لە سیاسەتمەدارانی سوننە دەستیان تێکەڵ کردووە لە پرۆژەیەکی عەرەبایەتی کە مەبەستیان کوشتنی رۆڵەکانی کوردو هاوکات رۆڵەکانی پێکهاتەی شیعەیە، بۆیە پێویست دەکات پارێزگاری لەم پێوەندییە ستراتیژییە بکەین، چونکە کاتێ بەعسییەکان و پاشماوەی گاردی کۆماری و پاسەوانی تایبەتی و بەکرێگیراوانی رێبازی نەقشبەندی یەکدەگرن دەیانەوێت لەکورد و لە شیعە بدەن، دەرئەنجام لەسەر کوردو شیعە پێویستە بەرامبەر ئەو پیلانە هۆشیاربن و وەفایان بۆ ئەو جۆگەلە خوێنە هەبێت کە لەبەر هەردوو لا رۆیشتووە.

ئەو تەحەددیاتانەی ئەمڕۆ رووبەڕووی عێراق دەبنەوە لەلایەن داعشییەکان و پاشماوەی بەعس ئامانجیان دووبەرەکیی تایفییە، ئەوان بە چاوی یاخی بوو و کوفر سەیری شیعە دەکەن لە هەمان کاتدا بە چاوی خیانەتکردن لە کورد دەڕوانن

*** ئەو حکومەتەی ئێستا کەموکوڕیی زۆری هەبوو لە رووی خزمەتگوزاریی و دابینکردنی ئاسایش و سەقامگیریی بۆ هاووڵاتیان، پێتوایە ئەو حکومەتەی داهاتوو هەمان ئەو حکومەتە بێت، یان پێویستە گۆڕانکاریی رووبدات تاکو بتوانێت ئەو خزمەتە بنەڕەتییانە بۆ هاووڵاتیان دابین بکات؟**

- زانایان و پسپۆران قسەیەکیان هەیە ئەویش ئەوەیە کە مرۆڤ هەرچەندە نەوە لە دوای نەوە بێت زیاتر پەرەدەسەنێت و لە رووی عەقڵەوە پێش دەکەوێت، بەڵام ئاژەڵ هەرچەند گۆڕانکاریی بەسەردا بێت هەروەك خۆی دەبێت، بۆیە پێویستە سوود لە ئەزموونی رابردوومان وەربگرین، ئێمە لە عێراق لە بواری ئەزموونی سیاسیمان ئەگەر سوود لە کەموکوڕیی پێشتر وەرنەگرین بێگومان ناتوانین لە رووی ئەزموونی سیاسی و ئاستی دابینکردنی خزمەتگوزارییەو پێش بکەوین، بۆیە ئەوەی دەیەوێت هەمان ئەزموونی ساڵی ٢٠١٠ کۆپی بکاتەوە، ئەوا ناتوانێت یەك هەنگاو بچێتە پێشەوە چ لە بواری پرۆسەی سیاسی یان خزمەتگوزاری، لەبەر ئەوە ئەگەر ئەمەمان کرد واتا لە ٢٠١٤ بۆ ٢٠١٨ هەمان ئەزموونی ٢٠١٠ مان دووبارەکردەوە، یەکەم هەنگاو پێویستە خاڵی لاوازی و کەموکورتییەکان دەست نیشان بکەین و دانی پێدابنێین، دواتر چارەسەری بکەین، چونکە هەمووومان لەو هەڵانە بەرپرسیارین، بۆ نموونە کاتێ پێکهاتەی کوردی یان شیعی یان سوننی دێت یەکێك بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران یان پۆستێکی دیکە دەست نیشان دەکات و ئەو تواناو لێهاتوویی و کارامەییەی تێدا نەبێت بێگومان شکست دێنێت، پێویستە بە ئاشکرا بڵێین کە هەندێ کێشە هەن کە یاسایان بۆ دەرنەچووە، بۆیە تەنیا بە یاسا چارەسەردەبن، لەسەرووی هەمووشیانەوە یاسای نەوت و غازە، کە رێژەیەکی زۆری کێشەکانی پێوەندیی نێوان حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستان پرسی نەوت و غازە.

ئەوەی دەیەوێت هەمان ئەزموونی ساڵی ٢٠١٠ کۆپی بکاتەوە، ئەوا ناتوانێت یەك هەنگاو بچێتە پێشەوە چ لە بواری پرۆسەی سیاسی یان خزمەتگوزاری

*** زۆر کەس بە ئارەزوو و بە بۆچوونی خۆی دەستوور لێکدەداتەوە، ئایا ئەمە تا چەند راستە؟**



- کاتێ وتیان کە کێشەی نەوت و غاز چارەسەر بکرێت، ئەمە پێویستە بە یاسا بکرێت، هەروەها هەندێ ناوچە کە بە ناوچەی کێشە لەسەرەکان ناسراون پێویستە چارەنووسیان دیاربکرێت و نەك هەروا بە هەڵپەسێردراوی بمێننەوە، بۆ نموونە ئێمە لە نێوان کەربەلاو ئەنبار کێشەی ئیداریمان هەیە، کە پێویستە چارەسەر بکرێت، ئەمڕۆ شتە بنەڕەتییەکان گرنگن گەلی کورد پێویستی بەوە نییە وەزارەتی تەندروستی یان دەرەوەی بدرێتێ، بەڵکو پرسی گرنگتر و چارەنووسساز هەیە، بە هەمان شێوە سوننەو شیعە، بازدان بەسەر شتە بنەڕەتییەکان ئەوەندە سوودی نابێت جا چ پێکهێنانی حکومەتی زۆرینە بێت یان حکومەتی شەراکەت و تەوافوقی نیشتمانی، گرنگ ئەوەیە لەم چوار ساڵەی داهاتوودا چ خزمەتێك بە هاووڵاتیان دەکەین.

*** ئەمریکییەکان بە راشکاوی دەڵێن پێویستە عێراق دابەش بکرێت بەسەر سێ هەرێمدا هەرێمی کوردی و شیعی و سوننی، هەروەها دەگوترێت لەوەتی داعش موسڵ و ئەنباری کۆنترۆڵ کردووە هیچ تەقینەوەیەك روونادات، کەواتە با بەغدا ناوەند بێت و دارایی لەوێ بێت و هەرێمەکانی دیکەش حوکمڕانی خۆیان بکەن، کێشە لەمەدا لە چیدایە؟**

- پێکهێنانی هەرێمەکان دابەشبوون نییە، بەڵکو مافێکی دەستوورییە، بەڵام ئەگەر مەسەلەکە دابەشبوون بێت، ئەوا گرفتێکی دیکە دێتە پێشەوە، ئایا هاووڵاتیانی سوننە قبوڵ دەکەن هەرێمێك لە موسڵ و ئەنبارو تکریت پێك بێت بەڵام کەرکوك و دیالەی تێدا نەبێت، ئەو پێکهاتە کۆمەڵایەتییە چەندین ساڵە بەردەوامە، هەروەها ئەگەر برایانی کوردمان لە سوننەکان جیاکردەوە ئەوا زۆرینەی شیعە دەمێنێتەوە، هەروەها کورد داوای جەلەولا و خانەقین دەکەن کە بە فەرمی بخرێتە سەر هەرێمی کوردستان، بۆیە چاکترین شێواز بریتییە لە ماددەی ١٤٠ی ناوچە ناکۆکەکان بە شێنەیی و لەسەرخۆ دەتوانرێت ئەو هەموو کێشانە چارەسەر بکرێن، سەبارەت بە هەرێمی کوردستان هیچ گرفتێك لە ئارادا نییە، بەڵام بۆ هەرێمی سوننەکان ئایا ئەوانە بۆچی داوای پێکهێنانی هەرێم دەکەن؟ ئایا بۆ ئەوەیە عیزەت دوری و یونس ئەلئەحمەدو بەعسییەکانی دیکە تەڕاتێنی تێدا بکەن؟ کە هەر ئەوانە بوون کوردیان لە هەڵەبجە قەتلوعام کردو گۆڕستانی بەکۆمەڵیان لە کورد دروستکرد، دەترسێین ئەو هەرێمە ببێتە مایەی هەڕەشە بۆ سەر هەرێمەکانی دیکە، بۆیە بیرکردنەوە بە بۆچوونی هاوبەش چاکترین چارەسەرە، بەڵام کاتێ ئەسیل نوجێفی دێت و دەڵێت رەفتاری داعش لە موسڵ لە رەفتاری سوپای عێراق باشترە، ئایا ئەمە بیرکردنەوەو رۆشنبیریی سیاسەتمەدارە، لە کاتێکدا هەموو دنیا دان بەوەدا دەنێت کە داعش تیرۆریستە، کاتێ هەرێمێك بکەوێتە ژێر دەستی ئوسامەو ئەسیل نوجێیفی گەرەنتی هەیە کە داعش و چەکداران ناحەوێننەوەو پەلاماری نوخەیب و کەربەلا نادەن؟ لەبەر ئەوە دانیشتن و لێکگەیشتن باشترین چارەسەر بۆ بەڕێوەبردنی عێراق، دەیڵێمەوە پێکهێنانی هەرێم مانای دابەشبوون نییە، بەڵکو مافێکی دەستووری و یاساییە، بەڵام ترس زیاتر لەوەیە کە رۆژێك بێت داوابکرێت دەوڵەتێکی کوردی و شیعی و سوننی لە عێراق پێك بێت!

**پێکهێنانی هەرێم مانای دابەشبوون نییە، بەڵکو مافێکی دەستووری و یاساییە، بەڵام ترس زیاتر لەوەیە کە رۆژێك بێت داوابکرێت دەوڵەتێکی کوردی و شیعی و سوننی لە عێراق پێك بێت!**



# کابینەی هەشتەم
# حکومەتێکی زیرەک

## لەبەردەم ئەرک و بەرپرسیاریەتی قۆناخێکی نوێدا

لەگەڵ ئەوەی پێکهێنانی کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ٢١ی ئەیلوولی ساڵی رابردووە و تێکڕای حزبە سیاسییە بەشدارەکانی نێو ئەم کابینە تازەیە لەسەر بنەمای بەرنامەو ئاکامی هەڵبژاردنەکانی رابردوو رێککەوتوون بۆ ئەوەی ئەم کابینەیە دابمەزرێت، بەڵام راگەیاندنی کابینەی هەشتەم نەك هەر لەگەڵ بارودۆخێکی نوێ، بەڵکو لەگەڵ قۆناخێکی نوێ مامەڵە دەکات، ئەمەش بەو مانایەی ئەو ژینگە سیاسییەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی لە ئەیلوولی ٢٠١٣ تێدا ئەنجامدرا، بە بەراورد لەگەڵ ئەو ژینگە سیاسییەی ئەم کابینەی تێدا راگەیەنرا، بە تەنیا هێمانین بۆ دوو بارودۆخی جیاواز، بەڵکو هێمان بۆ دوو قۆناخی جیاواز، لەمەش گرنگتر هەموو لایەنە سیاسییەکانی بەشداربووی ناو ئەم حکومەتە و رەهەندە گشتییەکانی بەرنامەی کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش ئاماژە بەوە دەکەن، بە هیچ جۆرێك بارودۆخی سیاسی ناگەڕێتەوە بۆ پێش رووداوەکانی ئەم دواییەی داگیرکردنی موسڵ و هەرەسهێنانی سوپای عێراق لەبەردەم چەکدارانی داعشدا.

کەواتە ئەگەر کابینەی پینجەم و شەشەم و حەوتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵیاندابێت لە چوارچێوەی عێراقێکی فیدرالی و دیموکراتی و ئەو دەسەڵاتانەی دەستووری عێراق بە هەرێمی کوردستانی بەخشیوە حکومڕانی بکەن، ئەوا کابینەی هەشتەم تەواو تەواو لە قۆناخێکی جیاوازدا بیر لەوە دەکاتەوە چۆن لەم ژینگە سیاسییە جیاوازەدا حکومڕانی بکات، دیاردە جیاوازەکانی ئەم قۆناخە نوێیە بریتین لە:

١. لە کابینەکانی پێشووی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، حکومەت پشتبەستوو بوو بە رێژەی ١٧٪ی بودجەی عێراق بۆ ئەوەی سیاسەتی ئابووری هەرێم دابڕێژێت، بەڵام ئەوە ماوەی ٦ مانگە هەرێمی کوردستان لە بەشە بودجەی عێراق بێ بەش کراوە.

٢. لە کابینەکانی پێشووی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێمی کورستان بارودۆخێکی جیاوازیان هەبوو راستەوخۆ لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ئیدارە نەدەکران، بەڵام لەم قۆناخە نوێیە ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان بوونەتەوە بە بەشێك لە ئیدارەی هەرێمی کوردستان.

٣. لە کابینەکانی پێشووی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هەوڵەکان بۆ ئەوەبوون کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان وەك بەشێك لە سیستمی بەرگری عێراق حساب بکرێت، بەڵام لەم قۆناخە نوێیەدا، سیستمی بەرگری عێراق لەبەر یەکهەڵوەشاوە و تەنانەت ناتوانێت بە تەواوەتی پارێزگاری لە شەش کیلۆمەترە چوارگۆشەکەی گرین زۆنی ناو بەغدا بکات.

٤. لە کابینەکانی پێشوودا هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر بەغدا لە رێگەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە بوو، بەڵام لەم بارودۆخە نوێیەدا، لەگەڵ ئەوەی خولی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کۆتایی هاتووە، بەڵام گۆڕانکاری بەسەر جوگرافیای نوێنەرایەتیکردنی خەڵکی عێراقدا هاتووە و ناتوانرێت بە ئاسانی پەرلەمانی تازە کۆبێتەوە، هەروەها زۆر زەحمەتە لەبەر رۆشنایی ئەم بارودۆخە تازەیە، نوێنەرایەتی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق قبوڵ بکرێت، بۆیە لەم حاڵەتەدا، کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ناتوانێت بۆ چارەسەری کێشەکانی بیر لە بەغدا بکاتەوە.

ئەمانە و چەندین خاڵی دیکە ئەو ژینگە سیاسییە تازەی قۆناخی ئێستا دیاری دەکەن کە حکومەتی کابینەی هەشتەم مامەڵەی راستەوخۆی لەگەڵدا دەکات، بۆیە لەم حاڵەتەدا ئەو تەحدایەی رووبەڕووی ئەم حکومەتە تازەیە دەبێتەوە سنووری ئایدیۆلۆژیەتی حزبایەتی و تەنانەت ناسنامەی نەتەوەیی و ئایینی خەڵکی کوردستان تێدەپەڕێنێت و پێویستی بە هەڵوێستێکی نیشتمانیانە هەیە کە هەموو حزبە سیاسییەکان و نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان پێکەوە رووبەڕووی ببنەوە.

### • وەرچەرخانی هێز
### لەبری دابەشکردنی دەسەڵاتەکان

یەکێك لە سیماکانی سەدەی بیست و یەکەم وەرچەرخانی هێزە لە دەوڵەتانی رۆژئاواوە بۆ دەوڵەتانی رۆژهەڵات بە تایبەتیش رۆژهەڵاتی ئاسیا، هەروەها وەرچەرخانی هێزە لە کاراکتەری دەوڵەتیەوە بۆ کاراکتەری غەیرە دەوڵەتی ئەمەش واتە گرووپ و رێکخراوەکان، سەرهەڵدانی ئەم دیاردەیەش لەبری حکومڕانی (لیبرال دیموکراتی یان حکومڕانی گلۆبالی)، شێوازێکی نوێی حکومڕانی هێناوەتە ئاراوە کە ئێستا بیرمەندان بە حکومڕانی زیرەك (intelligence governance) باسی لێوە دەکەن.

هۆکاری بیرکردنەوە لە حکومڕانی زیرەك بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، ئەو بنەما یاساییانەی لەسەدەی بیست حکومڕانی پێدەکرا، وەرچەرخانی هێز گۆڕانکاری بەسەردا هێناوە، بۆیە لەبەر رۆشنایی ئەو گۆڕانکارییانەی ئەم وەرچەرخانە هێناویەتە ئاراوە دەبێت بیر لە شێوازێکی دیکەی حکومڕانی بکرێتەوە، کە ئەویش حکومڕانی زیرەکە، ئەمەش واتە پێویستە لە حکومڕانی سەدەی بیست و یەکدا، حسابی ورد بۆ هەموو ئەو بیروبۆچوونانە بکرێت،

**ئەگەر ئەگەری ئێستا مامەڵەکردن بێت لەگەڵ ئەمری واقیع، ئەوا دەبێت کابینەی هەشتەم بەوجۆرە سەیری ئەمری واقیع بکات، بەوەی ئەو ئەمری واقیعە زەمەنێکی درێژ دەخایەنێت و پێویستە بۆ ئەو ماوەیە کە لانی کەم ٤-٥ ساڵە، وەک حکومەتی دەوڵەتێکی سەربەخۆ هەنگاو بۆ پێشەوە هەڵبگرێت**

**بۆ ئێستای عێراق دەستووری عێراق وەک دیکۆمێنتێکی سڕبوو وایە، بۆیە ناتوانرێت بەم دیکۆمێنتە سڕبووە هیچ هەنگاوێک بۆ پێشەوە هەڵبگیرێت، تەنیا ئەوەندە نەبێت لەم قۆناخە کورد دەتوانێت ماددە دەستوورییەکان وەک شەرعیەتێک بۆ هەنگاوەکانی بەرگری لەخۆکردن بەکار بهێنێت**

**چیدیکە عێراق وەک دەوڵەت ئەو مانایەی نەماوە کە بتوانێت سنورێک بۆ دەستێوەردانی نێودەوڵەتی دابنێت و سیاسەتی هەڵەی سەنترالی مالیکی وایکردووە، هەر لایەک بە بیانوویەک شەرعیەتی دەستێوەردان بۆ خۆی حەڵاڵ بکات**

**ئەو عێراقە نوێیەی کە ئومێدمان بوو لەسەر بنەمای دستووری عێراق و لە چوارچێوەی پرانسیپی دابەشکردنی دەسەڵاتەکان بێتە ئاراوە، ئێستا بە چاوی خۆمان دەبینین لەبری دابەشکردنی دەسەڵات وەرچەرخانی هێز تێدا روودەدات**

**ئەو تەحدایەی رووبەڕووی ئەم حکومەتە تازەیە دەبێتەوە سنوری ئایدیۆلۆژیەتی حزبایەتی و تەنانەت ناسنامەی نەتەوەیی و ئایینی خەڵکی کوردستان تێدەپەڕێنێت و پێویستی بە هەڵوێستێکی نیشتمانیانە هەیە کە هەموو حزبە سیاسییەکان و نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان پێکەوە رووبەڕووی ببنەوە**

**ئەگەر کابینەی پێنجەم و شەشەم و حەوتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵیاندابێت لە چوارچێوەی عێراقێکی فیدرالی و دیموکراتی و ئەو دەسەڵاتانەی دەستووری عێراق بە هەرێمی کوردستانی بەخشیوە حکومڕانی بکەن، ئەوا کابینەی هەشتەم تەواو تەواو لە قۆناخێکی جیاوازدا بیر لەوە دەکاتەوە چۆن لەم ژینگە سیاسییە جیاوازەدا حکومڕانی بکات**

کە وەرچەرخانی هێز لە جیهاندا دروستی کردووە.

لەم روانگەیەوە ئەگەر سەیری بارودۆخی ئێستای عێراق بکەین، راشکاوانە هەست دەکەین ئەو عێراقە نوێیەی کە ئومێدمان بوو لەسەر بنەمای دستووری عێراق و لە چوارچێوەی پرانسیپی دابەشکردنی دەسەڵاتەکان بێتە ئاراوە، ئێستا بە چاوی خۆمان دەبینین لەبری دابەشکردنی دەسەڵات وەرچەرخانی هێز تێدا روودەدات.

هەربۆیە ئەگەر دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا، دابەشکردنی دەسەڵات بووبێت لەنێوان حکومەتی فیدرالی و هەرێم و پارێزگاکان، ئەوا ئێستا بۆتە وەرچەرخانی هێز لە حکومەتێکی سەنترالییەوە بۆ هەرێم و پارێزگاکان، لەسەر ئاستێکی دیکە بۆتە وەرچەرخانی هێز لە حکومەتێکی سەنترالییەوە بۆ بەردەستی چەند گرووپێکی تیرۆریستی، ئەمەش واتە هەردوو جۆرە وەرچەرخانەکە روویداوە.

لێرەوە ئەگەر لەبەر رۆشنایی ئەم وەرچەرخانەی هێز سەیری ئێستای عێراق بکەین، ئەوا ئەم عێراقەی ئێستا ئەو عێراقەی ٢٠٠٥ نییە کە دەستووری عێراق وەك چوارچێوەیەك بە یەکگرتوویی دەیهێشتەوە، لەمەش زیاتر عێراقی ئێستا ئەو عێراقە نییە کە هەرێمی کوردستان لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە تێکەڵاوی بووەوە.

ئەوجا ئەگەر لەناو ئەم قۆناخە نوێیە راشکاوانە کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بخوێنینەوە، ئەوا ئەم کابینەیە کەوتۆتە ناو واقیعێکی تازە و ناتوانێت خۆی بە بەشێك لەو عێراقە بزانێت کە پرۆسەی وەرچەرخانی هێز جێگەی پرۆسەی دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی گرتبێتەوە، ناتوانێت خۆی بە بەشێك لەو عێراقە بزانێت کە وەرچەرخانی هێز لەبەر یەکی هەڵوەشاندۆتەوە و زەمینە بۆ شەڕێکی مەزهەبی خوێناوی نێوان شیعەو سوننە خۆش دەکات.

ئەوجا ئەگەر عێراق وەك دەوڵەت لەناو کۆی هاوکێشەی سیاسیی ناوچەکە بخوێنینەوە، ئەوا چیدیکە عێراق وەك دەوڵەت ئەو مانایەی نەماوە کە بتوانێت سنورێك بۆ دەستێوەردانی نێودەوڵەتی دابنێت و سیاسەتی هەڵەی سەنترالی مالیکی وایکردووە، هەر لایەك بە بیانوویەك شەرعیەتی دەستێوەردان بۆ خۆی حەڵاڵ بکات، لەسەرروو هەموو ئەمانەشەوە هەموو پێکەوە دوژمنێکی هاوبەشمان هەیە کە تیرۆریزمە، بەڵام دیسان سیاسەتی هەڵەی مالیکی رێگە نادات هاوپەیمانیەکی سیاسی بۆ رووبەڕووبوونەوەی تیرۆر دروست ببێت، ئەمەش واتە ئەم قۆناخە نوێیە فەرزی دەکات هەموو لایەك و لە ناویشیاندا بە تایبەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبەر رۆشنایی بەرژەوەندی باڵای گەلی کوردستان بە شێوەیەکی زیرەکانە و سەربەخۆیانە مامەڵە لەگەڵ ئەم قۆناخە نوێیە بکات، لەبەر ئەوەی هیچ بنەمایەکی دەستووری و یاسایی نەماوە کە بتوانێت وەك پاشخانێك بریاری لەسەر وەربگیرێت یان بۆ دروستکردنی بریاری سیاسیی پشتی پێ ببەسترێت. لێرەدا بەچەند خاڵێك ئاماژەی پێدەکەین:

١. بۆ ئێستای عێراق دەستووری عێراق وەك دیکۆمێنتێکی سڕبوو وایە، بۆیە ناتوانرێت بەم دیکۆمێنتە سڕبووە هیچ هەنگاوێك بۆ پێشەوە هەڵبگیرێت، تەنیا ئەوەندە نەبێت لەم قۆناخە کورد دەتوانێت ماددە دەستوورییەکان وەك شەرعیەتێك بۆ هەنگاوەکانی بەرگری لەخۆکردن بەکار بهێنێت.

٢. چارەسەرکردنی قەیرانی دارایی و ئابووریی دەرکەوت لەگەڵ بەغدا گەیشتۆتە بن بەست، راشکاوانەتر چارەسەرکردنی ئەم قەیرانەش لەبەردەم کابینەی هەشتەم پێویستی بە چارەسەرێکی جیاواز لەو شێوازە هەیە کە حکومەتی بەغدا دەیەوێت بەسەر هەرێمی کوردستاندا فەرزی بکات.

٣. مەسەلەی بودجەی پێشمەرگەش دیسان ناتوانرێت لە چوارچێوەی ئەو تەفسیرە چارەسەر بکرێت کە حکومەتی بەغدا دەیکات، بۆیە لەم قۆناخە نوێیە ئەوە ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، پرسی پێشمەرگە و بودجەکەی بە رێگەیەکی دیکە چارەسەر بکات.

٤. ئەم بارودۆخە تازەیە، پرسی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم و جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی بە شێوەیەکی دیکە چارەسەر کرد، دیارە ئەم چارەسەرە، چارەسەری ئەمری واقیعە و بە ئاسانی لەلایەن بەرامبەرەوە قبوڵ ناکرێت، بۆیە دەبێت چاوەڕێی ئەوەش بین لانی کەم بەغدا، گوشاری گەمارۆی ئابووری بڕینی بودجەش لەگەڵ ئەو ناوچانە دووبارە دەکاتەوە، ئەمەش حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بارودۆخێکی ئابووری تازە تاقیدەکاتەوە دەبێت کابینەی هەشتەم وەڵامی پێویستی بۆ ئەو بارودۆخە تازەیە پێبێت و ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان وەك بەشێك لە هەرێمی کوردستان ئیدارە بدات.

٥. ئاشکرایە حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و نەتەوەکانی دیکەی ناو ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان بەپێی دواپین هەڵبژاردنەکانی عێراق لە ٣٠ نیسانی رابردوو، نزیکەی نیوەی کورسیەکانی هەرسێ پارێزگای (هەولێر و سلێمانی و دهۆك) کورسیان لەپەرلەمانی عێراق بەدەست هێناوە، بۆیە کاتێك ئەم ناوچانە دەگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان، ئەوا دەبێت



بە هەمان ڕێژە نوێنەرایەتیان لە پەرلەمانی کوردستان هەبێت و بەهەمان ڕێژەش بەشداریان لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هەبێت، ئەمەش زەمینەیەکی وادێنێتە پێشەوە کە هەیکەلی حکومڕانی لە هەرێمی کوردستان بە شێوازێکی تازە بە هاوشانی قۆناخە نوێیەکە ڕێکبخرێتەوە.

**٦.** کابینەی هەشتەم جیاواز لەهەموو کابینەکانی دیکە، دەبێت زۆر بە جددی و زیرەکانە لەسەر هەموو ئەگەرەکانی بەردەمی کاربکات، لەوانەیە هەندێك ئەگەر بۆ کابینەکانی پێشتر ئەگەرێکی داخراوبووبن، بەڵام بۆ کابینەی هەشتەم هەموویان ئەگەری کراوە دەبن و دەبێت بۆ هەموو ئەگەرێك سیناریۆی خۆی هەبێت، تەنانەت ئەگەر ئەگەری ئێستا مامەڵەکردن بێت لەگەڵ ئەمری واقیع، ئەوا دەبێت کابینەی هەشتەم بەوجۆرە سەیری ئەمری واقیع بکات، بەوەی ئەو ئەمری واقیعە زەمەنێکی درێژ دەخایەنێت و پێویستە بۆ ئەو ماوەیە کە لانی کەم **٤-٥** ساڵە، وەك حکومەتی دەوڵەتێکی سەربەخۆ هەنگاو بۆ پێشەوە هەڵبگرێت.

**٧.** ئەگەر بۆ کابینەکانی پێشتر سیاسەتی دەرەوە یان پێوەندی نێودەوڵەتی، سیاسەتێکی دیاریکراو و حەسری بوویێت بۆ حکومەتی فیدرالی، ئەوا ئێستا حکومەتی فیدرالی بە کردەیی بوونی نییە، بۆیە سیاسەتی دەرەوە و پێوەندی هەرێمی و نێودەوڵەتی چیتر پرسێکی حەسری نابن بە بەغدا، بەڵکو ئەمری واقیع فەرزی دەکات، هەرێمی کوردستان ڕاستەوخۆ پیادەی سیاسەتێکی دەرەوەی واقیعی بکات و درێژە بە پێوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتیەکانی بدات لە چوارچێوەی بەرژەوەندی هاوبەشدا.


**• یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی بۆ بڕیاری چارەنووسساز**

ئەگەر هەتا ئێستا بڕیاری چارەنووسسازمان بە ریفراندۆم و دەنگدان بۆ سەربەخۆیی کوردستان سەیر کردبێت، ئەوا لە ئێستادا کە بە ئەمری واقیع باشووری کوردستان بۆتە دەوڵەتی ئەمری واقیع، ئەوا هەر بڕیارێك بۆ پاراستنی ئەم واقیعەی ئێستا، بە بڕیاری چارەنووسساز لە قەڵەم دەدرێت، بۆیە ئەم قۆناخە فەرزی دەکات، کە کۆکردنەوەی تواناکان بۆ یەکڕیزی و یەك هەڵوێستی هەموو کوردستان، دەکەوێتە سەرووی هەموو بۆچوون و ئایدیۆلۆژیەتی حزبایەتی، ئەولەویەت دەگۆڕێت بۆ پاراستنی کوردستان بۆ ئەوەی لەم کوردستانەدا بۆچوونە جیاوازەکان بتوانن بنەماکانی دیموکراتی زیاتر پتەو بکەن و باشتر ڕەگ دابکوتێت، هەموو ئەمانەش بەستراوەنەتەوە بە شێوازی حکومڕانیەکی زیرەك کە بتوانین ئەم قۆناخە بەسەرکەتوویی تێپەڕێنین.



# مافی بڕیاردانی چارەنووس

## چەمکی سیاسی و یاسایی و ڕەنگدانەوەی لە ماددەکانی دەستووری عێراقیدا



دکتۆر کەمال کەرکووکی*

تایبەت بۆ گوڵانی نوسیووە

پاش تەواوبوونی جەنگـــی یەکەمی جیهان و دوای ئەوەی بـــە زوڵم و نا عەدالەتی مامەڵە لەگەڵ کوردســـتان کرا و بەزۆر لکاندنی کوردســـتانی باشـــوور بە عێراقی عەرەبی، بەبۆچوونی دەوڵەتە زلهێزەکان کە بەو شێوەیە کورد بەختەوەر دەبێت، دوایی بینرا چی بەســـەر کور داهات، تا گەیشـــتە بەکارهێنانی کیمیاوی و ئەنفال و جینۆساید. پاش ڕووخانی ڕژێمـــی بەعس و دووبارە پێکهێنانـــی عێراقی تازە، ڕۆڵی دەوڵەتە زلهێـــزەکان کە دووبارە بوونـــەوەی ئەزموونی پاش جەنگـــی یەکەمی جیهانی، کە کورد بەوشـــێوەیە بەختەوەر دەبێـــت،دوای ئـــەوەی ئەمەش بـــە کـــردەوە دەرکەوت کە دوای زیاتر لە دە ســـاڵ لە بە سیاســـیکردن و خۆدزینەوە لەجێبەجێکـــردن و هێنانەدی ئەو مافە دەســـتووریانەی کە بە دەقنووس لە دەســـتووری عێراقی بۆ هەرێمی کوردستان هاتـــوون، و لەدوای شکســـتهێنانی ئەزموونی فیدراڵی لە عێراق،دوای هەموو ئەو خاڵانەی باســـمان کرد دەبێ ڕێگا لەبەردەم گەلی کوردســـتان خۆشـــبکرێت و دەرفەت بدرێتە گەلی کوردستان بۆ پیادەکردنی ڕۆڵ و مافی ڕەوای خۆی لە بڕیاردانی چارەنووسی لە ڕێگەی ئامرازی دیموکراسی و ئاشتییانەوە.

کاتێـــك چەمکی بڕیاردانی چارەنـــووس چەندین ڕەهەندی سیاسی و یاسایی لەخۆ دەگرێت کە پێویستە جێبەجێبکرێن، ئەو ڕەهەندانەش پێشکەوتن، لەگەڵ پێشکەوتن و گەشەسەندنی پێگەی یاسایی مافی بڕیاردانی چارەنووس لەچوارچێوەی ڕێککەوتـــن و بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتـــووەکان و بەپێی ئەزموونی گـــەل و نەتەوەکان لـــە بڕیاردانی چارەنووس و پێگەی سیاسی و شێوازی حوکمکردنیان، بەپێویستمان زانی لـــەم لێکۆڵینەوە کورتەدا، دیدگای مێژوویی و سیاســـی و یاسایی بۆ چەمکی مافی بڕیاردانی چارەنووس، هەروەها شیکردنەوەی یاسایی ورد بۆ ماددەکانی دەستووری عێراقی لەمبارەیەوە، بەمەبەستی پێشکەشکردنی ڕوونکردنەوەیەکی

یەکانگیـــر و ورد لەبـــارەی ئـــەم چەمکـــە لەجیاتی ئەو روونکردنەوە بە سیاسیکراوانەی لەم دواییانەدا لێرە و لەوێ دەردەچوون بەمەبەستی شێواندنی راستییەکان و لاوازکردنی ئاسۆی جێبەجێکردنی لەرووی دەستووری و یاساییەوە.

بەم شێوەیەش لێکۆڵینەوەکە ئەم خاڵانە دەگرێتە خۆ:

١. راســتی مافــی بڕیاردانــی چارەنــووس، مێژوو و جێبەجێکردن.

٢. پێناسەی یاســایی، رێککەوتن و بڕیارەکانی دەرچوو لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە.

٣. ئەزموونی نەتەوەکان لەجێبەجێکردنی ئەم چەمکە.

٤. هەندێك خاڵی کورت لەماددەکانی دەستووری عێراقی پەیوەســت بەم بابەتە و یاســاییبوونی ئەنجامدانی راپرسی لەهەرێمی کوردستان.

**• یەکەم: راســتی مافی بڕیاردانــی چارەنووس، مێژوو و جێبەجێکردن**

چەمکی مافی بڕیاردانی چارەنووس، بووە بەشێك لە هزری سیاســی بەرلەوەی ببێتە بەشێك لە فیقهی یاسایی، بەپێی ئەو هەموو شــۆڕش و جەنگە گەورانــە و بزووتنەوەکانی ئازادیخــواز کە لە چەندین شــوێنی جیـــا جیای جیهاندا روویانــدا. ئەم چەمکە وەکو کاردانەوەیەکی شۆڕشــگێڕی لەدژی چەمکی (مافــی خودایی – Divine Authorit) هاتەدی کە دەسەڵاتی لەمجۆرەی دەسەپاند لە چاخەکانی ناوەڕاســت و دەوڵەت و هاووڵاتیان دەبوونە موڵکی تایبەتی ئیمپراتۆر یاخود پاشــا بەچاودێری کڵێسا، ئەم دەسەڵاتەش بەهیچ شــێوەیەك ملکەچی هیچ یاسایەك نەدەبوو، بەڵکو حوکمڕان دەســەڵاتی شەرعی خۆی پیادە دکرد بەو پێیەی خــۆی خاوەنیانە بەهەموو موڵــك و داهاتەکانیانەوە، (جان بۆدان) بیرمەندی فەرەنسی کە لەبارەی چەمکی سیاسەتی دەوڵەتــەوە نوســیوویەتی، و ئەو دەســەڵاتە پاشــاییەی بەمشــێوەیە پێناسە کردووە، «دەســەڵاتێکی سیاسییە کە وابەستەی هیچ یاسایەك نییە». بەڵام لەگەڵ هاتنە ئارای شــۆڕش و رەوتی بەرەنگاربوونەوە بۆ رزگاربوون لەدەستی دەســەڵاتی دەوڵەتی کڵێســا، چەمکی «دەسەڵات»یش بە جێبەجێکردنی یاســاییەوە لە کۆمەڵگــەی نێودەوڵەتیدا پێشــەوەچوونی بەخۆیەوەبینی. دەسەڵات بووە موڵکی گەل و ئیرادەی گەل، ئەو دەسەڵاتەی گەل لە رێگای مافێکەوە بۆی چەسپاوە هیچ کەس و لایەنێك بۆی نییە دەستکاری ئــەو مافە بکات بــۆ بڕیاردانی شــێوازی ئەو حوکمەی دەیخوازێت، و ئەو دەوڵەتەی دەیەوێ وابەستەی بێت».

هزری هەریەك لە جاك لۆکی بەریتانی و جان جاك رۆسۆی فەرەنســی – کە خاوەنی ئیرادەی گشــتی و ســەروەری میللی- بوون، پێناسەی بژاردە و خەڵکی ئاسایی و نوخبەی بە پرەنســیپی مافی بڕیاردانی چارەنووس و دەوڵەتی تازە ناســاند. لە ٤ی تەمــوزی ١٧٧٦یــش دا بەیاننامەی ســەربەخۆیی ئەمریکا هات وەکو یەکەمیــن ئەزموون کە بیردۆزی بڕیاردانی چارەنووسی خستە واری جێبەجێکردنەوە و لەساڵی ١٧٩٨یش ئەم بیردۆزە لەئەورووپا چەسپێندرا.

دواتــر مافــی بڕیاردانــی چارەنووس بووە پرەنســیپێکی ســەرەکی، کە لەســەر ئەو بنەمایــە، حکومەتی چەندین دەوڵەتی ئەمریکای باشوور لەسەر ئەو بنەمایە سەربەخۆییان وەرگرت لەدەســتی هەردوو کۆلۆنیالیزمی پورتوگالی و ئیسپانی لەماوەی نێوان ١٨١٠ – ١٨٢٥ رزگاریان بوو لەو چوارچێوەیەشدا جیمس مۆنرۆی سەرۆکی ئەمریکا لەساڵی ١٨٢٣دا بەیاننامەیەکی دەرکــرد تیایدا باس لە بڕیاردانی چارەنووسی ئەو دەوڵەتانە کرابوو، هەروەها بەڵێنی پاڵپشتی فیکری و ئابووری و ســەربازی پێدان بۆ وەســتان لەدژی دەستێوەردانی ئەورووپی لەکاروباری ئەم وڵاتانە.

هــەردوو جەنگی جیهانی یەکەم و دووەمیش لەگەڵ ئەوەی کارەســاتی گەورەیان هێنایە ئاراوە وەکو دوو رووداوی زۆر گرنگی مێژوویش بۆ پێشخســتنی سیســتەمی سیاسی نێودەوڵەتی و دانانی شێوازی تازە بۆ مافی گەلان لەقەڵەم دەدرێن.

دوای کۆتاییهاتنی جەنگی یەکەمی جیهان، وودرۆ ویلسۆنی ســەرۆکی ئەمریکا (Woodrow Wilson)، دیکۆمێنتێکی لە١٤ خاڵ دەرکرد تیایدا دیدگای خۆی لەبارەی سیستەمی تازەی جیهانی ئەوکات چەسپاند، مافی گەلان لەبڕیاردانی چارەنووســیان، بنەمایەکــی گرنگــی ویلســۆن بوو کە لەکۆنگرەی ئاشــتی کۆمەڵەی گەلان پێشکەشیکرد، بەڵام کۆمەڵەی گەلان لەژێر هەژموونی فەرەنســا و بەریتانیادا، جیهانیــان بــۆ هەرێم و گەلــی ئەورووپی و نــا ئەورووپی دابەشــکرد و بەپێی ئەم پرەنســیپەش و بەپشت بەستن بە بنەماکانی ویلسۆن، لە کۆنگرەی ئاشتی ، گەلانی ئەورووپا سەربەخۆییان پێدرا، هەر لەم کاتەدا سیستەمی (ئینتیداب) یان، هێنایە ئاراوە (Mandate System) و لەماددەی ٢٢ لە دیکۆمێنتی کۆمەڵەی گەلان بۆ جێبەجێکردنی سەر هەرێمە نا ئەورووپاییەکان، کە لەژێر چاودێری و رێنمایی و حوکمی بەریتانی و فەرەنســی، بۆ ماوەیەکــی نادیار بمێننەوە، تا ئەو کاتەی بە شایســتەی ســەربەخۆیی لە قەڵەم بدرێن، لەماوەی دوای جەنگی دووەمی جیهانیش دەوڵەتی سۆڤێتی هاتەکایەوە، ئــەو دەوڵەتەش جێبەجێکردنی چەمکی مافی بڕیاردانی چارەنووســی بە چەمکی نەتــەوە و رزگاربوون لەکۆلۆنیالیزم بەستەوە.

دواتر جەنگی دووەمی جیهان هاتە ئاراوە و گۆڕانکارییەکی گەورە لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا هاتە کایەوە لەئەنجامی ئەو کاردانەوە نێگەتیڤە گەورانەی کە جەنگ بووە هۆکارییان. رۆزفیلتی سەرۆکی ئەوکاتی ئەمریکا و چەرچڵی سەرۆك وەزیرانــی ئەوکاتــی بەریتانیا لەســاڵی ١٩٤١، پەیمانی ئەتڵەســیان دەرکرد و تیایدا لەســەر ئــەوە رێککەوتن کە گۆڕانکاری هەرێمی لەدژی ویستی گەلان نەکەن و گەلان خۆیان لەهەڵبژاردنی شــێوازی حوکــم و حکومەتەکانیان سەرپشــك بن، دوای ئەو پەیمانەش جەنگ کۆتایی هات و نەتەوە یەکگرتووەکان دامەزرا، وەکو هەنگاوی سەرەکی کە وایکرد چەمکی مافی مرۆڤ ومافی گەلان جێگیر بێت و زیاتر پێشبکەوێت و لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیشدا پابەندی

**لەگەڵ هاتنە ئارای شۆڕش و رەوتی بەرەنگاربوونەوە بۆ رزگاربوون لەدەستی دەسەلاتی دەوڵەتی کڵێسا، چەمکی «دەسەلات»یش بە جێبەجێکردنی یاساییەوە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا پێشەوەچوونی بەخۆیەوەبینی. دەسەلات بووە موڵکی گەل و ئیرادەی گەل، ئەو دەسەلاتەی گەل لە رێگای مافێکەوە بۆی چەسپاوە هیچ کەس و لایەنێک بۆی نییە دەستکاری ئەو مافە بکات بۆ بڕیاردانی شێوازی ئەو حوکمەی دەیخوازێت**

بن، بەدەرکردنی یاســا و بڕیار و پەیماننامەی نێو نەتەوەیی کە دەبێت جێبەجێبکرێن.

**• دووەم: پێناسەی یاسایی، پەیماننامە و بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان**

دوای کۆنفرانســی سان فرانسیســکۆ لەساڵی ١٩٤٥ دا، و لەدوای جەنگی دووەمی جیهــان، نەتەوە یەکگرتووەکان چەمکــی مافی بڕیاردانی چارەنووســی گرتە ئەســتۆ. دەقنووســی لــە مــاددەی (١)ی بڕگــەی (٢) لە نێو ئامانــج و بنەماکانی نەتــەوە یەکگرتووەکانــدا، وەکو لە ماددەی(٥٥) لە بەشــی نۆیەمی تایبــەت بە هاوکاریی نێودەوڵەتی لەبــواری ئابووری و کۆمەڵایەتیدا. کۆمەڵەی گشــتی نەتەوە یەکگرتووەکان بەردەوام بوو لە دەرچوواندنی بڕیاری تایبەت بە تەئکید کردنی لە مافی چارەنووســی گەلان، هاوکات(پێگەی یاســایی) بڕیاردانی چارەنووسی گۆڕی لە (پرەنســیپ - Principle)، کردی بە (ماف — Right). جیاوازیش لێرەدا لــەوەدا دەبیندرێتەوە کە (ماف) جێبەجێکردنەکــەی ئیلزامیە، یاســای نێودەوڵەتیش مافی بڕیاردانــی چارەنووس بە مافێکــی جێگیر لەقەڵەمدەدات بەواتــای ئەوەی هێزی فەرمانکەرە. بەڵام (پرەنســیپ)، ئــازادای بە جێبەجێکــردن و رەتکردنــەوەی دەدات. بۆیە گۆڕینی پێگەی(مافی بڕیاردانــی چارەنووس) لەڕووی یاساییەوە وایکرد ببێتە یاسایەکی جیهانی.
(Universal Right)، وەکو یاسای (مافی مرۆڤ Universal Human Right -). بەواتــای ئــەوەی ئەگەر دەوڵەتان لە دەســتوورەکانی خۆیان بەشێوەیەکی روون باسیان لێوەکرد یان نا، ئەمە مافێکی شــەرعی، یاسایی، نێودەوڵەتییە، بۆ هەموو گەل و میللەتان بەبێ جیاوازیکردن لە چوارچێوەی پەیماننامەی نەتــەوە یەکگرتووەکان ئــەو پەیماننامانەی کە تایبــەت لەمبارەیەوە دەرچوونە. جگــە لەوەش، نەتەوە یەکگرتــووەکان بڕیارەکانی لەمبارەیەوە لە رووی شــەرعی و یاســاییەوە پێشخست و گەشــە پێکرد، کە بووە بەشێکی دانەبڕاو لە سیســتەمی مافی مرۆڤ (Human Right)، هەروەها بووە خاوەنی واتای تازە، بەوەی کە پەیماننامەکانی مافی مرۆڤ بوونە بنەمای یاسادانان بۆ یاسا نێودەوڵەتییە هاوچەرخەکان، لەبەر ئەوەش کە چەرخی تازە دابەشــبوونی زۆر لەدەوڵەتانی بەخــۆوە بینی، کە زۆرجار بوونەتە هۆی ئەنجامدانی تاوانی دڕندە و بگرە قەســابخانە و جەنگ لە دژی کەمینــە نەژادی و نەتەوەییــەکان کە لە بڕگەکانی دیکەدا زیاتر باسیان لێوە دەکەین.

**• پەیماننامە و بڕیارەکانــی نەتەوە یەکگرتووەکان لەبارەی مافی بڕیاردانی چارەنووس:**

پرســی بەیاســاییکردنی مافــی بڕیاردانــی چارەنووس لەکۆنفرانســی ســان فرانسیســکۆ کــە بەمەبەســتی دامەزراندنی نەتەوە یەکگرتووەکان بەســترا باسی لێوەکرا، لە(بڕگەی دووەمی) مــاددەی یەکەم- دەروازەی ئامانج و بنەماکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دا بەمشــێوەیە باسی لێوە دەکرێت: «پێشختنی پێوەندیە دۆستانەکان لەنێوان گەلاندا، لەســەر بنەمای رێزگرتن لەو پرەنســیپانەی دان بەمافی گەلاندا دەنێن، دەشــبێ هەریەکێك لەوان مافی بڕیاردانی چارەنووسیان هەبێت، هەروەها گرتنەبەری رێوشوێنی دیکە بۆ بەهێزکردنی ئاشتەوایی گشــتی»، لێرەشدا ئەوە بەدی دەکەین ئەو بڕگەیە دەستەواژەی(دەوڵەتان)ی بەکار نەهێنا، بەڵکو لەشــوێنی ئەوان دەســتەواژەی (نەتەوە و گەلان)ی بەکارهێنا، لەبەر ئــەوەی ئەو نەتەوە و گەلانە خۆیان بڕیار لە شــێوازی ئەو دەوڵەتە دەدەن کە دەیانەوێ لەژێر سێبەریدا بژین.

دواتر (مافــی بڕیاردانی چارەنــووس) جارێکی دیکە لە (ماددەی ٥٥) لە بەشــی نۆیەمی تایبەت بە هەماهەنگی نێودەوڵەتی لەڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە بەمشێوەیە باسی لێوەکرد: «ویستی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هێنانەدی ســەقامگیری و خۆشــگوزەرانی کە بۆ گرێدانی پێوەندی تەندروست و دۆســتانە زۆر پێویستن، دەشبێ لەسەر پرسی رێزگرتن لەو بنەمایەی باس لــە یەکلاییکردنەوەی مافی گەلان دەکات بەوەی کە هــەر یەکێکیان مافی بڕیاردانی چارەنووســی خــۆی هەبێــت و کاری پێبــکات، بونیاد بنرێت».

مــاددەی(٥٥) وەکو بنەمایــەك بۆ هێنانــەدی مەرجی سەقامگیری و خۆشگوزەرانی بۆ پێوەندی دۆستانەی نێوان نەتەوەکانی دیکە لەقەڵەمدرا. بەڵام دەوڵەتانی کۆلۆنیالیزم هەمیشــە لە رووبەڕووبوونەوە بوون لەگــەڵ رکابەرەکانیان لەبارەی شیکردنەوەی یاسایی وردی ئەم ماددەیە. و بەهۆی قووڵبوونەوەی قەیران لەمبارەیەوە، کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتــووەکان، لەبڕیاری ژمارە(٤٢١) لەســاڵی ١٩٥٠، داوای لە کۆمیتەی مافی مرۆڤ کرد راســپاردەی خۆی دابنێت لەبارەی ئەو رێگە و شــێوازانەی باوەڕیان بە مافی بڕیاردانی چارەنووس بۆ گەلان هەیە.

دواتر کۆمەڵەی گشــتی نەتەوە یەکگرتــووەکان لەبڕیاری ژمارە (٥٤٥) کە لەشــوباتی ســاڵی ١٩٥٢ دا دەرچووە، جەخت لەســەر هەبوونــی ماددەیەکی تایبــەت بە مافی بڕیاردانی چارەنووس دەکاتەوە لــە رێککەوتنی تایبەت بە مافی مەدەنی و سیاســی ، هەروەها رێککەوتنی تایبەت بەمافی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووری، ماددەیەکی تایبەتی بە بڕیاردانی چارەنووســی هەبێت. بەم هۆیەشەوە، لەکانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٥٢ بڕیاری ژمارە (٦٧٣)ی دەرکرد، کەبەپێی ئەم بڕیارە مافی بڕیاردانی چارەنووســی گەلانی وەکو مەرجێکی سەرەکی و گرنگ دانا بۆ وەرگرتنی هەمــوو مافەکانیان، بەوەی کە پێویســتە هەر ئەندامێکی نەتەوە یەکگرتووەکان مافی بڕیاردانی چارەنووس بپارێزێت و رێزی لێبگرێت.

دوای ئەو راپۆرتانەش کە کۆمیتەی مافی مرۆڤ لەڕێگەی ئەنجوومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی پێشکەشیکرد، لەساڵی ١٩٦٠ بڕیاری ژمارە (١٥١٤)ی تایبەت بەپێدانی سەربەخۆیی بۆ ئەو گــەل و نەتەوانە دەرکرد کە لەژێر کۆلۆنیالیســتی دابوون، ئەم بڕیــارەش تایبەتمەندی خۆی لەوەدا هەبوو کە

**رۆزفیلتی سەرۆکی ئەوکاتی ئەمریکا و چەرچڵی سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی بەریتانیا لەساڵی ١٩٤١، پەیمانی ئەتڵەسیان دەرکرد و تیایدا لەسەر ئەوە رێککەوتن کە گۆڕانکاری هەرێمی لەدژی ویستی گەلان نەکەن و گەلان خۆیان لەهەڵبژاردنی شێوازی حوکم و حکومەتەکانیان سەرپشک بن**

**بەپێی بڕیاری ژمارە (١٨٠٣) بۆ ساڵی ١٩٦٢، کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان مافی بڕیاردانی چارەنووسی بەمشێوەیە کردە یەکێک لەبنەماکانی «مافی گەلانە بەبێ هیچ مەرجێک مامەڵە لەگەڵ سامانە سرووشتییەکانیان بکەن، ئەمەش پێویستە بە مافێکی دەرچوو لە مافی گەلان لە بڕیاردانی چارەنووس دەربچێت**

بووە تەوەرێکی گرنگ و بنەمایەك بۆ هەموو بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بەتایبەتی ئەوان بەمافی بڕیاردانی چارەنووسەوە پەیوەستن، بەم دەقە: «مافی هەموو گەلانە بەبێ جیاوازی، بڕیار لەچارەنووسی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووری خۆیان بدەن، پێویستیشە هەنگاوی بەپەلە بۆ پێدانی سەربەخۆیی بنرێت بۆ گەلانی کە سەربەخۆییان بەدەست نەهێناوە، هیچ بیانوویێکیش بۆ دواخستنی ئەم مەسەلەیەش بەدینەکرێت، بەپێچەوانەوە ئەم پرسە دەبێتە هۆکارێك بۆ ئینکاریکردنی مافە سەرەکیەکانی مرۆڤ و لەدژی بنەمای نەتەوە یەکگرتووەکان دەوەستێت و ئاشتی و هاوکاری نێودەوڵەتی پەکدەخات.»

بەپێی بڕیاری ژمارە (١٨٠٣) بۆ ساڵی ١٩٦٢، کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان مافی بڕیاردانی چارەنووسی بەمشێوەیە کردە یەکێك لەبنەماکانی «مافی گەلانە بەبێ هیچ مەرجێك مامەڵە لەگەڵ سامانە سرووشتییەکانیان بکەن، ئەمەش پێویستە بە مافێکی دەرچوو لە مافی گەلان لە بڕیاردانی چارەنووس دەربچێت، هەروەها لە بڕیاردانی پێگەی سیاسی و دابینکردنی هۆکاری گەشەسەندنی ئابوورییان، بەمەرجی ئەوەی هیچ یەکێك لەو ئیلتزامانەی بۆ پێویستییەکانی هاوکاری ئابووری نێودەوڵەتی جیهانی رادەسپێردرێت، پێشێل نەکات، ئەو مەسەلەیەش بە سوودی هاوبەش و پرەنسیپی یاسای نێودەوڵەتییەوە پەیوەستە.»

ئەم بڕیارانەی باسیان لێوەکران لەوکاتەدا دەردەچوون کە وڵاتان هەوڵی ئەوەیان دەدا لەدەستی دەوڵەتانی کۆلۆنیالیزمی دەربچن، بۆیە نەتەوە یەکگرتووەکان دوای ئەم قۆناغە بڕیاری جێبەجێکردن و پیادەکردنی مافی بڕیاردانی چارەنووسی دا لە ڕێگەی دەرکردنی بڕیاری ژمارە (٢٢٠٠) بۆ ساڵی ١٩٦٦، کە دوو پەیماننامەی نێودەوڵەتی گرتەخۆ، یەکەمیان بە «مافی مەدەنی و سیاسی»، پەیوەست بوو، ئەوەی دیکەشیان پێوەندی بە «مافی ئابووری وکۆمەڵایەتیەوە»، هەبوو — ئەم دوو پەیماننامەیەش لەساڵی ١٩٧٦— کەوتنەکار.

ئەمەش بووە بەهێزکردنێکی یاسایی تەواو بۆ مافی بڕیاردانی چارەنووس بۆ هەموو گەلان، ئەمەش بووە یەکێك لە مافە سەرەکیەکانی مرۆڤ. ماددەی یەکەمی هەردوو پەیماننامەکەش یەك دەقی هاوبەشیان هەبوو کە دەیگوت: «هەموو گەلان مافی بڕیاردانی چارەنووسیان هەیە، بەپێی ئەو مافەش مافی بڕیاردانی پێگەی سیاسی خۆیان هەیە و لەوەش ئازادە کە سەرچاوەی گەشەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووری خۆیان دیاری بکەن».

دواتر کۆمەڵەی گشتی هەموو ئەو بڕیارانەی کۆکردەوە کە لەبارەی مافی بڕیاردانی چارەنووسەوە دەریکردبوون بۆ ئەوەی لەیەك بڕیاردا یەکیان بخات، لەمبارەیەوە بڕیاری ژمارە (٢٦٢٥) بو لە ساڵی ١٩٧٠ دەرچوو، کە لێدوانی تایبەتی لەبارەی پێوەندی دۆستانە و هەماهەنگی لەنێوان دەوڵەتانی تیادابوو بەپێی میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان، کۆمەڵەی گشتی دواتر بڕیاری ژمارە (٢٧٨٧) ی دووپاتکردەوە کە لە ١٢ کانوونی یەکەمی ١٩٧٢ دەرچووە کە باس لە (مافی گەلان لە بڕیاردانی چارەنووس و ئازادی و سەربەخۆیی دەکات، ئەمە جگە لە شەرعیبوونی سیستەمەکەی بەهەموو شێوازەکان کە لەگەڵ میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان بگونجێت، لەبڕیاری ژمارە (٣٩٧٠) ش کە لەساڵی ١٩٧٣دەرچووە، نەتەوە یەکگرتووەکان داوا لەهەموو ئەندامانی دەکات دان بە مافی گەلان بنێن بۆ بڕیاردانی چارەنووسیان لەگەڵ پێشکەشکردنی پاڵپشتی ماددی و مەعنەوی و هەموو جۆرە یارمەتیەك بۆ ئەو گەلانەی بۆ ئەم ئامانجە خەبات دەکەن.

بەم پێشکەوتنانەش کە لەدوای بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە هاتن و دوای ڕەفتارە نێودەوڵەتیەکان، مافی بڕیاردانی چارەنووس بە یاسا نێودەوڵەتیەکانەوە دەوڵەمەند بوو، کە ڕێککەوتنی ڤیەننا بۆ یاسای پەیماننەمەکان لەساڵی ١٩٦٩ دەرچووە، لەسەری دووپاتدەکاتەوە، لەبەر ئەوەی ئەم مافە سیفەتی یاسایی هەیە و بە یەکێك لەیاسا نێودەوڵەتیە گشتییەکان دادەندرێت، ئەوجا سەرچاوەکەی عورفی نێودەوڵەتی بێت یانیش ڕێککەوتنە نێودەوڵەتیە گشتییەکان، کە لە هەموو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا قبووڵی هەیە.

## • هەندێك ئاراستەی یاسایی لەشیکردنەوەی مافی بڕیاردانی چارەنووس

هەندێك لەوانەی لەدژی مافی بڕیاردانی چارەنووس دەوەستان، کە لە نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەرچووە، شیکردنەوەی تەسکی هاودژی مافی گەلان لە یەکسانی و ئازادبوون پێشکەشدەکەن، بەبیانووی ئەوەی ئەم مافە تەنیا بۆ ئەو دەوڵەتانەیە کە کۆلۆنیالیست بوون، ئەمەش لەگەڵ ڕەوتی پێشکەوتنی یاسای نێودەوڵەتی هاوچەرخ و جێبەجێکردنی یاسایی بۆ ئەم چەمکە لەلایەن زۆر لە گەل و نەتەوەکان مایەی قبووڵکردن نەبو ونییە. زۆر لە یاسازانانی یاسایی (فقهاء) وای دەبینن مافی بڕیاردانی چارەنووس، لە بڕگەی (٢)ی ماددەی یەکەمی نەتەوە یەکگرتووەکان لەگەڵ چەمکی یەکسانیدا ئاماژەی بۆ کراوە، «یەکسانی لەماف و بڕیاردانی چارەنووس»، بۆیە مومکین نییە لە کاتێك بگوترێت یەکسانی «مافێکی یاساییە»، بەڵام مافی بڕیاردانی چارەنووس یاسایی نییە!!.

زۆر لە یاسازانانی یاسای (فقهاء) نێودەوڵەتی لەدژی ئەو بیانووانە وەستان کە هەندێك لەدەوڵەتان بۆ جێبەجێکردنی مەرامی خۆیان هەندێك دەستەواژەی یاساییان بەکاردەهێنا، بەڵام فقهای یاسایی سەلماندیان کە بۆچوونەکانی ئەو لایانانە بنەمای یاسایی نییەو ، و نەمانی بنەما یاساییەکانیشیان سەلماند. ئەوەشیان دووپاتکردەوە کە بڕیاردانی چارەنووس لەڕێگەی بڕیار و جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانە لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیوە، و بووە مافێکی یاسایی مافی وڵات و گەلان ڕێکدەخات، هەروەها پابەندبوونی نێودەوڵەتیش دەسەپێنێت.

**زۆر لە یاسازانانی (فقهاء)ی یاسایی وای دەبینن مافی بڕیاردانی چارەنووس، لە بڕگەی (٢)ی ماددەی یەکەمی نەتەوە یەکگرتووەکان لەگەڵ چەمکی یەکسانیدا ئاماژەی بۆ کراوە، «یەکسانی لەماف و بڕیاردانی چارەنووس»، بۆیە مومکین نییە لە کاتێک بگوترێت یەکسانی «مافێکی یاساییە»، بەڵام مافی بڕیاردانی چارەنووس یاسایی نییە!**

**ئەگەر هەر گەلێک مافی لەلایەن ئەو حکومەتەی هەژموونی لەسەر هەیە سڵی لێکرایەوە و نکۆڵی لێکرا، ئەمە بە دوژمنکاری لەسەر ئەو حکومەتە دەژمێردرێت، و هەروەها دەبێتە پێشێلکاریەک بۆ پرەنسیپەکانی یاسای نێودەوڵەتی. ئەمەش وا لە نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دەکات، ڕێوشوێنی تایبەت بۆ کۆتاییهێنان بەم دوژمنداریە بگرێت**

بۆیە هەوڵی هەندێك كەس بۆ شـــێواندن و چەواشـــەكردنی مافـــی گەلان بـــۆ بڕیاردانی چارەنووســـیان بە ئیدیعای ئـــەوەی مافـــی بڕیاردانـــی چارەنووس دەبێـــە هۆكاری پاشـــاگەردانی و ململانێ لەنێوان گـــەل و نەتەوەكاندا لە چوارچێـــوەی بەكۆیلەكردنی گەلان و كەلەپچەكردنیان دێت بەهەندێك دەسەڵاتی ناشەرعییەوە. بۆیە ئێمەش وا دەبینین جێبەجێكردن و پیادەكردنی ئەم بیرۆكە شێواوە لەسەر گەلی كورد بە بێبەشـــكردنی لە مافی بڕیاردانی چارەنووســـی لەدوای جەنگی یەكەمی جیهان، بووە هۆی تووشـــبوونی بە چەندین سیاسەتی ستەمكارانە و خۆی لە دەربەدەركردن، و تەعریب، و بەكارهێنانی ئـــەو جۆرە چەكانە كە لەرووی یاسا نێودەوڵەتیەكانەوە قەدەغەكراون، وەكو غازی كیمیاوی، خۆی دیتەوە ئەمە جگە لە هەڵمەتەكانی ئەنفال و كوشتنی بەكۆمەڵ، لەو كاتەشـــدا بڕیاری وڵاتانـــی زلهێز لە پاش جەنگـــی یەكەمی جیهـــان لەكاتی كۆمەڵـــی گەلان، بۆ بێبەشـــكردنی گەلی كورد لەمافی خۆی و قوربانیدان بەم گەلە لە پێناوی بەرژەوەندی ئابـــووری دەوڵەتە زلهێزەكان خۆیـــان و رەچاو نەكردنی مافی ئـــەم گەلەو كاركردنیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان هۆكارێك بوو بۆ پاشـــاگەردانی و هەڵگیرسانی چەندین شەڕ و ململانێ، نەك بڕیاردانی مافی چارەنووسی ئەم گەلە بووە هۆكارێك بۆ ئەو بارودۆخەی كە ئەم هەموو كارەســـاتەی دروستكرد! و ئەگەر گەلان مافی خۆیان لەبڕیاردانی چارەنووسیان وەرگرتبێت، هیچ بیانووێك نابێت بۆ هەبوونی ئەگەری توندوتیژی و پاشاگەردانی.

لەكۆتاییشدا قۆناغی نەوەدەكان، جێبەجێكردن و پیادەكردنی ئەم مافەی لەگەڵ خۆیدا هێنا، لەگەڵ داننانی نێودەوڵەتی بەم مافە بەشێوەیەكی گەورەتر و قووڵتر، دوای لێكترازانی یەكێتی ســـۆڤییێت، كە وایكرد نەتـــەوە و نەژادە جیاوازەكان ســـەربەخۆییان رابگەیەنن، ئەســـتۆنیا ولاتڤیـــا ولیتوانیا سەربەخۆیی تەواویان راگەیاند، و یوگسلافیای پێشووش بۆ حەوت وڵات دابەشـــبوو: سربیا، كرواتیا، بۆسنە و هەرسك، مەقدونیا، سلوڤینیا، چیای رەش، و كۆسوفۆ.



## • شێوازە رێگەپێدراوەكان لەچوارچێوەی پیادەكردنی مافی بڕیاردانی چارەنووس:

هەردوو بیرۆكەی چوارەم و پێنجەم، لە پرەنسیپی پێنجەمی جاڕی بنەماكانی یاســـای نێودەوڵەتـــی لەبارەی پێوەندی دۆســـتانە و هەماهەنگی نێوان نەتەوەكان بەپێی میساقی نەتـــەوە یەكگرتووەكان ئەوە روون دەكەنـــەوە كە لەنێوان ئەو شـــێوازانەی لە چوارچێوەی پیادەكردنی مافی بڕیاردانی چارەنووس، ئەو سێ شێوازە رێگەیان پێدراوە:

١. پێكهێنانی دەوڵەتێكی سەربەخۆی خاوەن سەروەری.

٢. ئازادی جیابوونەوە بـــە ئارەزوومەندانە لە دەوڵەتێك یان یەكگرتنـــی ئارەزوومەندانـــە لەگـــەڵ دەوڵەتێكی دیكەی سەربەخۆ.

٣. گۆڕینی سیســـتەمی سیاسی بەشێوەیەكی ئازاد بەپێی ویستی گەلان.

بەڵام لەهەمانكاتیشـــدا، بڕگـــەی حەوتەمی هەمان بنەما رێگەی بەدەوڵەتان داوە بەرگری لەخۆیان و سەروەری خۆیان بكەن لەدژی دابەشـــبوون یانیش جیابوونەوە، بۆیە پێویست بەوە دەكات یەكسانییەك لە پیادەكرنی دوو بۆچوونی جیاواز لە بنەماكانی مافی بڕیاردانی چارەنووس.

بەڵام ئەم ناكۆكیە لە پەیماننامەی ڤیەننا لەساڵی ١٩٩٣ لە كۆنگرەی نەتەوە یەككگرتووەكان بۆ مافی مرۆڤ یەكلایی كرایـــەوە. بەو پێیەش چەمكی مافی بڕیاردانی چارەنووس دوای پەیماننامەی ڤیەننا و ئەم رێڕەوە درێژە لە پێشكەوتنی یاسایی و ئەزموونی دەوڵەتان بەمشێوەیە دەرچوو:

١. مافی هەڵوەشـــاندنەوەی دەوڵەت و گۆڕینی شێواز و سروشتی وەك ئەوەی لە یەكێتی سۆڤییێت و چیكۆسلۆڤاكیا روویدا.

٢. مافی كشانەوە و جیابوونەوە وەك ئەوەی لە بەنگلادیش و ئەریتریا روویدا.

٣. مافـــی ئۆتۆنۆمی بۆ چەنـــد گرووپێكی دیاریكراو و ناسراو لەسەر ئاستی هەرێمی وەك ئەوەی لە كۆنفیدراڵیزمی ئەتنی و زمانەوانییەوە باوە.

٤. مافـــی ئازادبوون لە كۆڵۆنیالیزمی دەرەكی وەك ئەوەی لە ئەفریاقیا و ئاسیا و كاریبیدا روویاندا.

٥. مافی پاراستنی ئیرادەی گەلانی سەربەخۆ بۆ گەلێك كە خـــاوەن هەرێمێكی تایبـــەت بەخۆیەتی وەك دوورگەی مایۆتی لەكۆمۆرۆس یانیش پۆرتۆریكۆ.

٦. مافی یەكخستنی وڵاتێكی دابەشكراو وەكو ئەڵمانیای جاران.

٧. مافی كەمینەكان و ئەو گرووپانەی بوونی سیاســـی و یاســـاییەكی گەورەیان هەیە بە داننان بەمافەكانیان وەكو ئـــەوەی لە دەقی ماددەی (٢٧) لـــە پەیماننامەی مافی سیاســـی و مەدەنی بـــۆ راگەیاندنی كۆمەڵەی گشـــتی لەساڵی ١٩٢٢ لەبارەی مافی ئەو كەسانەی بە نەتەوەیەك یان ئایینێك یانیش كەمینە و زمانێكەوە پەیوەستن.

٨. مافی چارەنووســـی نێوخۆیی لە ئازادی هەڵبژاردنی شـــێوازی فۆرمی حكومەت و بەشـــێوەیەكی روونتر، وەكو هاییتی.

## • نەتـــەوە یەكگرتـــووەكان و شـــێوازی پیادەكردنی مافی بڕیاردانی چارەنووس:

زۆرینـــەی ئەندامانـــی نەتەوە یەكگرتووەكان لەســـەر ئەوە رێككەوتـــوون كە پێویســـتە مافی بڕیاردانـــی چارەنووس بەشـــێوازی ئاشـــتیانە و دیموكراســـیانە پیادەبكرێت، وەكو هەڵبژاردنی گشتی و ریفراندۆم و هەر شێوازێكی دیكەی ئاشتیانە. ئەم شێوازانەش لەچوارچێوەی هەڵبژاردنی گشتی و ریفرانـــدۆم دەخولێنەوە، بەو پێیەی هەردووكیان شـــێوازی دەستووری و سرووشتین بۆ یاسادانان لەلایەكەوە، لەلایەكی دیكەشـــەوە لەیاســـای نێودەوڵەتیدا كۆدەنگی لەسەرە، كە بریتییـــە لە راوێژكـــردن بە گەلان لەبـــارەی ئارەزوویان بۆ بڕیاردانی چارەنووســـییان و ئەمەش كۆمەڵەی گشـــتی لەبڕیـــاری ژمارە (٦٣٧) دووپاتی لەســـەر دەكاتەوە كە لە كانوونی یەكەمی ١٩٥٢ دەرچووە و دەڵێت «ویستی گەلان



لەرێگەی هەڵبژاردنی گشتی یان هەر شێوازێکی دیکەی دیموکراسی دانپێدانراو دووپاتی لەسەر دەکرێتەوە، باشتریش وایە لەژێـــر سەرپەرشـــتی نەتەوە یەکگرتـــووەکان بێت»، کۆمیتـــەی مافی مرۆڤیش هەمـــان دەقی لەبڕگەی (٢) ی مـــاددەی (١) و ماددەی (٤٨)ی پرۆژەی رێککەوتنی مافی مرۆڤ، ریفراندۆم و دەنگدانی گشتیش لە هەر یەك لە ســـودان، و مۆریتانیا، و غینیا، و هیندســـتان و نێجیریا بەکار هات. دەقەکە دەڵێت: ئەگەر هەر گەلێك مافی لەلایەن ئەو حکومەتەی هەژموونی لەســـەر هەیە سڵی لێکرایەوە و نکۆڵی لێکرا، ئەمە بە دوژمنکاری لەســـەر ئەو حکومەتە دەژمێردرێت، و هەروەها دەبێتە پێشێلکاریەك بۆ پرەنسیپەکانی یاســـای نێودەوڵەتی. ئەمەش وا لە نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دەکات، رێوشوێنی تایبەت بـــۆ کۆتاییهێنان بـــەم دوژمنداریيە بگرێـــت و ئەگەر لەو مەسەلەیەدا جددی نەبوو، بارودۆخێکی پێچەوانەی میساق و بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی دێتەدی.

**• ســـێیەم: ئەزموونـــی دەوڵەتـــان بـــۆ جێبەجێکردنی ئەم چەمکە**

قۆناغی نەوەدەکانی ســـەدەی رابردوو، چەندین ریفراندۆمی بەخۆیەوە بینی کە ئەنجامیان ســـەربەخۆیی بوو لە دەوڵەتە ســـەرەکییەکەی ئەو گەلە بڕیاری ریفراندۆمی تیادا داوە، کیشـــوەری ئەوروپا چەندین ریفراندۆمی لەمجۆرەی بینی، ســـلۆڤینیا لەســـاڵی ١٩٩٠ دەنگیان بۆ ســـەربەخۆیی لە یۆگۆســـلافیای جاران دا و لەساڵی ١٩٩٠ دەوڵەتی خۆیان پێکهێنا ولەســـاڵی ١٩٩١ یش تەتارستان لەروسیا جیابووەوە و لەســـاڵی ١٩٩٠یـــش هاووڵاتیانی کرواتیـــا دەنگیان بە ســـەربەخۆیی دا و دەوڵەتی خۆیان راگەیاند و پاشـــتریش ماسادۆنیا ئەم هەنگاوەی نایەوە، دوای ئەوانیش جۆرجیا و ئۆکرانیا. پاشـــانیش بۆسنیەکان دەنگیان بە سەربەخۆیی لە یۆگۆسلافیا دا و دەوڵەتی خۆیان راگەیاند و لەساڵی ١٩٩٢ کۆماری (بۆسنا و هرسك)یان راگەیاند، لەساڵی ٢٠٠٦یش دا کۆماری مۆنتینێگرۆ(چیای رەش)، لە یۆگۆســـلافیا جیابووە و لەســـاڵی ٢٠٠٨یش کۆسۆڤۆ جیابووەوە لە هەمان چوارچێوەشـــدا چیکۆســـلۆڤاکیا بـــۆ دوو دەوڵەتی چیك وســـلۆڤاکیا دابەش بوون (کە دوو دەوڵەتی نەتەوەیین)، لە ئەفریقیـــاش ریفراندۆم وایکرد ئەریتریا لەســـاڵی ١٩٩٣ لە ئەسیۆپیا جیا ببێتەوە و باشووری سودانیش لە ساڵی ٢٠١١ لە سودان جیابووەوە و تەیمووری رۆژهەڵاتیش لە ١٩٩٩ لە ئەندونیسیا جیابووەوە.

لێرەشدا پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە بابەت هەن ریفراندۆم بۆ بڕیاردانی سەربەخۆیی ئەنجامدراوە، بەڵام سەربەخۆیی نەهێنایـــەدی، لەوانەش کانتۆنی کیوبیـــك لە کەنەدا و لە شـــوێنی تریش وەکو بیابانی رۆژئاوا لـــە مەغریب تاوەکو ئەمرۆ ریفراندۆم دواخراوە.

**• چـــوارەم: هەندێك خاڵی کورتکـــراوە لەبارەی ماددەکانی دەســـتووری عێراقی پەیوەســـت بەم بابەتە و یاساییبوونی ریفراندۆم**

سەرکەوتنی ئەزموونی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە پیادەکردنی مافی بڕیاردانی چارەنووس، ئاماژە بەوە دەدەن کە شێوازی پیادەکردنی ئەم مافە جیاوازی خۆی هەیە، بەڵام زۆربەیان لەچوارچێوەی ریفراندۆمی میللیە بۆ ئەوەی گەلان خۆیان بڕیاری چارەنووسیان بدەنەوە، چونکە ئەنجامدانی ئەم ریفراندۆمە یەکێکە لەو شێوازە دیموکراسی و ئاشتیخوازانەی نەتەوە یەکگرتووەکان پاڵپشتی دەکات.

تێگەیشتنێکی تەسک لەبارەی ئەنجامدانی ریفراندۆمەوە هەبوو، کاتێك خەڵکانێك وا تێگەیشتبوون کە ریفراندۆم دەبێ لەچوارچێوەی دەوڵەتێکی خاوەن سەروەریدا بکرێت، بەڵام ئەزموونە تازەکان ئەوەی سەلماند کە ئەم مەرجە هیچ بیانوویەکی یاسایی نییە، مافی بڕیاردانی چارەنووس پشت بەو بیرۆکەیە دەبەستێك کە «گەل خۆی سەرچاوەی دەسەڵاتە»، بەمشێوەیەش، ریفراندۆمەکانی مافی بڕیاردانی چارەنووس لەجیهانی ئەمڕۆدا لەو دەوڵەتانەدا جێبەجێ دەکرێت کە ناکۆکی و ململانێی نێوخۆیی تیادا هەبێت، کە وادەکات هەرێم لە ناوەند جیا ببێتەوە.

بۆیەش، لەزۆربەی ئەو حاڵەتانەی کە ریفراندۆم ئەنجامنەدراوە، لەبەر ئەوە بووە کە رێککەوتن لەگەڵ ئەو دەوڵەتەدا نەبووە کە لە زۆربەی ئەزموونەکان ئەو گەلەی ویستوویەتی ئازاد بژێت، تاك لایەن پەنای بردۆتە بەر ئەوەی ریفراندۆم بکات، بەبێ ئەوەی ماددەیەك لە دەستووری ئەو وڵاتە هەبووبێت دەربارەی ریفراندۆم. لە هەندێك شوێنیش لە دەستوورییان ماددەیەك هەبووە وەکو سوودان، بەڵام بوونی ماددەیەك شەرت نییە، چونکە گەلە بڕیار دەدات.

وەك زانـدراوە، گەلان بەهۆی سیاسەتی جیاکاری و ستەمکاری و پشتگوێخستن لەلایەن حکومەتی ئەو دەوڵەتانەوە، پەنا بۆ بڕیاردانی چارەنووسیان دەبەن، بۆیە لەزۆربەی ئەو ئەزموونانەدا دەبینین ریفراندۆم یەك لایەنە دەکرێت(لایەنی ئەو گەلەی کە خۆی دەیەوێ بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدات)، نموونەش لەمبارەیەوە زۆرن و لەیەکێتی سۆڤییەتی جاران و کۆسۆڤۆ رەنگدەدەنەوە.

پێش ئەوەی کە بچینە نێو ماددەکانی دەستووری عێراقیش، هەندێك سیمای سەرەکی هەن لە زۆربەی حاڵەتەکانی بڕیاردانی چارەنووسدا بەدیدەکرێن کە لە ماوەیەکی نزیك بەر لە ئێستادا کراون و لە لێکترازانی یەکێتی سۆڤییێتەوە هات تا گەیشتن بە ریفراندۆمی باشووری سوودان لە ساڵی ٢٠١١، لەوانەش:

١. ئەو ریفراندۆمە بۆی هەیە یەك لایەنانە بکرێت، بۆ نموونە لە ئەورووپا، لەهەموو ئەو دەوڵەتانەی سەربەخۆییان راگەیاند دوای لێکترازانی یەکێتی سۆڤییێت و ئەو حەوت دەوڵەتەی لە ئەنجامی لێکترازانی یۆگوسلافیا هاتنەدی و لە ئاسیاش لە تەیموری رۆژهەڵات و لە ئەفریقیا لە ئەریتیریا و دواتریش لە دوورگەکانی فۆکلاند کە لەنێوان ئەرژەنتین و بەریتانیا ناکۆکی لەسەر بوون و لە ١٠ی ئاداری ٢٠١٣ یەکلایی بووەوە.

٢. بۆی هەیە ئەم ریفراندۆمە لە رێککەوتنی نێوان حکومەتی مەرکەزی و ئەو گەلە بکرێت کە خوازیاری سەربەخۆییە، بەبوونی ماددەیەکی روون لە دەستوور وەکو باشووری سودان.

٣. ئەنجامدانی ریفراندۆم بە چاودێری یانیش هاوکاری لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان کە رەوایی تەواوی لەسەر خۆی و ئەنجامەکانی دەدات تەنانەت ئەگەر دەوڵەتی مەرکەزیش پێیەوە رازی نەبوو، وەکو تەیموری رۆژهەڵات.

**● گرنگترین ماددەی دەستووری عێراقی لەمبارەیەوە**

١. لە پێشەکیدا:

«ئێمەی گەلی عێراق بە سەرجەم پێکهاتەکانییەوە و بەتەواوی ویستی خۆمان بە ئازادانە و ئارەزوومەندانە بڕیاری یەکگرتنی ئارەزوومەندانەمان داوە».

کەواتە دەستووری عێراق، لەبنەڕەتدا لەسەر مافی پێکهاتەکانی گەلی عێراق دروستبووە لەبڕیاردانی چارەنووسیان و بڕیاری (ئازادانەیان) لەبارەی یەکگرتوویی لە دەوڵەتێکی فرەلایەن و دیموکراسی.

٢. دوایین رستەی پێشەکی:

« پابەندبوون بەم دەستوورەش یەکێتی ئازادانەی گەل و خاك و سەروەری عێراق دەپارێزێ..»

● ماددە(١):

«کۆماری عێراق دەوڵەتێکی فیدراڵی یەکگرتووی سەربەخۆی خاوەن سەروەریە، رژێمی حوکمڕانی تێیدا کۆماری نوێنەرایەتی (پەرلەمانی) دیموکراسیە، ئەم دەستوورەش یەکپارچەیی عێراق دەپارێزێت..»

لەم دوو دەقەشدا دەردەکەوێت کە:

١. یەکێتی فیدراڵی یانیش دەوڵەتی فیدراڵی: لە ژێر سێبەری یەکێتی فیدراڵیدا، یەکەکانی ئەم یەکگرتوویە لەیەك دەوڵەتدا بەپێی ئەم دەستوورە یەك دەگرنەوە، کە هەموو یەکە و ئەندام و نەتەوەکانی ئەم یەکبوونە لەسەری رازی بن، دەبێتە یاسای سەرەکی و یاسای بەرزی دەوڵەت و ئەوکە زامنی مانەوەی دەوڵەتە بەیەکگرتوویی. لە باسکردنێکی خێرای ئەم دەستوورەش ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە دوای زیاتر لەنۆ ساڵ لەجێبەجێکردنی، زۆر لە ماددە جەوهەریەکانی جێبەجێ نەکراون بەتایبەتی ئەو ماددانەی پەیوەستن بەو پرسانەی بە رێکخستنی پێوەندی لەگەڵ هەرێمی کوردستان و زامنکردنی مافی گەلەکی دانراون. بەڵکو حکومەت کاری بۆ ئەوە کرد کە پێشێلی بکات و بەپێی بەرژەوەندی تەسکی خۆی و بەشێوازی جیاجیا روونی بکاتەوە.

٢. عێراق دەوڵەتێکی واحد موحد نییە، دەوڵەتێکیش نییە یەك نەتەوە و یەك مێژوو و یەك خاکی هەبێ، بەڵکو عێراق دەوڵەتێکی اتحادییە و پێکهاتووە لە خاکی کوردستان و عەرەبستان، لە نەتەوەی کورد و عەرەب، زمانی عەرەبی و کوردی بەپێی دەستوور دوو زمانی فەرمین، بەو شێوەیە عێراق دەوڵەتێکی یەکگرتووە (اتحادی).

● ماددەی (٣):

عێراق وڵاتێکە لە نەتەوەو ئایین و ئایینزای جیاجیا پێکهاتووە، و ئەندامی دامەزرێنەر و کاریگەرە لە کۆمەڵەی

**گەلان بەهۆی سیاسەتی جیاکاری و ستەمکاری و پشتگوێخستن لەلایەن حکومەتی ئەو دەوڵەتانەوە، پەنا بۆ بڕیاردانی چارەنووسیان دەبەن، بۆیە لەزۆربەی ئەو ئەزموونانەدا دەبینین ریفراندۆم یەک لایەنە دەکرێت(لایەنی ئەو گەلەی کە خۆی دەیەوێ بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدات)**

وڵاتانی عەرەبی و پابەندە بە پەیماننامەکانی و بەشێکە لە جیهانی ئیسلامی.
لێرەدا دەستوور دانی بەوەدا نا کە عێراق (فرە نەتەوەیە)، یەك نەتەوەی تیادا نییە. داننانیش بە فرە نەتەوەیی واتای داننان بە تەواوی کەسایەتی مەعنەوی نەتەوە و مافی یاسایی دانپێدانراو لە ڕێککەوتنە نێودەوڵەتیەکان و بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەدات و لەوانەش مافی بڕیاردانی چارەنووس.

● ماددەی (٥):

«سەروەری بۆ یاسایە، گەلیش سەرچاوەی دەسەڵات و شەرعیبوونیەتی، کە بەهۆی دەنگدانی ڕاستەوخۆ و نهێنییەوە لە ڕێی دامودەزگا دەستووریەکانەوە ئەنجامی دەدات.»
لێرەدا دەستوور دان بەوەدا دەنێت کە سەروەری بۆ گەلە، نەوەکو بۆ دەسەڵاتی فیدراڵی کە بەپێی ئەو دەستوورەی گەل دەنگی بۆ دا کار دەکات. و مافی بڕیاردانی چارەنووس لەسەر ئەوە دامەزراوە کە گەل خۆی سەرچاوەی دەسەڵات و ڕەوایەتی ئەم دەسەڵاتەیە، کەواتە ئەنجامی هەر ریفراندۆمێك لەسەر ڕەوایەتی دەسەڵاتی گەل بونیاد دەنرێت بۆ هەڵبژاردن و بڕیاردانی چارەنووسی. دەستووریش لە پێشەکیدا دووپاتی لەسەر ئەوە کردووە کە «پابەندبوون بەم دەستوورەش یەکێتی ئازادانەی گەل و خاك و سەروەری عێراق دەپارێزێ»، بۆیەش کاتێك حکومەتی فیدراڵی پابەندی جێبەجێکردنی ئەم دەستوورە نابێت، مافی گەلە بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدات بەو شێوەیەی کەخۆی دەیەوێت و بۆی ڕێکدەکەوێ، لێرەشدا دەبێ ئاماژە بەوە بدەین کە پیادەکردنی مافی چارەنووسی گەلان یەکێکە لە بەهێزترین مافە یاساییە ڕەواکانی لەڕووی نێودەوڵەتیەوە، بەهیچ شێوەیەکیش بە دەستوورەوە پەیوەست نییە، بەڵکو یاسا و بڕیار و دیکۆمێنتە نێودەوڵەتیەکانی دەرچوو لە نەتەوە یەکگرتووەکان، پێویستە هەموولایەك پێیەوە پابەند بن.

● ماددەی (٤٦):

«جێبەجێکردنی هەریەکێک لەو ماف و ئازادیانەی لەم دەستوورەدا هاتووە نابێت سنووردار بکرێت یان دیاریبکرێت، تەنیا بە یاسا یان بە پشت بەستن بە یاسا نەبێت، بەمەرجێک ئەو سنوردار کردن و دیاریکردنە ناوەڕۆکی ماف و ئازادیەکان نەشێوێنێت.»
ناکرێ هەردوو چەمکی ماف و ئازادی لە نێو ماددەکانی دەستووردا تەسککبکرێنەوە، بەڵکو ئەم دوو چەمکە بەها و بنەمای باو و ناسراون لەسەر ئاستی جیهاندا و لەم چوارچێوەیەشدا مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت نەوەکو لەچوارچێوەی ماددەکانی دەستوور، و بەو پێیەش کە نەتەوە یەکگرتووەکان پێگەی یاسایی مافی بڕیاردانی چارەنووسی لە (پرەنسیپ principle)، بۆ (ماف right) گۆڕی، لێرەدا مافی بڕیاردانی چارەنووس دەبێتە بەشێك لە ئازادی و مافی مرۆڤی جیهانی، و دەچێتە چوارچێوەی چەمکی (جەوهەری ماف و ئازادی).

● ماددەی (١١٧):

«یەکەم: ئەم دەستوورە لە بەرواری پیادەکردنیەوە دان بە هەرێمی کوردستان و ئەو دەسەڵاتەی ئێستایدا دەهێنێت وەک هەرێمێکی فیدراڵی.»
لەو ماددەیدا ئەوە نەهاتووە کە هەرێم بەشێکە لەخاکی عێراق، بەڵکو دەستەواژەی (هەرێمێکی فیدراڵ) بەکار هاتووە، هەرێمی کوردستان کیانێکی تەواو بوو بەهەموو دەسەڵاتەکانی خۆیەوە و (بەئارەزووی خۆی و بەئازادانە)، و بەشێوەیەکی مەرجدار بەپێی دەستوور بڕیاری مانەوەی لەچوارچێوەی عێراق دا، هەرێم مافی پیادەکردنی دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکار و قەزاییشی هەیە، لەدەستووردا هیچ ماددەیەك نییە هاودژی پیادەکردنی مافی چارەنووسی گەلی کوردستان بێت بۆ بڕیاردانی چارەنووسی، بەهەندوەرگرتنی ئەوەی کە مافی ریفراندۆم و بڕیاردانی چارەنوس لەڕووی نێودەوڵەتیەوە ڕەوایی خۆی هەیە و پەیوەست نییە بەدەستووری عێراقەوە.

● **پوختە**

چەمکی مافی بڕیاردانی چارەنووس و پیادەکردنی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا زۆرن و هەمەچەشنن، دیکۆمێنتە نێودەوڵەتیەکانیش هێزیان پێداوە، بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانیش وەکو مافێکی یاسایی ڕەوا لەچوارچێوەی مافی مرۆڤی نێودەوڵەتی (Universal Right)، دەوڵەتانی بەجێبەجێکردنی پابەند کردووە و ماددەکانی دەستووری عێراقیش لەدژی ئەم مافە ناوەستن و هەرێمی کوردستانیش مافی خۆی هەیە دەسەڵاتی خۆی پیادە بکات، لەرێگەی جێبەجێکردنی دیموکراسیەتی ڕاستەوخۆ بە ئەنجامدانی ریفراندۆمی میللی گشتی، گەلی کوردستان بەم ڕێگەیە دەتوانێت مافی خۆی لەبڕیاردانی چارەنووسی بەکاربهێنێت و لەزوڵم و کۆچپێکردن و تەعریب و جینۆساید دەیپارێزێت.
پاش ئەو هەموو بەسەرهات و ئەو ڕۆڵە نایاسایی و ناعەدالەتییە و ئەم ڕووداوانە. ئایا کۆمەڵگەی دیموکراتی و مرۆڤدۆست لە دنیای ئێستادا، هەروەکو جاران نەهامەتی و کارەساتی گەلان دەکەنە قوربانی ئابووری خۆیان!

● ئایا کورد جارێکی تر چاوەڕوان دەبن کە وڵاتانی بەرژەوەندی پەرست بیانکەنە قوربانی ئابووری خۆیان؟

● ئایا سەربەخۆیی ئەوە ناهێنێت کە هەموو یەك بین و دونیا بزانێت کە بەم شێوەیە کورد نایەوێت بەردەوام بێت؟

**ئەنجامی هەر ریفراندۆمێک لەسەر ڕەوایەتی دەسەڵاتی گەل بونیاد دەنرێت بۆ هەڵبژاردن و بڕیاردانی چارەنووسی. دەستووریش لە پێشەکیدا دووپاتی لەسەر ئەوە کردووە کە «پابەندبوون بەم دەستوورەش یەکێتی ئازادانەی گەل و خاک و سەروەری عێراق دەپارێزێ»**

---

* بەرپرسی مەکتەبی پێوەندیەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی، سەرۆکی پێشووی پەرلەمانی کوردستان

---

سەرچاوەکان:

http://www.unpo.org/article/220
http://www.unpo.org/article/8023
http://www.law.cornell.edu/wex/self_determination_international_law
http://www.iwgia.org/human-rights/self-determination
http://opiniojuris.org/2014/03/10/ukraine-insta-symposium-crimea-ukraine-russia-self-determination-intervention-international-law/



عەلی باپیر ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان بۆ گوڵان:

# بە بەرپرسانی ئێرانیم وتووە ئەگەر دەتانەوێت بارودۆخەکە چارەسەر بێت داوا لەمالیکی و حکومەتەکەی بکەن دان بە هەڵەی خۆیاندا بنێن



**بارودۆخی ئێستای کوردستان جیا لە هەموو کاتێکی دیکە پێویستی بە یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی هەموو حزب و لایەنە سیاسییەکان و تەواوی نەتەوەو ئایینە جیاوازەکانی کوردستان هەیە، بارودۆخی ئێستا تەنیا رووبەڕووبوونەوەی کێشەیەك نییە، بەڵکو قۆناخێکی تازەیە و دەبێت کورد و کوردستانییەکان بە یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی بڕیاری چارەنووسسازی لەسەر بدەن و هەر ئەم بڕیارەش بەرەو ئەو ئاسۆیەمان دەبات کە سەدان ساڵە ئومێدی بۆ دەخوازین، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم رەوشە و چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم قۆناخە تازەیە، ئەم وتووێژە کورتەمان لەگەڵ بەڕێز عەلی باپیر ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی ئەنجامداو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** ئەم دۆخەی ئێستا عێراقی تێکەوتووە چۆنی دەبینیت؟**

- بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، لە راستیدا ئەوەی عێراق تێیکەوتووە بنەچەی نەخۆشییەك نییە، بەڵکو نیشانەی نەخۆشییەکەیە، وەك چۆن کەسێك کە سەرمای دەبێت و دەپژمێت و ئاو بە لوتیدا ناوەستێت و چاوەکانی سوور هەڵدەگەڕێن و دەکۆکێت، ئەم دەرکەوتانە ئەسڵی نەخۆشییەکە نییە، چونکە ئەوەی گرفتەکەی لێ پەیدا بووە سەرمابوونە، هاوشێوەی ئەمە بارودۆخێك لە عێراقدا کە ئێستا دەگوزەرێت دەرهاویشتەی ئەو عەقڵیەتەیە کە لەساڵانی رابردوودا لە بەغدا حاکم بووە، کە عێراقی تازە لەسەر بناغەی ئەو دەستوورەی دەنگی پێدراوەو پاشان لەسەر بنەمای پێکهاتن و پاشان لەسەر بناغەی ئەوەی عێراق ئیتیحادێکی فیدراڵی و ئارەزوومەندانەیە دارێژراوەتەوە، بەڵام شێوەی رەفتارکردنی حوکمڕانانی بەغدا ئەمەی تێدا نەخوێنراوەتەوە، زیاتر ئەوەی تێدا رەچاو کراوە کە حوکمی شەخسێکە یان حزبێکە، خۆ ئەگەر بڵێم حوکمی تایەفەیەکە زوڵم لە تایەفەکە دەکەم کە شیعەیە، چونکە زۆر لە شیعەکانیش ناڕازین لەو شێوازە ئیدارەدانەی عێراق کە لە هەشت ساڵی رابردوودا پێوەی بەڕێوەبراوە، ئەوەی لە عێراقدا ئێستا دەگوزەرێت دەرهاویشتەی ئەو عەقڵیەتەیە کە لە رابردوودا حوکمی کردووە، پێشموایە ئەگەر لە ریشەوە ئەم عەقڵیەتە نەگۆڕدرێت ئەم دۆخە هەروا دەمێنێتەوە ئەگەر ئەوەش بەسەر بچێت، کە لەلایەن چەند هێزێکەوە ئێستا موسڵ و چەند شارێك گیراوەو ئەو هێزانەش بشکێن دیسان ئەو دەرهاویشتانە لە بەرگ و شێوەی تردا خۆیان بەرجەستە دەکەنەوە..

*** ئەگەر هەر لەسەر ئەم بابەتە هەڵوەستە بکەین ئەم بارودۆخەی هاتۆتە پێشەوە دەرئەنجامی هەرەسهێنانی سوپای عێراقی بوو، ئەمەش بارودۆخی کوردستانی گۆڕی، پێشمەرگە چوونە پێشەوەو شتێك هاتۆتە پێشەوە لەوانەیە بە شێوەیەك لە شێوەکان کوردستانیش لەبەردەم هەڕەشەدا بێت، لەو رووەوە چۆن تەماشای دۆخی هەرێمی کوردستان دەکەیت؟**

- لە کۆبوونەوەی چەند رۆژی رابردووی جەنابی کاك مسعود بارزانی لەگەڵ لایەنە سیاسییەکاندا ئەگەرچی خۆم نەچووم، بەڵام بە نوێنەرایەتی خۆم بە بەڕێزان کاك عەبدولستار و مامۆستا یاسین-م وت سەلام و رێزی من بە جەنابی کاك مسعود بگەیەنن و پێی بڵێن فڵان کەس وتویەتی لە بەرانبەر هەرچی نرخێك بووبێت با کورد نەچێتە ناو ئەو شەڕەوە، لەو ئاڵۆزییەی هاتۆتە عێراقەوە دەستی ئێمەی تێدا نەبووەو نییە، با ئێمە نەبینە جەمسەرێك لەو شەڕ و کێشەیە، چونکە ئەوکات خەڵکی عێراق بە گشتی زیاتر زیانمەند دەبن بەلایەنی کەمەوە

**ئێستا هیچ شتێک وەک یەکدەنگی و یەکسەنگی و یەکڕەنگی خزمەت بەو میللەتەی ئێمە ناکات، چونکە دوژمن و ناحەز و هەڕەشەی زۆرمان لەسەر هەیە، ئەوەی پاش خوای پەروەردگار پشتی پێ ببەستین ئەو یەکدەنگی و یەکڕەنگیەی خۆمانە**

**ئێمە لەگەڵ ئەوەداین ئەو ناوچانەی کە بۆ سەر هەرێمی کوردستان گێڕدراونەتەوە، پێداگیرییان لەسەر بکەین و داکۆکییان لێ بکەین کە بە یەکجاری بگێڕدرێنەوە سەر سنووری هەرێمی کوردستان**

**ئەگەر بوترێت ئەم شێوازی حوکمڕانییە هەموو تایەفەی شیعە لێی بەرپرسیارە زوڵم دەرهەق بە شیعە دەکەین، بە پلەی یەکەم مالیکی وەک شەخسی خۆی بەرپرسیارە دواتر حزبەکەشی وەک حزب**

**بارودۆخێک لە عێراقدا کە ئێستا دەگوزەرێت دەرهاویشتەی ئەو عەقڵیەتەیە کە لە ساڵانی رابردوودا لە بەغدا حاکم بووە**

کە ئێستا خەڵكی بە شیعەو سوننەو هەمووانەوە کە لێیان دەقەومێت پەنایەکیان هەیە پەنای بۆ بەرن، ئەگەر ئێمە بچینە شەڕەکەوە ئێرەشمان لێ تێك دەچێت، لەسەر ئاستی عێراق زۆر زەرەر دەکەین و کوردیش زیاتر زەرەر دەکات، کوردستانیان باجی ئەو عەقڵیەتە حوکمڕانەی بەغدایان داوەتەوە، چۆن ئێستا کارێك بکەین کە بەرگری بێت لەو عەقڵیەتە، ئەو عەقڵیەتەی بەغدا باجی هەڵەکانی خۆی دەدات ئێمە بۆچی لە باجداندا شەریکی بین، نابێت هیچ فشارو گوشارێك بمانخاتە ژێر ئەو بارو ئەو کێشەیەوە.

دەکرێت ئێمە بەشێك بین لە چارەسەر، لێتان ناشارمەوە هەندێك بەرپرسی ئێرانی لێرە بوون، وتم ئەگەر دەویسترێت ئەوە چارەسەر بکرێت با نوری مالیکی و حکومەتی عێراق دانبنێن بە هەڵەکانی خۆیاندا کە بە تایبەت لە بەرانبەر سوننەی عەرەبدا کردویانە کە نەیانتوانیوە بەرگەی خۆپیشاندانی خەڵکەکەیان بگرن، دووەم با ئیعتوبار بگێڕدرێتەوە بۆ ئەو سەرکردە سوننە مەزهەبانەی کە بەهۆی نزیکیان لە حکومەتی ناوەندی مالیکیەوە لە نێو شەقامی خۆیاندا متمانەی خەڵکیان لە دەست داوە، داواشم لێکردن کە بە هیچ شێوەیەك با ئێران نەیەتە ناو ئەو شەڕەوە چونکە بە یەکجاری و ئاشکرا دەبێتە شەڕی تایەفی نێوان سوننەو شیعەو شتی خراپتر دەقەومێت، رەنگە خوێنێکی زۆر بڕێژرێت، رەنگە سەرەتاکەی بە دەست خۆت بێت چۆن بچیتە ناوی، بەڵام کۆتاییەکەی بە دەست خۆت نابێت چۆن لێی دەردەچیت.

ئەگەر بوترێت ئەم شێوازی حوکمڕانییە هەموو تایەفەی شیعە لێی بەرپرسیارە زوڵم دەرهەق بە شیعە دەکەین، بە پلەی یەکەم مالیکی وەك شەخسی خۆی بەرپرسیارە دواتر حزبەکەشی وەك حزب.

*** وەك جەنابت ئاگادار بیت ماوەی پێشوو لەسەر ئەم قەیرانە نێچیرڤان بارزانی و قوباد تاڵەبانی چوونە ئێران و لەگەڵ راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئێران کۆبوونەوە، لەسەر ئەو بابەتە هیچ ئاگادارییەکت هەیە؟**

- لەگەڵ باسیان کرد وتیان چوون بۆ ئێران هەندێ دڵم ترسا، ئێرانییەکان تەکلیف و داوایەکیان لێ بکەن کە بۆ کورد زۆر بە قورسیی بوەستێتەوە، لە وردەکاریی ئەو سەردانە ئاگادار نیم.

*** ئەمڕۆ پێشمەرگە لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان لە سەنگەردان بۆ رووبەڕووبوونەوەی داعش، پرسیارەکەم ئەوەیە ئەمڕۆ بەشێکی زۆر لە خاکی کوردستان لەلایەن کوردەوە گەڕاوەتەوە دەست هێزی پێشمەرگە بەمەرجێ ماوەیەکی زۆرە بە ئاشتیانە داوا دەکرێتەوە، ئایا بە بۆچوونی بەڕێزت چ دیدێکی نیشتمانیت لەم بارەیەوە هەیە بۆ پارێزگاری کردنی خەڵکانی ئەو ناوچانە؟**

- پێموایە ئەگەر لە رووی سیاسییەوە پێمان بکرێت ئێستا دەرفەتێکی باش هاتۆتە پێش تا ئەو حەقەی کە قۆرخ کرابوو لێمان چەندین ساڵە داوای دەکەین و کەس هاوکارمان نەبووە بۆ وەرگرتنەوەی، پێش هەمووانیش ئەمریکا رێگر بوو لە وەرگرتنەوەی ئەو هەقە زایەعبووە، ئێستا دەرفەتێکی باش لە ئارادایە و پێویستە هەموومان لەسەری یەکدەنگ و کۆدەنگ بین کە پارێزگاری لەم حەقە بکەین کە هاتۆتەوە دەستمان، بە مەرجێك دۆخی سیاسیش هاوکارمان بێت و ئێمەش رێنماییمان داوەتە پێشمەرگە دێرینەکانی خۆمان کە بۆ پارێزگاریلێکردنی وڵاتی خۆمان و دەسکەوتەکان و میللەتی ستەمدیدەمان ئامادەی هەموو فیداکارییەك بین و لەو رووەو بەیانی مەکتەب سیاسیمان روونە نەك وەك دژایەتیکردنی هیچ کەس و لایەنێك، بەڵکو وەك دڵسۆزی بۆ میللەت و وڵاتی خۆمان.

*** کەواتە ئێوە پشتیوانی لەو داواکارییەی جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەن کە تیایدا هاتووە تەنانەت پێشمەرگە خانەنشینکراوەکانیش پشتگیری لە مافەکانی خەڵکی کوردستان بکەن.**

- هەر وەك وتم ئێمە لەسەر هەموو شتێکی حەق پشتگیری دەکەین و جەنابی کاك مسعود کە سەرۆکی هەرێمی کوردستانە، پێش ئەو داوایەی سەرۆکی هەرێمیش تەوجیهم داوەتە مەکتەبی سیاسی خۆمان و پێشمەرگە دێرینەکانیشمان کە بەیانێکیان دەرکردو ئامادەییان دەربڕی کە ئێمە لەگەڵ ئەوەداین ئەو ناوچانەی کە بۆ سەر هەرێمی کوردستان گێڕدراونەتەوە، پێداگیرییان لەسەر بکەین و داکۆکییان لێ بکەین کە بە یەکجاری بگێڕدرێنەوە سەر سنووری هەرێمی کوردستان.

*** لە هەموو قەیرانێکدا بەڕێوەبردنی قەیرانەکە زۆر گرنگە، ئەمڕۆ ئیدراەدانی ئەم قەیرانە دەکەوێتە ئەستۆی حزبە کوردستانییەکان و بەڕێز مسعود بارزانی وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پێتانوایە بەڕێوەبردنی ئەم تەنگژەیەی ئێستا دەبێت چۆن بێت؟**

- بە پلەی یەکەم کاك مسعود بارزانی وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان و وەك باڵادەسترین دەسەڵاتی ئەم هەرێمە لە پرس و راو راوێژی بەردەوامدا بێت بە هەموو لایەك تا هەوڵ بدات هەموو لایەنە سیاسییەکان بگەیەنێتە حاڵەتێکی کۆدەنگی کە هەموومان یەکهەڵوێست بین، ئێستا هیچ شتێك وەك یەکدەنگی و یەکسەنگی و یەکڕەنگی خزمەت بەو میللەتەی ئێمە ناکات، چونکە دوژمن و ناحەز و هەڕەشەی زۆرمان لەسەر هەیە، ئەوەی پاش خوای پەروەردگار پشتی پێ ببەستین ئەو یەکدەنگی و یەکڕەنگیەی خۆمانە.

# دەوڵەتمەدار و بڕیاری قورس

## هەرێمی کوردستان و ساتەوەختی یەکلاکەرەوەی مێژوویی



د. شێرزاد نەجار

تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

ساتەوەختە مێژووییەکان، لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ساتەوەختانی یەکلاکەرەوەن، ئەو ساتانەش بۆ خۆیان زۆر نین، بەڵکو مەترسیداریشن و دەرئەنجامی گرنگیشیان لێ دەکەوێتەوە، لەم چرکەساتانەدا دەوڵەتمەداران رۆڵی سەرەکی و بنەڕەتی دەگێڕن بۆ هەڵبژاردنی ساتەوەختی وەرگرتنی بڕیارو بڕیاردان: کەی و چۆن و لە کوێ و بە چ شێوازێك دەوڵەتمەدار ئەو بڕیارانە بدات، یان لە هەندێ ساتەوەختی مێژووییدا بڕیاری یەکلاکەرەوە سەرتاپا ڕێڕەوی کاروانی مێژوو دەگۆڕێت، بۆیە وەرگرتنی بڕیار پێویستی بە (بوێری و ئازایەتی و عەقڵانیەت) هەیە، مێژوو شایەتحاڵی زۆر حاڵەتی بەزین و دۆڕان و زیانەکانە، ئەوانەش بەهۆی لێنەهاتوویی سەرکردەی دەوڵەتانێکەوە یان نەتەوەگەلێکەوە، تۆمارەکانی مێژوو تژییە بە جۆرەها پرسیار دەربارەیان: چوونە ناو جەنگێکەوە(ئیتر ئەو جەنگە سیاسی بێ یان سەربازی بێت) ئایا بۆ بەرژەوەندی نەتەوەیەکە یان بۆ شکۆی شەخسێکە.

لە کاتی بڕیاردانی یەکلاکەرەوەدا پێویستە لەسەر دەوڵەتمەدار پشتبەستوو بێت بە پیاوانی لێهاتوو، ئەگەر کەسانی نالێهاتوو دەورەی لێ بدەن، ئەوە بڕیارەکانی نادروستانە دەردەچوێنێت و بەرەو کارەسات پەلکێشی دەکەن، وەك مۆلێری شانۆنووسی فەرەنسایی لە شانۆگەرییە بەناوبانگەکەیدا بە ناوی (گەمبۆلان) باسی دەکات کە چۆن لە مەیدانی وەرگرتنی بڕیاردا ئەوانە دەبنە قورسایی بەسەر شانی دەوڵەتمەداران و خاوەن بڕیارەکانەوە، ئەو دەوڵەتمەدارەی ڕێگە بەخۆی بدات بکەوێتە ژێر فشار و گوشاری رای کەسانی ترەوە، ئیتر رای شارەزایان بێت یان رای گشتی بێت، بێ ئەوەی رۆڵی یەکلاخستنەوەی خۆی لە دروست کردنی بڕیاردا پێ بێت، ئیتر بەو شێوەیە لە گرنگترین ئەرکی خۆی غافڵ دەبێت، کە ئەوەش ئەرکی بڕیاردان و بەرپرسیارێتییە لە بەرانبەر بڕیارەکە، دەوڵەتمەدار هەمیشە لە دۆخی دەورووبەر دەپرسێتەوە: چ بارودۆخی ناوخۆیی بن یان بارودۆخی دەرەکی، لەم کنەوپشکنینەشیدا پشت دەبەستێت بە راپۆرتەکان و هەروەها بە هەستەکانی خۆی، ئەم شتانەش رایدەکێشنە سەر پێکهێنانی رایەك لە هەمبەر بارودۆخێك کە بەهەرحاڵ گوزارشت دەکات لە واقیعێك زەحمەتە بیگەینێ.

کاتێ دەوڵەتمەدار لە دۆخێکی وادا خۆی ببینێتەوە کە ئاڕاستەکانی راوبۆچوونەکانی پێ هەڵناسەنگێنرێت یان توانای نەبێت لەسەر هاوئاهەنگبوونی بابەتییانەی بەو ئاڕاستەی بیرکردنەوانەوە، ئەوکاتە بیرۆکەی فکرەکانی خۆی لەسەر بنچینەی هەست و سۆز دادەڕێژێتەوە، ئەگەر بێت و ئەو هەست و سۆزانەش لنگەوقووچ و هەڵەوگێرو چەوت بن، ئەو کاتە بڕیارەکانی دەوڵەتمەدار لەگەڵ دەرئەنجامێکی ناچاوەڕوانکراودا تامپۆن دەکات، ئاکام بڕیارەکانی ئەو دەوڵەتمەدارە ناچاوەڕوانکراو دەردەچن، بۆ نموونە هۆفەر لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تا ساڵی ١٩٢٩وەزیری بازرگانی بووە، بە بۆچوونی

هەستەکیانەی خۆیەوە لەوبڕوایەدا بووە کە گەشەسەندنی ئابووری دیاردەیەکی هەمیشەییە، کە هۆفەر بوو بە سەرۆکی ئەمریکا وای زەن دەکردو لەو بڕوایەدا مایەوە کە ئەو تەنگژە ئابوورییەی لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢٩ روویدا سەربەخۆیانەو خۆڕسکانە چارەسەر دەبێت، بەم ئاڕاستە بیرکردنەوەیەشی دوچاری وەهمێکی گەورە بووەوە کە تێچووی ئەم وەهمەشی بەوە کۆتایی هات جارێکی تر ڕێی پێ نەدرێت خۆی کاندید بکاتەوە، چونکە بووە هۆی نغرۆکردنی دەوڵەت لەناو کارەساتێکی ئابووری گەورەدا، لە کاتێکدا دەتوانرا لێکەوتەکانی ئەو کارەساتە کەمتر بوونایەوە ئەگەر بهاتایە بە شرۆڤەیەکی بابەتیانەی وردی دۆخەکەوە رووبەڕووی بوونایەتەوە، راڤەیەکی لنگەوقووچانە بۆ هەر بڕیارێکی دەوڵەتمەدار لە هەموو بارەکاندا دەبێتە هۆی ئەوەی هەموو ئەو کاریگەرییە نێگەتیڤانەی دەکەونەوە بگێڕێتەوە بۆ دیاردەی پیلانگێڕی، بزاڤی سەربەخۆیی لە وڵاتانی کۆلۆنیالیزەکراودا ئەوکات بە شێوەیەك لێکدەدرایەوە وەك ئەوەی پرۆژەی رێکخراو بن لەلایەن کەمینەکانەوەو لەولاوەش جەماوەر هەر ئەوە بە باشتر دەزانن کە ئینتیمایان بۆ دەوڵەتانی داگیرکەر هەبێت و هەر بزاوتێکی سەربەخۆیی هیچ نین جگە لە شتێکی دروستکراو نەبێت و بۆ چارەسەرکردنیشی تەنیا ئەوە بەسە کە چەند سەرکردەیەکی سەربەخۆخواز تیرۆربکرێت تا بەسەر بزاوتەکەدا زاڵ بن..

کۆمەڵگە کاریگەرێتی هەیە بەسەر دەوڵەتمەدارەوە، دیموکراتیەت پێناسەکەی هەرچییەك بێت پشت قایمە بە رای گەلەوە، بەڵام رای گشتی نە نوێنەرایەتی و نە هاوکوفە بە رای گەلەوە، دەوڵەتمەدار بە پێی بۆچوونی (جۆرج غالوب) لە بڕیارەکانیدا وا خۆی دەبینێتەوە کە کەوتۆتە ژێر کاریگەری رای گشتییەوە، بەڵام ئەو رای گشتییە غافڵە لەم حەقیقەتانە: زانیارییەکانی رای گشتی هەمیشە کەم و لاوازن، لە کاتێکدا دەوڵەتمەدار و حکومەتەکان لە ژێر رۆشنایی قەبارەیەکی زۆری زانیاریدا رەفتار دەنوێنن، تا بە شێوەیەك دەروازەیان بۆ بکاتەوە یان دووربینانە بڕیارە یەکلاکەرەوەکان بدەن. ئەو کاتیش رۆزفەلت لە هەڵوێستێکی هاوشێوەدا لە ساڵانی نێوان ١٩٣٩ـ ١٩٤٠کە رای گشتی ئەمریکا دژ بەوە بوون وڵاتەکەیان بکەوێتە ناو جەنگی دووەمی جیهانیەوە، بەڵام سەرۆك رۆزفلت دەیەویست ئەو جەنگە بکات لە رای گشتی چونکە زاناتر بوو هەروەها ئاگادارتر بوو لەو بارودۆخەی دەوروبەری کە دواتر چی دەقەومێت، لەوبڕوایەدا بوو کە هیچ چارەیەك نییەو ناچارە بچێتە جەنگەوە، چونکە ژیان و مانەوەو بوونی ئەمریکا لەبەر هەڕەشەدایە..

بەو شێوەیە پێویستە دەوڵەتمەدار جڵەوی کارەکان بەدەستەوە بگرێت و کاربکاتە سەر ئەو هێزانەی کە کاریگەرییان هەیە لە مەیدانی سیاسیدا و بە تایبەتی کاریگەرییان هەیە لەسەر رای گشتی و هێزی ئابووری و پارتە سیاسییەکان و هەمووشی لە پێناوی وەرگرتنی بڕیارەکاندا، بڕیاریش بە تایبەتی بڕیاری قورس پێویستی بە بژاردەیە، پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە ئایا دەوڵەتمەدار ئازادە لە بژاردەکانیدا یان هەموو شتێك پێشوەختە دیاریکراوە.

مرۆڤ بە گشتی و دەوڵەتمەدار بە تایبەتی کاتێ شتێك هەڵدەبژێرێت دەکەوێتە بەردەم چەند فاکتەرێك کە بژاردەکانی لێ تەسك دەبێتەوە، واتا لە هەڵبژاردنی بڕیاردا بە تەواوی ئازاد نییە، بەڵکو وابەستەو پابەندکراوە بە چەندین فاکتەرەوە، بەڵام وڵاتانی زلهێز بواری فراوانتر لەبەردەمیانە بۆ ئازادی بڕیاردان بەهۆی ئەو توانایانەی لە پێشیاندا فەراهەم کراوە، سەرەڕای ئەوەش دەزانن کە ئەو ئازادییە کۆتوبەند کراوە و سنووری هەیەو پێویستە رەچاوی ئەو کۆتوبەندە رەزاقورسانە بکرێت، بەڵام دەوڵەتانی تر ئازادی بژاردەکانیان زیاتر وابەستەیەو کۆتوبەندی زۆرتری پێوەیە لەچاو وڵاتانی زلهێزدا، بۆ نموونە سەرۆکی مەکسیك ناتوانێت بڕیار بدات لەسەر گەڕانەوەی تکساس لە ئەمریکاوە بۆ سەر وڵاتی خۆی، کەچی ناچارە لەسەر ئاستێکی باشی پێوەندی دیپلۆماسی لەگەڵ ئەمریکا بمێنێتەوە..

هەر دەوڵەتمەدارێك هەوڵ دەدات بۆ وەدیهێنانی ئامانجە گشتیەکانی کە بۆ خۆی دیاری کردون، ئەو ئامانجانەش پێویستە لە چوارچێوەی وەدیهاتنی بەرژەوەندی باڵای نیشتمانیدا بێت، لە بڕیاردانەکانیشدا پێویستە پابەند بێت بە بیرکردنەوە لەوەی ئەوانیدی چ کاردانەوەیەکیان دەبێت لەسەر ئەو بڕیارانە، هەر بڕیارێکی گرنگ چەند لایەکی سامناکی هەیە، بزانین ئەو سامناکی و مەترسیانە کامانەن:

دوو جۆر لە مەترسی هەن:

١ـ مەترسی ناوخۆیی: پێوەندی هەیە بە هەڵوێستی رای گشتی و رای پارتە سیاسییەکان و هەڵوێستی گرووپەکانی فشارەوە، پێویستە لەسەر دەوڵەتمەدار بە وردی و هەستەوەرانە ئەم هەڵوێستانە بە هەند وەربگرێت، چونکە بۆ ژیانی سیاسی کاریگەرییان هەیەو لەکاتێکدا ئەگەر پشتگوێ بخرێن سەقامگیری ناوخۆیی دەهەژێنن..

٢ـ مەترسی دەرەکی: ئەم مەترسیەش پێوەندیدارە بەوەی کە دەوڵەت لە کاتی وەرگرتنی بڕیارێکی گرنگدا دەکەوێتە بەر جۆرێك لە پەلاماری دوژمنانەوە بە مەبەستی تۆڵەسێنی کە لە هەندێ کاتدا دەگاتە ئاستی راگەیاندنی جەنگ کە تێیدا خوێنی خەڵکی دەڕێژرێت و وێرانەیی کۆمەڵایەتی و ئابووری لێ دەکەوێتەوەو لێرەشدا پێویستە زۆر بە وردی حیساب بۆ ئەو هۆکارە مەترسیدارەش بکرێت، کە پێوەندی بە بەرکەوتنی مەترسییەوە هەیە، هەموو کارەکەش پێویستی بەوەیە کە دەوڵەتمەدار ئامانجێکی بەرزی هەبێت..

لەم بارەیەوە هەڵوێستی دەوڵەتمەدار زۆر گرنگە چونکە رۆڵێکی بنەڕەتی و جەوهەریانە دەبینێت لە هەڵبژاردنی خواستە ئایدیالیەکان و پێویستە دەست بگرێت بە قەناعەتەکانیەوە..

**• لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر بارودۆخی عێراق دەخەینە پێش چاومان دەتوانین چی بڵێین؟**

تەنگژەی سیاسی لە عێراقدا وا ناسدەکرێت کە تەنگژەیەکە وڵاتەکە بەرەو ئاژاوەو ئاشووب و لێکهەڵوەشان و داڕمان دەبات،

**هەڵوێستی تەماشاچی لە سیاسەتدا بژاردەیەکە بە تەنیا هۆیەکەی ناگەڕێتەوە بۆ هێز یان بۆ ئەو دەوڵەتەی دەیەوێت وەک تەماشاچی بمێنێتەوە، بەڵکو هۆیە راستەقینەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخێکی دیفاکتۆ کە خۆی بەسەر ئەو هێزە سیاسییەدا دەسەپێنێت یان بەسەر ئەو دەوڵەتەدا کە هەڵوێستی خوازراوانەی تەماشاچی بۆ خۆی دیاریکردووە**

هەر خواستێکی ریفۆرمخوازی رەنگە دەرئەنجامی بەرچاوی لێ نەکەوێتەوە بەهۆی ئەوەی کە هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنیش لە خواستی ریفۆرم خۆیان بە بەهێزتر دادەنێن، بە تایبەتی توێژە دوورخراوەکانی پرۆسەی سیاسی کە فەرامۆش کراون، کەوتوونەتە تۆڵەسێنی، بەمەش دەسەڵاتی حوکمرانی عێراق لاوازبووە لەبەردەمیاندا و ریتمی ناهەوسەنگ بووەو توانای کۆنترۆڵ و جڵەوگرتنی لەدەست داوە، ئەم توێژە رازی نەبووەی کە هێزی بۆ رووبەڕووبوونەوە هەڵبژاردووە، ئێستا بووەتە هێزێکی کارتێکەری نوێ، لە بەرانبەریشدا دەسەڵاتی سیاسی حوکمڕان لە بەغدا بە پاڵپشتی فتوای مەرجەعی ئایینی تەعبیەی گشتی راگەیاندووە کە رەنگە وەرچەرخێت بۆ جەنگێك کە رژێمی ئێستای بەغدا ئێستا دەیخوازێت بکەوێتە جەنگێکی لەو شێوەیە، چونکە ئەم رژێمە نەیتوانیوە کۆسپ و تەگەرەکانی حوکمداری لە عێراق چارەسەر بکات، رژێم ئەوەی رادەگەیاند کە کار بۆ دەسەبەرکردنی دیموکراتیەت دەکات، بەڵام لە واقیعدا سەلماندی کە بە پێچەوانەی ئاراستەکانی دیموکراتیەتەوە هەنگاو دەنێت کە ئەویش ئاراستەگیری ستەم و زوڵمە، هێزی شتەکان رژێمی حوکمی لە بەغدا پەلکێشی ئەو ئاراستەیە کردووە بێ ئەوەی مەترسیەکان و ئەنجامەکانی لێکبداتەوە، تارمایی شەڕی ئەهلی لە دەرگاکانی دەسەڵاتی حوکمی داوەو کەچی گوێی بۆ هەڵنەخستووەو خۆی بۆ لە گێلی داوە، ئەمەش خاڵی سەرەکی مەترسیەکەیە کە هەموو شتێك بەرەو لێکهەڵوەشان دەچێت، هاوکاتیش هەموو شتەکان شێوەو قەبارەی نوێ وەردەگرن بەرەو داهاتوویەکی تر، ئەم بزاوتە جڵەوگیرە دووسەرەیە بە هێزێکی پتەوەوە گوزارشت لە واقیعی خۆی دەکات و بونیادی سیاسیانە تێکدەشکێنێت و خەیاڵ و فیکر فرێ دەداتە پشتەوەی سنووری کۆمەڵایەتی و سیاسی و بەرەو ئاسۆیەکی نوێ دەپەڕێتەوە، پێویستە بونیادنانی نوێ بەختەوەری و قەناعەت و رازی بوون لە هەناویدا هەڵبگرێت، واتا گواستنەوە بەرەو کۆمەڵگەیەکی تازەکار کە دەبێتە کۆمەڵگەیەکی مرۆیی کە بە هۆیەوە بەها ئەخلاقیەکان دەگونجێنێت بەو شتانەی واقیعی و سوودمەندن..

لەبەردەم واقیعێکی وادا چی پێویستە لەسەر هەرێمی کوردستانی عێراق دەسەبەری بکات: ئایا هەڵوێستی تەماشاچی هەبێت، یان پێویستە ببێتە یاریزانێك لەم داینامیکیەتە خێراو مەترسیدارانەی کە ئێستا هەن..

هەرێمی کوردستان وەك واقیعێکی دەستووری بەشێکە لە پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا، بەڵام رووبەڕووی فەرامۆشی و پەراوێزخستن و ئازاردان بۆتەوە، ئێستاش رووبەڕووی دەرئەنجامەکانی ئەو گۆڕانکارییە دراماتیکیانە دەبێتەوە کە روویانداوەو بەردەوامیش روودەدەن پاش هەرەسی سوپای عێراقی لە موسڵ و ناوچەکانی دیکە، ئەوەی تازەو گرنگ بێت وەك دەرئەنجامێك بۆ ئەو داڕووخان و هەرەسهێنانە بریتییە لە کشان و زیادبوونی دەسەڵاتی سیاسی و کارگێڕییانەی هەرێم بەرەو ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان..

کەواتە ئێستا دۆخێکی نوێ لە پێشەو پێویستی بە توانایەکی زۆری بەرگەگرتن و چاوەڕوانی و چاودێریکردن و بزاوت و عەقڵانیەتە..

هەڵبژاردن لە نێوان ئەوەی هەرێم تەماشاچی رووداوەکان بێت یان یاریزان، بژاردەیەکی هەستەوەرو یەکلاکەرەوەو وردبینیە لەگەڵ خۆیدا زۆر حاڵەتی مەترسیدارو هەڵوێستی قورسی پێویستە..

هەڵوێستی تەماشاچی لە سیاسەتدا بژاردەیەکە بە تەنیا هۆیەکەی ناگەڕێتەوە بۆ هێز یان بۆ ئەو دەوڵەتەی دەیەوێت وەك تەماشاچی بمێنێتەوە، بەڵکو هۆیە راستەقینەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخێکی دیفاکتۆ کە خۆی بەسەر ئەو هێزە سیاسییەدا دەسەپێنێت یان بەسەر ئەو دەوڵەتەدا کە هەڵوێستی خوازراوانەی تەماشاچی بۆ خۆی دیاریکردووە..

بەڵام هەڵوێستی ئارەزوومەندانە بەوە هەڵدەسەنگێنرێت و تەقدیر دەکرێت کە دەوڵەت یان هێزی سیاسی لەسەر بناغەی دەستنیشانکردنی بەرژەوەندی یان تواناکان لەسەر پێی خۆی بوەستێتەوە..

ئەم بارودۆخەی ئێستای عێراق هاوکات جێی بایەخی هەرێمیشە، چونکە بەشێکە لە عێراق، کەواتە هەڵوێستی تەماشاچی گونجاو نابێت بۆ هەرێمی کوردستان..

بۆ ئەمەش پێویستە لەسەر هەرێم و بە تایبەتیش لەسەر بەڕێز مسعود بارزانی بارودۆخەکە یەکلایی بکاتەوە، یان ئەوەتا ببێتە یاریزانێکی بنەڕەتی لەناو ئەم بزاوتە داینامیکیەتەی عێراق بە خۆیەوە دەیبینێت کە ئەوەش دەوەستێتە سەر هێز و قەبارەی بەپێی ئەم هۆکارانە:

١. تواناکان
٢. ویست و ئیرادە
٣. لێزانی و لێهاتوویی
٤. زانیاری
٥. هەڵوێستی هێزە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتیەکان

شرۆڤەو شیکارییەکی ورد بۆ ئەم هۆکارانەی سەرەوە، تەمومژەکان لا دەبات و روون دەبێتەوە تا چ ئاستێك هەرێمی کوردستان و شەخسی مسعود بارزانی دەتوانێت رۆڵێکی بنەڕەتی لەو بزووتنە خێراو بەردەوامەی بارودۆخە دراماتیکیەکەی عێراقدا ببینێت، بە هەند وەرگرتنی بەرژەوەندی باڵای هەرێمی کوردستان وەك بەشێك لە بەرژەوەندی باڵای عێراق کلیلی کردنەوەی ئەو رۆڵە یان ئەو بڕیارەیە کە لەم پێناوەدا دەدرێت و بە شێوەیەك رەنگدانەوەی بەرژەوەندییە باڵاکان بێت..

پەرەسەندنە داینامیکیەتە خێراو کتوپڕەکانی عێراق هەڵگری چەندین مەترسییە و پێویستە زۆر بە وریاییەوە مامەڵەی لە تەکدا بکرێت تا هەڵمژێنرێت و زیانەکانی کەم بکرێتەوەو ئەو پێگانەش دیاری بکرێن کە هەرێمی کوردستان دەتوانێت لێوەی بچێتە ژوورەوە تا ببێتە یاریزانێکی سەرەکی کە بە هۆیەوە کار بۆ پاراستنی دۆخی خۆی و خەڵکەکەی بکات.

**تەنگژەی سیاسی لە عێراقدا وا ناسدەکرێت کە تەنگژەیەکە وڵاتەکە بەرەو ئاژاوەو ئاشووب و لێکهەڵوەشان و دارمان دەبات، هەر خواستێکی ریفۆرمخوازی رەنگە دەرئەنجامی بەرچاوی لێ نەکەوێتەوە بەهۆی ئەوەی کە هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنیش لە خواستی ریفۆرم خۆیان بە بەهێزتر دادەنێن**

د. موحسین عەبدولحەمید بۆ (گوڵان):

# مسعود بارزانی بە هەمان شێوەی مەلا مستەفا داکۆکی لە مافە نەتەوەییەکانی کورد و ئایینی پیرۆزی ئیسلام دەکات





**ئێستا عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرەو کوێ هەنگاو هەڵدەگرن؟ لەم باردۆخە گۆڕاوەدا شڵەژاو و ناهاوسەنگەدا، هەموو پرسەکان گۆڕانکاری گەورەی بەسەردا هاتووە و لەم نێوەندەشدا پێگەی کورد چۆتە قۆناخێکی دیکە و هەموو بە ئومێدەوە سەیری ئاسۆیەکی گەش دەکەن، لەم قۆناخەدا هەموو هیوا و ئومێدەکان بەرەو ئەوە دەچن کە کوردستان هەنگاو بەرەو سەربەخۆیی هەڵبگرێت، بەڵام ئەم هەنگاوەش هەروا ئاسان نی یە و کۆمەڵێك تەحەدای ڕووبەڕوو دەبێتەوە، بەتایبەتی کە ئێستا بارودۆخی عێراق گەیشتۆتە ئەو ئاستەی دەرگای هەموو ئەگەرەکان بە کۆتایی عێراق و هەڵوەشانەوەی لە ئارادایە، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە ئاڵۆزە و ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ د.موحسین عەبدولحەمید بیرمەندی ئیسلامی کردوو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

**گوڵان:** بە شێوەیەکی گشتی بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرەو گێژاوێکی سەیر دەڕوات، هەموو دۆسیەکان تێکەڵاو بوون، بەڕێزتان وەك بیرمەندێکی ئیسلامی چۆن سەیری بارودۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەن، ئایا لەم هاوکێشە ئاڵۆزەدا ئایندەی عیراق بەرەو کوێ دەچێت؟

**د. موحسین عەبدولحەمید:** ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەو کاتەوە کە لە دەوڵەتی عوسمانی جیا بووەتەوەو وڵاتانی لە نێوانی بەریتانیا و فەرەنسا دابەش کراون، هەروەها پەیدا بوونی بزووتنەوەی زایۆنیزم و دامەزراندنی ئیسرائیل، ناوچەیەکی گڕگرتووە، سەرباری دۆزینەوەی نەوت، هاوکات لەگەڵ توند بوونی ململانێی نێوان نەتەوە و تایەفەکان و پەنا بردن بۆ یەکلایی کردنەوەی ململانێ بە زەبری کودەتای سەربازی و پارتگەلی شموولی و شۆڤینی، هەروەها نەبوونی دیموکراسی و ڕێز نەگرتن لە شکۆی مرۆڤ، ئەو هەموو ڕواڵەتە توند و تیژانە و ململانێی بەردەوام، ناوچەکەی بەرەو هەڵدێری هەزار بە هەزار و پەشێوی و ئاڵۆزی برد، کە تێیدا بەرژەوەندیی ناوخۆ و دەرەکی تێکەڵ بە یەك بوون.

جا بەم جۆرە ئەم ناوچەیە لە گێژەنی هەڵایسانی ململانێ و بەریەك کەوتندا دەبێت تا گەلانی ناوچەکە بە ڕێنمایی دانا و عەقڵانی خۆیان دەگەنە ئەو بڕوایەی، کە ئایندەی ئەوان لە دیموکراسییەکی دادپەروەر و ڕێکخستنی یەکگرتووی نیشتیمان پەروەر دایە، دوور لە ڕەگەزپەرستی و توندڕەوی، دوور لە تایەفەگەریی خەوشدار و دوور لە مەزهەبخوازییەکی توندڕەودایە.

بۆ بەدیهێنانی ئەمەش، کارکردن بەو ئاراستەیە پێویستی بە ئەرکی بێ پسانەوە و قوربانیی زۆر و سازشکردنی هەموو لایەنەکان هەیە، بۆ گەیشتن بە بەهای هاوبەش کە هەمووان کۆ بکاتەوە.

**گوڵان:** لەم قۆناغەدا بەڕێز مەسعود بارزانی هەموو هەوڵی بۆ ئەوەیە کە کێشەی کورد تێکەڵ بە کێشەی مەزهەبیی نێوان شیعە و سوننە نەبێت، ئایا بە بڕوای بەڕێزتان چۆن بەڕێز مەسعود بارزانی دەتوانێت لەم قۆناغەدا پرسی کورد لەم گێژاوە ڕزگار بکات و نەهێڵێت بکەوێتە نێو گێژاوی شەڕی ناوخۆی شیعە و سوننەوە؟

**د. موحسین عەبدولحەمید:** گەلی کورد لەم سەردەمی نوێیەدا بەرگەی زوڵم و ستەمی زۆری گرت، لە سەراپای خاکەکەی کە لە نێوانی چەندین لایەندا دابەش کراوە، نەمازە لە عیراقدا و لە سەردەمی

دەسەڵاتی دوور و درێژی بەعسدا. جێی داخە کە ئەو گەلە هێزێکی دڵسۆزی لە پشت نییە کە داکۆکی لە ماف و ئازادیی ئەو بکات، چونکە هەر لایەنە بەرژەوەندیی گۆڕاوی خۆی هەیە.

ئیدی لێرەوە دەبێ سەرکردەکانی کورد سیاسەتێکی حەکیمانەیان هەبێت بۆ ئەوەی بە پێی توانا پارێزگاری لە بەرژەوەندیی کورد بکەن. گەلی کورد هیچ بەرژەوەندییەکی لەوەدا نییە کە بچێتە نێو ململانێی تایەفیی نێوان سوننە و شیعەوە، چونکە ئەم ململانێیە بە هێزگەلی دەرەکیی دوور یان نزیکەوە گرێ دراوە، ئەوان گوێ نادەنە بەرژەوەندیی ئەم گەلە مەزڵوومەی کە بۆ خۆی چەندین کێشەی ناوخۆی هەیە و بۆ چارەسەر کردنیان پێویستی بە یەك هەڵوێستی هەیە، هەروەها راگرتنی هاوسەنگی لە پەیوەندیی دەرەکیدا. ئیدی بۆیە من لەگەڵ هەڵوێستی هاوسەنگی سەرکردەکانی کورددام لە پەیوەند بەم پرسە و پرسی دیکەش، لە سەرووی هەمووشیانەوە هەڵوێستی سەرۆکی هەرێم برا و رێزدار مەسعوود بارزانی.

ئەرکی کورد و سەرکردایەتییەکەی ئەوەیە کە لەم قۆناغە نائارامەدا رۆڵێکی هاوسەنگ بگێڕێت بۆ هێور کردنەوەی بەریەککەوتن لە نێوانی لایەنەکاندا تا گەیشتن بە دامەزراندنی سیستەمێکی دیموکراتی نیشتیمانی، کە هەر لایەنە دوور لە تایەفەگەری و مەزهەبخوازی، مافی خۆی بەدەست بهێنێت.

**گوڵان:** گەلی کوردستان لەم کاتەدا چاوەڕێی ئەوەیە لەم بارودۆخەدا هەنگاو بۆ دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردستان بهاوێت، بەڕێزتان وەك بیرمەندێکی ئیسلامی چۆن تەماشای ئەم خواستەی شەقامی کورد دەکەیت؟ ئایا تا چەند کورد مافی خۆیەتی دەوڵەتی سەربەخۆی هەبێت؟

**د. موحسین عەبدولحەمید:** گومانی تێدا نییە کە لەم قۆناغە مەترسیدارەدا کورد وەك گەلانی دیکەی موسڵمان مافی خۆیەتی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی رابگەیەنێت، بەڵام ئەمە پێویستی بە پێشەکی و زەمینەسازی و توێژینەوەی قووڵ هەیە. لە ناوخۆشدا پێویستی بە یەکریزی هەیە، جا چ لە نێوان هێزگەلی سەربازی یان هێزگەلی مەدەنی یاخود لە بنیات نانی دامەوزراوەی یەکگرتووی نیشتیمانیدا، پاشان زاڵ کردنی بەرژەوەندیی باڵای گەل بە سەر بەرژەوەندیی تەسکی حزبایەتی. بە بڕوای من، هەر دەبێ پشوو درێژ بین لە تێپەڕاندنی ئاستەنگی ناوخۆ و هەرێمی و جیهانیی دژ بە خۆمان، زاڵ کردنی سازان بە سەر جەنگدا، منیش دڵنیام کە ئەو هێزانەی ناوخۆ و دەرەکی لە رۆژانێکی نزیکدا دەگەنە ئەو بڕوایەی کە کورد مافی خۆیەتی دەوڵەتی سەربەخۆی هەبێت، ئەو مافەش مافێکی دادپەروەر و خۆڕسك و واقیعییە، دژ بە بەرژەوەندیی هیچ کەسیش نییە.

**گوڵان:** بەڕێزتان ئەزموونێکی زۆرتان لەگەڵ خوا لێ خۆش بوو جەنابی مەلا مستەفا هەیە، ئایا ئەو ئەزموونەتان لەگەڵ جەنابی مەلا مستەفا چۆن بووە؟ هەروەها مەلا مستەفا چۆن سەیری رەوت و پارتگەلی ئیسلامیی دەکرد؟

**د. موحسین عەبدولحەمید:** من دوو جار مەلا مستەفام لە بەغدا بینیوە، پاش گەڕانەوەی لە رووسیا لە دوای شۆڕشی تەمووز (١٩٥٨)، جارێکیان لەگەڵ کۆمەڵێك لە قوتابیان، جارێکی دیکەش بە سەردانێکی تایبەت لەگەڵ مامۆستاکەم زانای پایەی بەرزی مەغریبی دکتۆر (تەقیەدین ئەلهیلالی)، کە تێیدا باس لە رەوشی کورد و ئیسلام و موسڵمانان کرا. ئەوەی بێتەوە بیرم بە دکتۆر تەقیەدینی گوت «من پیاوێکی موسڵمانم و رۆڵەی ماڵباتێکی ئایینیم و خزمەتی ئیسلام و موسڵمانانم کرد، بەشێکی باش لە زانستەکانی ئایینیشم خوێندووە، خزمەتی گەلی کوردیش دەکەین لە رووی پاراستنی ئایینەکەی و مافی نەتەوەیی خۆیەوە). سەرنجی ئەوەشم دا کە رێزی لە دکتۆر ئەلهیلالی نا و سەردانەکەشی پێ خۆش بوو.

سەبارەت بە ئەزموونی بزووتنەوەی ئیسلامی لە عیراقدا، ئەوا لە دوو سەرداندا بۆ ماڵەکەی لە (حاجی ئۆمەران) لە ساڵی ١٩٦٦ و ١٩٦٧دا، کە شاندێکی سەرکردایەتیی ئیخوان موسلمین لە بەغدا سەردانی مەلا مستەفای کرد. لە نێو شاندەکەدا دکتۆر نیزامەدین عەبدولحەمیدی برام و بەڕێز شێخ نازم عاسم ئەلعەلیی تێدا بوو. ئەوان بۆیان گێڕامەوە کە زۆر بە گەرمییەوە بەخێر هاتنی شاندەکەی کردووە. پاشان داوایان لێ کرد کە برووسکەیەك بۆ جەمال عەبدولناسر بنێرێت و تێیدا داوای لێ بکات کە بیرمەند و موفەسیری گەورە سەید قوتب (رەحمەتی خوای لێ بێت) لە سێدارە نەدات. ئەویش کاغەزێکی سپیی خستە بەر دەمیان و واژۆی کرد، پاشان پێی گوتن: ئێوە چیتان پێ خۆشە تێیدا بنووسن، لە پۆستەی هەولێریشەوە رەوانەی بکەن. لەگەڵ ئەوەی عەبدولناسر سەید قوتبی لە سێدارە دا، بەڵام ئەم هەڵوێستە جوامێرانەیەی بارزانی هەر دەبێ مێژوو تۆماری بکات، سەرکردایەتیی بزووتنەوەی ئیسلامی لە عیراق و شوێنانی دیکەش لە بیری ناکەن.

دووەمین دیداریش بۆ نێوانگیری بوو لە نێوان خوا لێ خۆش بوو بارزانی و خوا لێ خۆش بوو عەبدولڕەحمان

**بارزانی خۆیی و کوڕەکانی و شێخ ئەحمەدی بارزانی برای لە پێناو بەدیهێنانی هیواکانی گەلی کورد رووبەرووی زیندانی و دەربەدەری بوونەوە؛ ئەمڕۆش مەسعود بارزانی لە پێناو نەتەوەکەیدا لەسەر هەمان رێبازەکەی مەلا مستەفا دەڕوات**

**مەلامستەفا بارزانی بە شێخ نازم و نزامەدین عەبدولحەمیدی وت (کورد گەلێکی موسڵمانەو خزمەتی ئیسلام و موسڵمانانی کردووە ئیدی نابێ رووبەرووی زوڵم بێتەوە)**

**نابێت سەرکردایەتی بزووتنەوەی ئیسلامی عێراق و لەشوێنانی دیکەش هەڵوێستی جوامێرانەی مەلا مستەفا بارزانی بەرامبەر بیرمەندو موفەسیری گەورە سەید قوتب لەبیر بکەن**

**مەلا مستەفا بەدکتۆر تەقیەدین ئەلهیلالی زانای پایە بەرزی مەغریبی گوت: من پیاوێکی موسڵمانم و رۆڵەی ماڵباتێکی ئاینیم و خزمەتی ئیسلام و موسڵمانانم کردووە، خزمەتی کوردیش دەکەین لەرووی پاراستنی ئاینەکەیی و مافە نەتەوەییەکانیەوە**

**من لەگەڵ هەڵوێستی رێزدار مەسعود بارزانی و سەرکردەکانی کوردم بەوەی پارێزگاری لە بەرژەوەندی گەلی کورد دەکەن و تێکەڵ بە ململانێی تائیفی نێوان سوونەو شیعە نابن**

**کۆنترۆڵکردنی سنوورەکانی کوردستان لەلایەن پێشمەرگەوە رێگرتنە لەدووبارە بوونەوەی جینۆسایدو قڕکردنی کورد ئەمەش لەروانگەی ئیسلامەوە پلەیەک لە پلەکانی شەهیدبوون بە پێشمەرگە دەدات**

عارف سەرکۆماری ئەوسای عیراق، بە سەرۆکایەتیی دۆستی بارزانی شێخ نازم ئەلعاسی ئەلعەلی رەحمەتی خوای لێ بێت.

شـــێخ نازم و نیزامەدینی برام بۆیان گێڕامەوە و پێیان گوتـــم: زۆر بە رێزەوە لە ماڵی خۆی پێشـــوازیی لێ کردین، قسەی ئەوەشی بۆ کردین کە پێویستە لەگەڵ عیراقـــدا بگەنە چارەســـەرێك، ئەو پەیوەندییەشـــمان وەبیری هێنایەوە کە لە رووی ئایینەوە لە نێوانی کورد و عەرەبدا هەیە.

بارزانی گوتی: کورد گەلێکی موسڵمانە و بە درێژایی مێژوو خزمەتی ئیســـلام و موسڵمانانی کردووە، ئیدی نابێ رووبەڕووی زوڵم ببێتەوە. باســـی ئەو زوڵمەشی کرد کە کورد لە ســـەر خاکی خۆیدا بە سەریدا هاتووە.

هەردووکیان (شـــێخ نازم و نیزامەدینی برام) گوتیان: بارزانی سوێندی خوارد و گوتی: لە هیچ پێکدادانێکی نێوانی ئێمە و حکوومەتەکانی عیراقدا من یەکم فیشەکم نەتەقاندووە، ئێمە هەمیشـــە لە ســـەر خاکی خۆماندا هێرشـــمان دەکرێتە ســـەر و پەلامار دەدرێین. هەروەها گوتیشـــی: ئێمە هەمیشـــە ئامادەی رێککەوتنین بە مەرجێك رێز لە گەلەکەمان بگیرێت، مافەکانیشی بە تەواوی پێ بدرێت، خواســـتەکانی ئێمەش بە تەواوی دادپەروەرانەن، هێرشـــی زۆر بێ بەزەییانەشمان کرایە سەر، کە تێیدا شار و گوندی ئێمەیان خاپوور کرد.

**گوڵان:** لە سەردەمی (مەلا مستەفا بارزانی)دا هەموو کورد لە ژێر رەشماڵی بارزانی خۆی دەبینییەوە، هەموو خۆیان بە پێشمەرگەی مەلا مستەفا دەزانی، بە رای بەڕێزت چۆن لەم قۆناغەدا مەســـعوود بارزانی هەمان ئەزموونی مەلا مستەفا دووبارە دەکاتەوە؟

**د. موحســـین عەبدولحەمید:** بارزانی بۆ پرسی گەلە ستەمدیدەکەی دڵسۆز بوو، ئەو کەسێکی موسڵمان بوو پارێزگاریی لە ئایینەکەی خۆی کرد، رێزی لە زانایان ئاییـــن دەگرت و داوای لێ دەکردن شـــتانی پیرۆزی ئیسلام بپارێزن. ئەو زانایانەی کە پەیوەندییان پێوە دەکرد باســـی ئەو شتەیان بۆ من کردووە. بارزانی بۆ خۆی و کوڕەکانی و شێخ ئەحمەد بارزانیی برای، رووبەڕووی کێشە و گرفتی زۆر بوونەتەوە هەر لە دوور خستنەوە و زیندانی کردن و دەربەدەری، هەموو ئەو شتەش لە پێناو بەدی هێنانی هیواکانی گەلی کورد لە رووی ئازادی و بەدی هێنانی مافی رەوای نەتەوەییانەدا بوو.

گومانم لەوەدا نییە، مەسعوود بارزانیی کوڕیشی، کە تا دوایین هەناســـە لەگەڵیدا ژیاوە، ئەوا بە رێبازەکەی ئەودا دەڕوات، بە هەمان شێوەی باوکی خوا لێ خۆش بووی، بـــە گوڕ و تین و ســـەربەرزییەوە داکۆکی لە پیرۆزییەکانی ئیســـلام و مافی نەتەوەییانەی گەلی کورد دەکات.

**گـــوڵان:** ئێســـتا بارودۆخێـــك هاتووەتە پێشـــەوە کە پێویســـتە پێشـــمەرگە داکۆکی لە کوردستان بکات، بـــەڵام لە بەرانبەردا لە هەموو لایەکەوە هێرش دەکرێتە ســـەر پێشـــمەرگە. ئایا لە روانگـــەی جەنابتانەوە تا چەند داکۆکی کردن لە نیشـــتیمان ئەرکێکی ئایینی و ئەخلاقییـــە؟ ئایا ئەگەر پێشـــمەرگە لەم شـــەڕەدا بکوژرێت، تا چەند بە پێی شـــەرع بە شەهید لە قەڵەم دەدرێت؟

**- د. موحســـین عەبدولحەمید:** رەوشـــی پەشـــێوی ئێســـتای عیراق و هەبوونی کەســـانێك کـــە چاویان بڕیوەتە کوردســـتان و خاکی دیاری کراوی، هەروەها چاویان بڕیوەتە ئەزموونە شارستانییەکەی، هەر دەبێ پاڵ بە پێشـــمەرگەوە بنێت کە سنوور کۆنترۆڵ بکات بە بێ ئەوەی دەســـتدرێژی بکەنە سەر هیچ لایەنێك، ئەم داکۆکی کردنـــەش پێویســـتییەکی مێژووییە بۆ پاراســـتنی خاك و ئاسایشی کوردســـتان، تا جارێکی دی گەلـــی کورد رووبەڕووی جینۆســـاید و قڕ کردن نەیەتەوە. ئاشکراشـــە ئەو موســـڵمانەی دەستدرێژیی زاڵمانە لـــە خۆی و گەلەکـــەی دوور دەخاتەوە، ئەوا پلەیەك لە پلەکانی شەهید بوونی هەیە، بە پێی ئەوەی لە فەرموودەی پێغەمبەردا هاتووە، چونکە پێشمەرگە داکۆکی لە خاك و ســـامان و ئایین و ناموسی خۆی دەکات.

**گوڵان:** ئەو ئاسایش و ئارامییەی لە کوردستاندا هەیە، ناحەزانـــی کورد و مرۆڤایەتی چاویان پێی هەڵنایەت، ئایا تا چەند پاراستنی ئەم ئاسایش و سەقامگیرییەی کوردستان گرنگە و تا چەند پێویستە گەلی کوردستان پشتگیری لە ســـەرکردایەتیی خۆی بکات بۆ ئەوەی ئەم ئاسایش و سەقامگیرییە بەردەوام بێت؟

**د. موحســـین عەبدولحەمید:** بەڵێ، رەوشی ئاسایشی و ئارامیی سیاســـی و ئاشـــتەوایی کۆمەڵایەتی لە کوردستانی عیراقدا هەر دەبێ ئیرەیی و قینەی زاڵمان و ســـتەمکاران بجووڵێنێت، ئیدی لێرەوەیە کە گرنگە یەکڕیزیی گەل و ســـەرکردایەتیی سیاسیی ئەو گەلە بپارێزرێت، هەروەهـــا هاوکاریی بەردەوام لە نێوان گەل و ســـەرکردایەتیی هەڵبژێـــردراوی، خێری زۆری لێ دەکەوێتەوە و بەرژەوەندیی باڵای نیشتیمان دەپارێزێت و لە تیری دوژمنانیش دەیپارێزێت.

**گوڵان:** هەموو بیرمەندان و پسپۆران بەم جۆرە سەیری ئایندەی عیراق دەکەن، بـــەوەی عیراق کۆتایی هات، پرســـیار ئەوەیە ئایا ئەو هۆکارانە چین کە وایان کرد،



عیراق کۆتایی بێت و پارچە پارچە بێت؟

**د. موحسین عەبدولحەمید:** ئەو هۆیانەی دەبنە مایەی ئەوەی عیراق و رۆڵەکانی پەرتەوازە بن و یەکێتیی نیشتیمانی و سیاسی و یەکگرتوویەکەی هەڵوەشێتەوە، لە روانگەی منەوە ئەوەیە، ململانێی تایەفییە کە ئێمە بۆ مێژووی رابردوو دەگێڕێتەوە و ئێستا و ئایندەشمان دەکوژێت، چونکە ئەم جۆرە ململانێیە پشت بە زاڵ کردنی بەرژەوەندیی تایەفەیەك بە سەر تایەفەیەکی دیکەوە دەبەستێت، بەم جۆرە هاوسەنگیی نیشتمانییانەی دامەزراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و سەربازی و ئەمنی تێك دەدات، پاشان پێکهاتەکانی گەلی عیراق خۆیان رادەستی دەست تێوەردانی دەرەکی دەکەن، کە دەیانەوێ بەرژەوەندیی خۆیان لە سەر حیسابی یەکێتیی گەلی عیراق بەدی بهێنن، پاشان هەست کردن بە زوڵمی کۆمەڵایەتی و ناهاوسەنگی لە دابەش کردنی سامان بە سەر هەرێم و پارێزگاکاندا، ئنجا بەردەوام هەبوونی گەندەڵی لە جومگە باڵا و نزمەکانی دەوڵەتدا. ئیدی بۆ پاراستنی یەکێتیی گەلی عیراق دەبێ دەستوور پێداچوونەوەی بۆ بکرێ، هەموو ئەو بەندانەش دوور بخرێنەوە کە جەخت دەکەنە سەر تایەفەگەری و شتی دی، دەسەڵاتی دیموکراسی بچەسپێندرێ و نەهێشتنی هیچ کاریگەرییەکی دەسەڵاتی دیکتاتۆری لە عیراقدا.

- د. موحسین عەبدولحەمید لە ساڵی ١٩٣٧ لە شاری کەرکوك لەدایك بووە و سەر بەهۆزی بزەینیە لە ناوچەی شوان .
- لەساڵی ١٩٥٩ بۆتە مامۆستا لە ئامادەیی کەرکوکی کوران و هەروەها هەر لەو ماوەیەدا گوتاربێژی نوێژی هەینی کردوە لە مزگەوتی ئیبراهیم تکریتی.
- لە ساڵی ١٩٦٥ بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی ماجستێر چۆتە زانکۆی قاهیرە و هەر لەوێش بڕوانامەی دکتۆرای لە تەفسیری قورئانی پیرۆز وەرگرتووە و پاشان بۆتە مامۆستا لە کۆلیژی شەریعەی زانکۆی بەغدا.
- لە دوای رووخانی رژێمی پێشوو لە عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣، حزبی ئیسلامی عێراقی دامەزراندووە و هەر خۆیشی بۆ ئەمینداری گشتی حزبی ئیسلامی عێراق هەڵبژێراوە و لە ساڵی ٢٠٠٤ بۆتە سەرۆکی حزبی ئیسلامی و پاشان بۆ سەرۆکی ئەنجوومەنی شورای ناوەندی تاکو ئێستا.
- لە ساڵی ٢٠٠٤ بۆتە ئەندامی ئەنجوومەنی حوکم لە قۆناخی ئینتقالی عێراق و لە شوباتی ٢٠٠٤ سەرۆکی ئەنجوومەنی حوکم بووە.
- لە ٢٠٠٤- ٢٠٠٥ هەڵبژێراوە بۆ ئەندامیەتی پەرلەمانی عێراق.

# بنەما ئاینییەکان بۆ ڕەوایەتیی دەوڵەتی کوردستان



عەبدولڕەحمان سدیق

بۆ گوڵان دەینووسێت

asidiq1962@yahoo.com

● یەکـــەم: خودای گەورە هەر ئەم زەمینە تاقانەیەی کردۆتە شوێنی مرۆڤەکان و، هەر نەتەوەو گەلێکیش لەسەر شوێنێکی ئەم زەوییەدا نیشـــتەجێبوون، بەڵام ئەم سنوورە دەستکردانەی ئەمـــڕۆ زادەی بەرژەوەندیی زلهێزەکان بووە، نەك بەرژەوەندیی مرۆڤـــەکان، بۆیە خـــودا پێمان دەفەرموێت ئـــەوە منم دنیاو زەمینم پێدان، بەڵام ئەوەمن نیم ئەم ســـنوورانەم کێشابێت دوور لەعەدالەت و بەرژەوەندی نەتەوەکان.

● دووەم: چارەسەری کێشـــەکان لەئاییندا بەئاشتی دەکرێت، بەڵام ئەم سنوورانەی ئەمڕۆ ســـنووری خوێناوین و، زادەی جەنگی یەکەم و دووەمی جیهان و، وردە شـــەڕەکانی دواییین، بۆیە ناگونجێـــت لەگەڵ عەدالەتی خواییـــدا، بەهێز خاکی خەڵك بدرێتە خەڵکی دی.

لەبیرتانە کە(ویدرۆ ویلســـۆن)ی سەرۆکی ئەوسای ئەمریکا لەبارەی ڕێککەوتننامەی (ســـایکس پیکـــۆ)وە گوتبووی: (ئەم ڕێککەوتننامەیـــە لەدامەزراندنی کۆمپانیایەك دەچێت، کەزۆر بەئاســـانیی و ئاسایی خاکی خەڵکێك بە خەڵکی دی دەفرۆشێت)؟

● ســـێیەم: لەقورئاندا، هـــەر مرۆڤێك وەکـــو چەقی چەند بازنەیەکە:

١- مرۆڤ وەکو تاك، لەدنیادا سێ بازنەی برایەتیی سەرەکی دەورەی داوە کەبازنەی (برایەتی نەتەوایەتی)و بازنەی(برایەتی ئیمانیی)و بازنەی(برایەتی ئینسانی)ن.

٢- هەوڵ و خەبات و تێکۆشـــانی مرۆڤ سەرەتا بۆ بازنەی نزیکـــی خۆی دەبێـــت و هەر کاتێکیش بەئامانج گەیشـــت، ڕوو لەگـــەلان و نەتەوەکانـــی دی دەکات، واتە رووی خێری لەنەتەوەکەی خۆی دەبێت ئەگەر لێی زیاد بوو دەیبەخشـــێت بەگەلانی موســـڵمان، ئەگەر لەوانیش زیادبوو، دەیبەخشـــێت بەگەلانی بازنەی سێیەم.

٣- (نەتەوە)و (ئیســـلام) دوو چەمکی بەرامبەر بەیەکتر نین تا بەراورد لەنێوانیاندا بێتە ئارا، بەڵکو پێوەندییەکی ئۆرگانیی بەهێز بەیەکیانەوە دەبەســـتێت، بۆیە پێوەندیی نێوان (نەتەوە) و (ئیســـلام) پێوەندییەکی تەواکارییە نـــەك جیاکاریی، هەر لێرەشـــەوە گەر (نەتەوە) لاشەو جەســـتە بێت، ئەوا (ئیسلام) بریتییە لە ڕۆح و گیان.

● چوارەم: خوای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا ئاماژە بۆ شوێنی بەرچاوو هەڵکەوتووی کوردســـتان دەکات، وەك خاکێکی پڕ خێرو بەرەکەتی نەبڕاوە کە شـــایانی ئەوە بوو، ببێتە شـــوێنی نەجات بـــوون و، لانکـــەی دووەمی مرۆڤایەتـــی لە دوای تۆفانی ســـەردەمی (نوح)ەوە (ســـەلامی خوای لەسەر) تا کۆتایی ژیانی مرۆڤ لەســـەر ئەم زەوییە، بۆیە کوردســـتان لـــەو ڕۆژەوە، لە ڕوانگەی بڵاوبوونەوەی مرۆڤ بەســـەر ئەم گۆی زەوییەدا، بۆتە چەق و سەنتەری دیمۆگرافی بازنەی ژیانی مرۆڤایەتی.

جا لەبەر هەموو ئەمانەو، لەبەر ئەوەی ئەوە ویســـتی خوایەو ئیرادەی خوایە کەهەر مرۆڤێك لە شارو شارۆچکەو گوندێکی دیاریکراودا لە دایك دەبێت، بۆیە خۆشویســـتنی نیشتمان خوا کـــردەو، ئەوانەش کە خەڵکی لەســـەر خـــاك وماڵی خۆیان

دەردەکەن، تاوانێکی گەورە بەم کارەیان ئەنجام دەدەن.
هەروەها لەقورئاندا گەلی بێ خاك و نیشتمان، گەلێکی روو لە مردنە، دەرچوونی خەڵکی لە خاکی خۆی واتە هەڵبژاردنی مردن، بۆیە، ئەوانەی لەترسی تاعوون و مردن وڵاتی خۆیان بەجێهێشت، هەر بەو کارەیان مردنیان هەڵبژارد.
هەروەهـــا لەقورئانـــدا، بێ نیشـــتمانیی و دەرچوونی خەڵك لەخاکی خۆی، بەرامبەرە لەگەڵ کوشتنی ئەو کەسەدا، وەك بڵێی چ کوشتنی هاووڵاتی یان دەرکردن لەخاکی خۆی.
● پێنجـــەم: زمانی گەلان خواکردەو، دەبێت هەر ئەو زمانەش لەجوگرافیایەکـــی دیاریکـــراودا بەکار بهێنرێـــت بۆ لەیەك گەیشتن.
زۆرن نیشـــانەو بەڵگەکانی دەسەڵات و توانای بێ سنووری خوای باڵادەســـت، لەگشت ســـوچێکی ئەم بوونەوەرەو لەهەر بەشێکی پێکهاتەی دروست کراوەکانیدا.
یەکێك لەو نیشـــانەو بەڵگانەی کەخـــوای گەورە کردوویەتی بە (ئایەت) و ســـەلمێنەری دەســـەڵاتی بێ پایانی، زمانی ئاخاوتن و لەیەك گەیشـــتنی مرۆڤەکانـــە، زمانی کوردیش کەزمانێکی سەربەخۆیەو، پەرەسەندنی مێژوویی خۆی هەیەو، چۆنیەتی گەشەسەندنیشـــی بەدرێژایی رۆژگار، شێوەیەکی تەواو سەربەخۆی هەیە، یەکێکە لەو زمانانەی لەهەزاران ساڵ لەمەوبەرەوە تا ئەمرۆ کورد پێی دەدوێت.
جا بۆیە لەپێناوی بەزیندوو راگرتنی زمانی کوردیمان پێویستە وەکو ئەرکێکی شـــەرعی و نیشـــتمانی، چەند هەنگاوێکی گرنگ بنێین لەوانە پێکهێنانی دەوڵەتی کوردســـتان، چونکە ئەوە دەوڵەتە دەبێتە پارێزەری یاسایی زمان و زیندوو راگرتنی، لەرێگـــەی تۆمارکردنی بەرهەمەکانی ئێســـتاو داهاتوومان بەزمانـــی کوردی، چونکـــە ئاخاوتن و نووســـین بەزمانی کـــوردی ئەرکێکی شـــەرعییەو بەزینـــدوو راگرتنی زمانی خواکـــردی نەتەوەییمان، بریتییە لەزیندوو راگرتنی بەڵگەیەك و ئایەتێك لەبەڵگەکانی باڵادەستیی خوای گەورەو، بەئەنجام گەیاندنی ویستێکی خواییە، کەبەئیرادەی خوای گەورە ئێمە کوردین و زمانمان زمانی کوردییەو، کوردستانی بۆ کردووین بەنیشتمان.

● شەشەم: ناوی کوردی، پارێزەری دۆسیەی بەرهەمەکانمانە لەنێـــو گەلاندا، چونکە (ناو) ئەو هۆکارە دێرینەیە کەهەزاران ساڵە، مرۆڤەکان بەیەکترو، بەتەواوی شوێن و کات و شتەکان ئاشنا دەکات و، دێرینی و جوانیی خۆیشی لەناوە پیرۆزەکانی خواوە وەرگرتووەو، بڵاوبوونەوەیشی هەر لەرێگەی فەرهەنگی یەکەم مرۆڤی سەر ئەم زەمینەوە بووە.
بۆیە نـــاوی کوردی و جوان و مانـــاداری وەك (بەختیار) و (رزگار) و (جوان) و (شـــنە) و ئەوانی دی کە ئەمرۆ بەکار دەهێنرێن لەکوردەواریداو، هەمووی ناوی مەقبوڵ و جێگەی رەزامەندی ئایینی ئیســـلامەو، بۆ کەسیش رەوا نییە داوای گۆڕینی ئەو ناوانە بکات، چونکە (ناو)یش رەهەندێکی تری ناســـنامەی نەتەوایەتی گەلانەو، تەواوکاری پێگەی زمانی نەتەوەییەو، ناسنامەی نەتەوایەتی گەلانیش ویست و ئیرادەی خوای گەورەو باڵادەستە.

ئەمـــە جگە لەوەی کەناوی نەتەوەیی کەســـێتی نەتەوەیی و بەرهەمی کەلەپووری رۆڵەکانیشی دەپارێزێت و، دوای سەدان ســـاڵی تریش گەلانی موسڵمان و جیهان بەگشتی بەئاسانی خاوەنی راستەقینەی ئەو بەرهەمانە دیار دەخەن کەبەشدارییان کردووە لە پێکهێنانی خەرمانی کەلتوورو مەدەنیەت و ژیاری ئینسانی.
● حەوتەم: ئیســـلام کە جەخت لەسەر پێویســـتیی ئیمان و، بەرژەوەندیی خەڵك و، بەهـــا باڵاکانی مرۆڤایەتی دەکات و، میکانیزم و جۆری پێکەوە ژیانی نێوان نەتەوەو گەلانیشـــی بۆ خۆیان بەجێ هێشـــتووە، بۆ ئەوەی ئارەزوومەندانەو لەبەر رۆشنایی بەرژەوەندیی هەمووانداو، چوارچێوەکان دیاری بکرێن، لەم بوارەشدا لە لای رەوایە کە نەتەوەو گەلانی موسڵمان لەژێر سایەی ئیسلامدا، (ئاڵا)ی تایبەت بەخۆیان هەبێت، چونکە (ئاڵا) فاکتەری کۆکردنەوەی خەڵك و جەماوەرە.
لەمانـــەی پێشـــەوە دەگەینەوە ئەو ئەنجامـــەی کە دەوڵەتی ئیســـلامیی دەوڵەتێکی کراوەی لە چەشنی کۆنفیدراڵییە کە تیایدا گەلان و نەتـــەوەی خاوەن تایبەتمەندێتی، حکومەت و سوپاو ئاڵای تایبەت بەخۆیانیان هەبێت.
بۆیە کە عەبباســـییەکان ئاڵای رەســـمی خەلافەتیان (رەش) بوو، بەڵام لە چوارچێوەی ئەو وڵاتە فراوانەدا، (صلاح الدین) دەوڵەتـــی (ئەیووبی) هەبوو کە رووبەرەکەی لەکوردســـتانەوە هەتا (میسر)و (یەمەن) بوو، ئەم دەوڵەتە خاوەنی ئاڵای خۆی بوو.
(محەمەد ئەمیـــن زەکی بەگ) لە (کوردو کوردســـتان)دا سەبارەت بە شوورەی (قاهیرە)و قەڵاکەی دەڵێت:
(واقعا ئەم شورەیە زۆرجار تعمیرو تغییر کرا، بەڵام عەلامەتی بـــە بەیداخی ســـوڵتان (واتە صلاح الدین) کـــە هەڵۆیەکی (سوور) لەسەر زەمینێکی (زەرد)بوو، ئێستاکەش بەسەر یەکێ لەدیوارەکانی قەڵاکەوە ماوە).
ئەمەش لە روانگەی ئەوەی کـــە پێغەمبەر (درودی خوای لەســـەر) پێی باش بووە کە هەموو گـــەل و نەتەوەیەك لەژێر ئاڵای خۆیاندا ئیسلامەتی پەیرەو بکەن.
● هەشتەم: کەمرۆڤ ئازاد بێت لە رووی جۆری پۆشتەبوونەوە، ئەوا مافێکی خوا پێدراوی گەلانە کە بایەخ بە جل و بەرگی نەتەوەیـــی خۆیان بدەن و، (دەنـــگ) و (رەنگ)ی خۆیانی پێ بەهێز بکەن، وەك هەوڵدان بۆ پارســـتنی جۆرەکانی جل و بەرگی کوردی و ئاشـــناکردنی نەوەی ئێستاو داهاتوو پێیان و، پۆشـــینی جل و بەرگی کوردی بۆ کارمەندو ئەندامانی ئەو دەزگا باڵایانەی کە گوزارشـــت لە خواســـتی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان دەکەن وەك پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران، بەتایبەتی لەکاتی پێشـــوازی لە میوانانی بیانی و دەرەوەی هەرێـــم و، هەروەها لە بۆنە نیشـــتمانی و نەتەوەییەکانداو، رێزگرتـــن لە جـــل و بەرگـــی نەتەوەیـــی و میللی هەموو نەتەوەکانی تری کوردستان وەك بەرجەستە کردنێك بۆ گیانی پێکەوە ژیان و پێکەوە جوانیی هەموو رەنگەکان و دەنگەکان، کە ویستێکی خوای گەورەیە.
● نۆیەم: بەجەختکردنەوە لە ســـەر ئەو راستییەی کە بەشێکی

(نەتەوە)و (ئیسلام) دوو چەمکی بەرامبەر بەیەکتر نین تا بەراورد لەنێوانیاندا بێتە ئارا، بەڵکو پێوەندییەکی ئۆرگانیی بەهێز بەیەکیانەوە دەبەستێت

ئیسلام کە جەخت لەسەر پێویستیی ئیمان و، بەرژەوەندیی خەڵک و، بەها باڵاکانی مرۆڤایەتی دەکات و، میکانیزم و جۆری پێکەوە ژیانی نێوان نەتەوەو گەلانیشی بۆ خۆیان بەجێ هێشتووە، بۆ ئەوەی ئارەزوومەندانەو لەبەر رۆشنایی بەرژەوەندیی هەمووواندا، چوارچێوەکان دیاری بکرێن

# ئەو شوێنانەی بەدەست هاتوون چۆن بیانپارێزین؟



هیوا ئەحمەد مستەفا

گــەورەی مافەکانی گەلی کورد، دەبێــت لە لایەن وڵاتانی ئیســلامییەوە پشــتگیری لێ بکرێت، چونکە کوردستان بە نەخشەی زلهێزان بەسەر چوار وڵاتی موسڵماندا دابەش کراوەو، ئەو چاکەو دەســتکەوتانەی (سەڵاحەددینی ئەیووبی)یش کە لەگەردنی ئەواندایە، پێویســتە ئەمرۆ بە رۆڵەو نەوەکانی ئەو بدرێتەوە، ئەوەش بەوە دەبێت کە ئاوڕ لە کێشە رەواکەی بدەنەوەو، مافی نەتەوەو گەلەکەی (سەڵاحەددین) بسەلمێنن.

جەخت کردنەوەی لەسەر ئەوەی کە دەشێت و رەوایەو شەرعیشە کە کورد لە جیهانی ئیسلامییدا دەوڵەتی خۆی هەبێت، چونکە ئەگەر لە روانگەی ئیسلامەوە بڕوانینە دەوڵەتی (ئەیووبی)، ئەوا دەوڵەتێکی فراوان بووەو، لە کوردســتانەوە بۆ (میسر)و، بۆ (یەمەن) بووە، کە ئەمەش جۆرێك لە سیستمی کۆنفیدراڵی بووە کە تیایدا دەوڵەتی (ئەیووبی) خاوەنی (ســوپا)ی خۆی و، (ئاڵا)ی خۆی و، (دارایی) خۆی بووە.

(سەڵاحەددین) هەرچی لەتوانادا بوو بۆ جیهانی ئیسلامیی کردی، دەبا ئەو دەوڵەتە ئیسلامییانە بخەینە ژێر بەرپرسیارێتی مێژوویی و ئیســلامیی و ئینســانیی یان و، ئەوەی کە بۆ (ســەڵاحەددین) بە رەوای دەزانن، با بــۆ رۆڵەو نەوەکانی ئەویشی بەڕەوا بزانن.

- دەیەم: زۆرێك لەدوژمنانی کورد بەناوی ئایینەوە هەوڵیان داوە کە کورد ئەو پەیکەرو وێنە بەرجەستەکراوانە بفەوتێنێت، ئەمەش لەڕاستیدا فەوتاندنی شایەدەکانمانە، چونکە ئاسەوار شــایەدی دەدات لەســەر رابوردووی ئێمە لەســەر خاکی خۆمان.

بۆیــە گرنگە لەڕووی ئایینەوە بزانین کە پەیکەرو وێنەکانی رابووردو ئەگەر ئەوســا (بت) یش بووبــن ئەوا بۆ ئەمڕۆ، دەبنە ئاســەوار، چونکە زانایانی ئاینیــی لەجیهاندا دەڵێن: هەموو (بت)ێك پەیکەرە، بەڵام مەرج نییە هەموو پەیکەرێك (بت) بێت.

نەتەوە — هــەر نەتەوەیەك — کەخاکێکــی تایبەت بەخۆی و، زمانــی ئاخاوتنی خــۆی هەبێت، بێگومــان بەرهەم و داهێنراوی تایبەت بەخۆیشی دەبێت و، بەتێپەڕبوونی کاتیش ئــەو بەرهەمانە کەڵەکەدەبن و، هەندێکیان لەئەنجامدا دەچنە خانەی ئەوەی کەلەئێستادا پێی دەگوترێت کەلەپور.

کەلەپورو ئاســەوارو فۆلکلۆری هەر نەتەوەو گەلێکیش، ئەو شــایەدانەن کەگەواهی راســتەقینە بۆ قۆناغەکانی ژیانی رۆژانەی لەمەوبــەری دەدەن و، رۆژانــەی ژیانی نەتەوەو گەلانیش لەشێواندن و تێکدان دەپارێزن.

نەتــەوەی کوردیــش، بەدرێژایی ســەدان ســاڵە مێژووی تێك دەدرێت و دەشــێوێندرێت بەمەبەســتی چەواشەکردنی ئەو راســتییانەی کەدەیســەلمێنن کــورد کۆنترین نەتەوەی ناوچەکەیــەو، خاك و زمــان و کەلتــورو کەلەپوری خۆی هەیە. لەبەرامبەر شاڵاوێکی وادا جگە لەبەرهەمی نوسراوو گوتاری مێژوونووســان، چاکترین شایەدی راستگۆی هەر نەتەوەو گەلێك ئەو (ئاسەوار)و (شوێنەوار)و بەرهەمە جۆراو جۆرانەیــە کە کەلەپــورو (فۆلکلۆر)ی ئــەو نەتەوەیە پێك دێنن.

**گرنگە لەڕووی ئایینەوە بزانین کە پەیکەرو وێنەکانی رابووردو ئەگەر ئەوسا (بت)یش بوو بن ئەوا بۆ ئەمڕۆ، دەبنە ئاسەوار، چونکە زانایانی ئاینیی لەجیهاندا دەڵێن: هەموو (بت)ێک پەیکەرە، بەڵام مەرج نییە هەموو پەیکەرێک (بت) بێت**

زۆرجار قۆناغەکان فرسەتی ژیان دەڕەخسێنن، لە مرۆڤەوە بۆ دەوڵەت جیاوازیەکی ئەوتۆیان نییە و هاوشێوەی یەکترن، لە ئێستادا هەلی ژیانێکی نوێ و سیاسەتێکی نوێ بۆ ئێمەی کوردستانیان هاتۆتەپێش.

ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم لەو چەند رۆژەی رابردوودا لەئەنجامی بۆشایی ئاسایشی و سەربازی کەوتوونەتە ژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی پێشمەرگە، دەکاتە سنووری چوار پارێزگای عیراق (موسڵ، کەرکوک، تکریت، دیالە).

زۆرجار قسە لەسەر ئەوە دەکرێ کورد لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراق، نەیتوانیوە سەرنجی عەرەب و تورکمان بۆ لای خۆی رابکێشێ، لە ئەنجامی وەکۆبوونی ئەزموونی سلبی و ئیجابی رابردوومان ئێستا ئاسانترە بتوانین ئەو کارە ئەنجام بدەین، ئەوەش بەکردار و گفتار و رەفتاری جوان و مرۆڤ دۆستانە و برایانەمان لەگەڵ هەموو پێکهاتەکان بەدیدێت، بۆ ئەومەبەستەش ئەو پێشنیارانەی خوارەوە دەخەینەڕوو:-

* خاک بۆ ئێمە، کە مافی مێژوویی و سیاسی خۆمانە، پۆست و پلە و پایەش لە فەرمانگەکانی دەوڵەتدا بۆ ئەوان، بەشێوەیەک کە هاوسەنگی لەدەست نەدات.

* لە ئەگەری بڕینی بودجە و بەشەخۆراک و مووچەی فەرمانبەرانی ئەو ناوچانە، کە ئەگەرێکی چاوەڕوانکراوە لەلایەن دەوڵەتی ئێستای بەغدادەوە، بۆیە حکومەتی هەرێم پێویستە پلانی تۆکمەی بۆ ئەو ئەگەرە هەبێت.

* پاراستنی شکۆ و حورمەتی تاک و کۆی ئەو هاووڵاتی و هاونیشتمانیانەی لە هەردوو نەتەوەی عەرەب و تورکمان کە ناوچەکانیان تازە کەوتۆتە دەست پێشمەرگە، بەدوور لەگیانی خۆ بە زلزانین و خۆسەپاندن هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکرێت.

* رێگا نەدرێت لە پەنای نەهێشتنی تیرۆر و گەڕان بەدوای تیرۆرستاندا هاووڵاتیان ئازار بدرێن و لە هەمان کاتیشدا پاراستنی سەروماڵی هاووڵاتیان مسۆگەر بکرێت.

* دروستکردنی پێوەندیەکی بەهێز و توند و تۆڵ بەبێ جیاوازی رەگەزی و ئایینی و مەزهەبی بەدوور لە گیانی خۆ بەزلزانین لەنێوان هەموو پێکهاتەکاندا.

**(پێشمەرگە)**

مادام باس لە بەرەکانی شەڕکردن و سەنگەرەکانی پێشەوەی پێشمەرگە دەکەین، رۆژانەش میدیاکانی هەرێم و عەرەبی و جیهانی رووماڵی رووداوەکان دەکەن، پێداچوونەوەیەکی خێرای زانستیانەی سەربازی، پێداویستی هەنووکەیی و ژیاری واقعی ئێستای بەرەکانی پێشەوەن.

لە ئێستادا شەڕی چڕوپڕی نزیک چاوەڕوان ناکرێت، بۆیە فەرماندەیی پێشمەرگەی کوردستان، فریا دەکەوێت هێزەکانی باشتریش لە ئێستا رێکبخاتەوە.

لە ئەنجامی ئەزموونی کەڵەکە بووی چەندساڵەی پێشمەرگایەتیمان پێشنیاری بەهێزکردنی سەنگەرەکانی پێشمەرگە، کەڵک وەرگرتن لە فەرماندە سەرکەوتووەکان، دابینکردنی کەل و پەلی سەربازیی و ئامێری پێوەندی سلکی و لاسلکی، لە ئەگەری بڕینی تۆڕەکانی ئینتەرنێت و فۆکس خستنەسەر هێزی کەم و پوخت، بۆئەوەی زۆرترین هێزی یەدەگی حەساوە لەبەردەستدابێت، دەخەینەڕوو.

**(رۆڵی میدیاکان)**

ئەوان تا ئێستا بەرپرسیارانە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ رووداوەکاندا کردووە، خۆبەدوور گرتنیان لەهەر کارێک بۆنی درز خستنە ناو ریزی یەکگرتوویی لایەنە سیاسییەکانی لێبێت لە هەموو شتێک گرنگ ترە.

وێڕای ئەوەش بە هەستیاری کارکردن لەکاتی شەڕ و گرژی و ئاڵۆزیەکاندا، بەتایبەتی لەسەنگەرەکانی پێشەوەی پێشمەرگە هاوکاری سەرخستنی پلان و پیلانەکانی شێوازی شەڕی پێشمەرگە دەبێت.

چونکە گواستنەوەی هەموو رووداوێک بە قازانجی گشتی ناشکێتەوە، چ جای ئەوەی لە ناوچە هەستیارە کێشە لەسەرەکان بێت.

ئاسایی نییە رووماڵکردنی گرتەی ڤیدۆیی شەڕی پێشمەرگە لەگەڵ تیرۆرستاندا، چونکە خاڵە لاواز و بەهێزەکان و شێوازی شەڕی پێشمەرگایەتی ئاشکرادەبێت و دوژمن بە ئاسانی دەتوانێ کاری پێچەوانەی لەسەر بکات، رەنگە بۆ رێگرتن لەو بابەتە ئەرکێکی زۆر بکەوێتە سەر ئەنجامدەرانی دیسپلینە سەربازییەکان.

**(جوگرافیا)**

وەک پێشتریش ئاماژەمان پێدا، سنووری هەرێمی کوردستان بەسەر خاکی چوار پارێزگاوەیە، کە زۆربەی دانیشتووەکانیان عەرەبی سوننە مەزهەبن.

لە هەمان کاتدا عەرەب و تورکمانی شیعە و مەسیحی و کلد و ئاشوور و کوردی شەبەک و ئێزیدی و کاکەیی هەیە، راگرتنی پارسەنگی هێز، لەنێوان هەمواندا بەهەمان شێوازی حوکمڕانێتی لەهەرێمی کوردستاندا، سەرکەوتن مسۆگەر دەکات.

راستە هێز بڕیار لەسەر زۆرشت دەدات، بەڵام هێزێک لە ئەنجامی یەکڕیزی نیشتمانی هەموو لایەنە سیاسییەکان سەرچاوە بگرێت، تێکشکانی بۆ نییە.

بۆیە بەردەوام بوونی ئەو سیاسەتەی هەموان لەدەوری جەنابی سەرۆک بارزانی، نەک هەر لە مەترسی دوورمان دەخاتەوە، بەڵکو زۆریش پێشماندەخات.

**راستە هێز بڕیار لەسەر زۆرشت دەدات، بەڵام هێزێک لە ئەنجامی یەکڕیزی نیشتمانی هەموو لایەنە سیاسییەکان سەرچاوە بگرێت، تێکشکانی بۆ نییە**

## پرۆفیسۆر ئۆفرا بێنگۆ

### تایبەتمەند لەسەر پرسی کورد
### لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:

# ئێستا دەرفەتێکی تازە بۆ کورد هاتۆتە پێشەوە بۆ ئەوەی بڕیار بۆ سەربەخۆیی کوردستان بدەن



**پرۆفیسۆر ئۆفرا بێنگۆ ئوستادی دیراساتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت و باکووری ئەفریقیا لە زانکۆی تەلئەبیب و هەروەها تۆژەری باڵا لەسەنتەری مۆشێ دایان بۆ دیراساتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت و باکـــووری ئەفریقیا، لەماوەی ١٠ رۆژدا، دوو وتـــاری گرنگی لەســـەر نزیکبوونەوەی سەربەخۆیی کوردستان لە رۆژنامەی جیرۆسەلیم پۆست بڵاو کردۆتەوە، وتاری یەکەمیـــان رۆژی ٨ی حوزەیران بە ناونیشـــانی ((کوردەکانـــی عێراق لـــە راگەیاندنی ســـەربەخۆیی نزیکبوونەتەوە) و وتاری دووەمیشـــیان لە رۆژی ١٨ی حوزەیران بە ناونیشـــانی (ساتەوەختی کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست) بڵاو کردۆتەوە.**
**خاتـــوو ئۆفـــرا بێنگۆ کە لەســـەر ئاســـتی ناوچەکە و جیهانیش بەو ئەکادیمیستە ناسراوە کە تایبەتمەندە لەسەر پرســـی کورد، قسەکانی جێگەی هەڵوەستە و بایەخپێدانن لەسەر ئاستی میدیای جیهان و ناوچەکە، بۆ قسەکردنی زیاتر لەسەر ئەم پرســـە و کۆی ئاڵۆزییەکانی ناوچەکە، پێوەندیمان بە پرۆفیســـۆر ئۆفرا بێنگۆ کرد، گوڵان ئەم وتووێژەی لەگەڵ ئەنجامدا کە ئەمە دەقەکەیەتی.**

*** ئەمریکا بە بیانووی بنیاتنان و هێنانە ئارای دیموکراسی لە عێراقدا، هاتە عێراق، ئێستاش ئەو وڵاتە وا دەبێتە زۆنی تیرۆریستان و ئەمریکاش خۆی بەدوور دەگرێت لە بارودۆخەکە. لێرەدا پرسیارەکەی ئێمە ئەوەیە ئایا تا چ رادەیەك بارودۆخی ئێستای عێراق مەترسی دروست دەکات لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و دەبێتە هەڕەشە لەسەر ئاسایشی نێودەوڵەتی؟**

- بە دڵنیاییەوە دوایین تەنگ و چەڵەمەکانی عێراق مایەی مەترسین بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی عێراق، دەتوانین ئەمە لەسەر چەند ئاستێك ببینین. سەرەتا ئەگەر لە رووی ئابوورییەوە قسە بکەین، ئەوا ئەگەر نەوت سامانێکی سەرەکی و گرنگی عێراق بێت بەلای ئەمریکاوە، ئەوا پێشڕەوی داعش بەرەو بەغدا و بەرەو باشوور، بە رادەیەکی گەورە نەوتی عێراق دەخاتە مەترسییەوە، کە ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر نرخی نەوت و ئاکامەکانی تەنیا لە ئەمریکادا سنووردار نابێت، بەڵکو تەواوی جیهان دەگرێتەوە. لەسەر ئاستی جیوستراتیجیش، ئەگەری دروستبوونی دەوڵەتێکی تیرۆریستی لە عێراقدا، کاریگەریەکی ناسەقامگیرکەری مەترسیداری لێدەکەوێتەوە لەسەر هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا. لەلایەکی دیکەوە ئەم پەرەسەندنە هێزی ئێران زیاتر دەکات، کە سەرچاوەی بڵاوکردنەوەی دڵەڕاوکییە، ئێرانیش ئەم دەرفەتە بەکار دەهێنێت بۆ زیادکردنی دەستڕۆیشتوویی خۆی لە عێراقدا، بۆ باشترکردنی وێنەی خۆی لە دەوڵەتێکەوە کە هانی تیرۆر دەدات بۆ دەوڵەتێك کە شەڕی تیرۆر دەکات، سەرنجی جیهانیش لەسەر بەرنامە ئەتۆمیەکەی لا دەدات. رەنگە گورزێکی دیکە کە بەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بکەوێت، ئەوەیە کە وێنەی ئەمریکا زیاتر تۆخ دەبێت وەك شێرەبەفرینەیەك، چونکە لە ئاست سوریا و عێراقدا هیچ کارێکی ئەنجام نەداوە لە دژی جیهادییەکان، کە رەنگە رۆژێك بێت جارێکی دیکە-ئەوان- بگەنە دەرگا و دەروازەکانی ئەمریکاش.

*** هەڕەشە و مەترسی تیرۆریستان ئەوەیە کە دەیانەوێت لە عێراق و سوریادا یەکبگرن و بانگەشەی ئەوە دەکەن کە کۆتاییان بە سنورەکانی سایکس پیکۆ هێنا و دەوڵەتی ئیسلامیان لە عێراق و شام جاڕداوە. کەواتە ئەگەر کەسێك نەبێت بەرپەرچیان بداتەوە، ئایا ئەم تیۆرە دەبێتە راستی، ئایا جارێکی دیکە ئەفغانستانێکی دیکە لە عێراقدا دروست دەبێتەوە؟**

- پێموایە بارودۆخەکە زۆر ناجێگیرە. راستە سوپای عێراق لەبەردەم دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام «داعش» هەرەسی هێنا، بەڵام هێشتا باوەڕم وانییە شیعەکان زۆر بە ئاسانی خۆیان بەدەستەوە بدەن. بەلای منەوە ئایەتوڵا سیستانی داوای لە باوەڕداران کرد کە شەڕی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام «داعش» بکەن، کە ئەمەش زۆر جیاوازە لە هەڵوێستەکانی پێشووی کاتێك پشتیوانی لە رێگاچارەیەکی پتر نەرمتر دەکرد و داوای رێککەوتنی لەگەڵ سوننە رادیکاڵەکان دەکرد. بەڵام ئێستا کە دەبینێت ئاگری مەترسیەکە نزیك دەبێتەوە، ئەوا داوای لە باوەڕداران کرد بەرپەرچیان بدەنەوە و لە روویاندا رابووەستن. بە گشتی، بەلای منەوە بەغدا بە ئاسانی ناکەوێتە دەستی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام «داعش»، بەڵام، لەگەڵ ئەوەشدا، تەنانەت کۆنترۆڵکردنی شارێکی ٨ ملیۆن کەسی، کارێکی ئاسان نابێت بۆ داعش، مەگەر لەو حاڵەتەدا نەبێت کە پێکهاتەی سوننە یارمەتیان بدەن. هەروەها رەنگە کێشە لە نێوان خێڵە سوننەکان و دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام «داعش»دا رووبدات و دروست ببێت. هەرچۆنێك بێت، ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی قسە بکەین، ئەوا من پێموایە سەرکەوتنەکانی داعش لە عێراقدا چەندەها پەیام دەنێرێت بۆ توندڕەوەکان لە زۆرێك لە وڵاتانی ناوچەکەدا، وەك حەمماس لە ئیسرائیل، یان بۆ داعش لە سوریا، یان ئیسلامیستەکانی ئەردەن، هەروەها هانیان دەدات شوێن پێی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام «داعش» هەڵبگرن. بە شێوەیەکی گشتی، عێراق وەك وڵاتێکی یەکگرتوو کۆتایی هاتووە، بەڵام لەلایەکی دیکەوە هێشتا دڵنیانین کە ئایا جیهادییەکان دەتوانن سەرجەم عێراق داگیر بکەن و هەروەها حکومڕانی وڵاتەکە بکەن. کەواتە یا ئێران یان شیعەی عێراق بە هاوکاری حزبوڵا دەتوانن بە شێوەیەك لە شێوەکان بەرپەرچیان بدەنەوە.

*** بە لەبەرچاوگرتنی ئەو دەرفەت و هەلانەی بەهۆی سیاسەتە تایەفەگەری و خۆسەپێنییەکانی مالیکیەوە دروست بوونە بۆ تیرۆریستان و هەروەها لە دەرئەنجامی فەرامۆشکردن و پەراوێزخستن و دوورخستنەوەی عەرەبە سوننەکانەوە کە ئەمەش هۆکاری ئەوەیە سوننەکان پشتیوانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام «داعش» دەکەن. بە بۆچوونی ئێوە، تا چ رادەیەك دەکرێت کێشەی تیرۆریستان بە رێگاچارەی سیاسی لە عێراقدا چارەسەر بکرێتەوە یەکلا بکرێتەوە، ئایا تا چ رادەیەك ئەمە مومکینە رووبدات؟**

- بەڵێ، بە دڵنیاییەوە ئەم چارەسەرە مومکینە و دەکرێت رووبدات، بەڵام لێرەدا دەتوانین بڵێین کە پرسیارەکە ئەوەیە کێ ئەم گۆڕانکاریە دەکات، لەبەر ئەوەی ئەمەش هەڵەیەکی دیکەی ئەمریکیەکانە،

**لەسەر ئاستی جیوستراتیجی ئەگەری دروستبوونی دەوڵەتێکی تیرۆریستی لە عێراقدا، کاریگەرییەکی ناسەقامگیرکەری مەترسیداری لێدەکەوێتەوە لەسەر هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا**

**بە شێوەیەکی گشتی، عێراق وەک وڵاتێکی یەکگرتوو کۆتایی هاتووە، بەڵام لەلایەکی دیکەوە هێشتا دڵنیانین کە ئایا جیهادییەکان دەتوانن سەرجەم عێراق داگیر بکەن و هەروەها حکومڕانی وڵاتەکە بکەن**

**جیهان زۆر شەکەتتر و ماندوترە لەوەی کە هێز رەوانەی ئەو ناوچەیە بکات. کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دووجار دووچاری شکست بۆوە لە چارەسەرکردنی کێشەی سوریا لە جنێڤ، ئێستاش پێیانوایە پێویستە ئەسەد بمێنێتەوە، ئەگەر نا ئەوەی لە عێراقدا دەیبینین لە سوریاشدا بەدی دەکەین**



چونکە ئەوان بە درێژایی کات پشتیوانی مالیکیان کردووە. بەڵام مالیکی بووە کەسێکی خۆسەپێن، ئەو سوننەکانی پەراوێزکرد، هەروەها پێوەندیەکانی لەگەڵ کورددا تێکدا، ئێستا ناتوانرێت ئەوە بگۆڕدرێت. باوەڕم وایە شتێکی مومکینە و دەکرێت چارەسەرێکی سیاسی بدۆزرێتەوە، ئەویش ئەگەر ئیرادە و تێگەیشتنێك هەبێت بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە. بەڵام لە ئێستادا نە کەسایەتیەك و نە پارتێکی سیاسی هەیە کە ئەوەی لێی چاوەڕوان بکرێت ئەم ئەرکە ئەنجام بدات.

*** دەتوانین بڵێین هیچ کاتێك پێکهاتەکانی عێراق بێ دەستێوەردانی دەرەکی لە نێوانیاندا نەیان توانیوە بۆ خۆیان بگەنە رێککەوتن. حاڵی حازر دۆخەکە گەیشتۆتە خاڵێك کە پێویست بەوە دەکات پێکەوە و لە یەك کاتدا کێشە و قەیرانەکانی هەردوو وڵاتی سوریا و عێراق چارەسەر بکرێت. لێرەدا پرسیارەکەی ئێمە ئەوەیە کە ئایا تا چ رادەیەك ئەم دۆخە ئاڵۆز و پڕ لە پشێوییە کە لە عێراقدا دروست بووە هانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەدات بۆ ئەوەی هەنگاو هەڵبگرن بۆ چارەسەرکردنی دۆخی سوریا؟**

- نەخێر، نابێتە هۆی ئەوەی هانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بدات بۆ ئەوەی ئەم کارە ئەنجام بدات. بە داخەوە جیهان زۆر شەکەتتر و ماندوترە لەوەی کە هێز رەوانەی ئەو ناوچەیە بکات. ئەوان- کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی- دووجار دووچاری شکست بۆوە لە چارەسەرکردنی کێشەی سوریا لە جنێڤ، ئێستاش- ئەوان- پێیانوایە پێویستە ئەسەد بمێنێتەوە، ئەگەر نا ئەوەی لە عێراقدا دەیبینین لە سوریاشدا بەدی دەکەین. لە راستیدا هیچ خواستێك نییە بۆ شەڕێکی دیکە، بۆ شەڕی سێیەم، بۆ شەڕێکی نێودەوڵەتی دژی عێراق، لەبەر ئەوەی مەسەلەکە ئەوەیە کە ئەمە شەڕی گەریلاییە نەك شەڕێکی تەقلیدی کە سوپاکان بیکەن بە بەکارهێنانی تانك و...تاد. حاڵی حازر هەندێ کەس پێیانوایە ئەوەی لە عێراقدا روودەدات دەبێتەهۆی ئەوەی کە جیهان پتر یەکگرتوو بێت و وایان لێدەکات کە شەڕی داعش بکات، من پێم وانییە ئەمە رووبدات. چونکە مەسەلەکە لە دەستی ئێران و شیعەکاندایە و ئەوان دەتوانن داعش رابگرن، لە کاتێکدا کوردەکان خاوەنی خاکی خۆیانن. ئەوا بەلای منەوە شەڕی نێوان داعش و شیعەکان بەردەوام دەبێت، بەڵام هێزێکی سەربازی گەورە رەوانەی سوریا یان عێراق ناکرێت.

*** لە کاتی رووداني ئەم جۆرە قەیرانانەدا، خەڵکی ئومێدیان بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەیە بۆ ئەوەی دەستێوەردان بکات. لەسەر ئاستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش هاوپەیمانی دژە تیرۆر هەیە، بەڵام دژی داعش، کە لقێکی ئەل قاعیدەیە، هیچ هەڵوێستێك لەم هاوپەیمانێتییەوە بەدی ناکرێت، کەواتە بۆچی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ئاستی کارەکانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام «داعش» بێدەنگە و هیچ کارێك ئەنجام نادات؟**

- لەبەر ئەوەی-کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی- ترسی لەوە هەیە دەستێوەردان لەم کارانەدا بکات، ئەوا ئەمە دەبێتەهۆی ئەوەی تیرۆر بهێنێتەماڵەکەی خۆیەوە. ئەوان ئەزموونیان هەیە — لەم رووەو کە بریتییە لەوەی- ئەگەر دۆخەکە بە رادەیەك ئاڵۆز بێت، کە چیتر خەڵکی نەتوانن کێشەکانی خۆیان لە نێو خۆیاندا چارەسەر بکەن، ئەوا زۆر زەحمەت دەبێت هێزە دەرەکیەکان بتوانن ئەم کارە بکەن. لەم رووەوە ئەوان دەتوانن پاساوی ئەوە- پاساوی ئەوەی ئەم کارە ئەنجام نەدەن- بهێننەوە کە پرسی تیرۆریزم زۆر قورسە و ناکرێت بە رەوانەکردنی هێزی سەربازی چارەسەر بکرێت و یەکلا بکرێتەوە. چونکە هەروەك ئێوە پێشنیارتان کردووە، ئەم کێشەیە لەسەر ئاستی سیاسی چارەسەر دەبێت.

*** حاڵی حازر عێراق بە ئاڵۆزترین و مەترسیدارترین کاتدا تێدەپەڕێت، لەبەر ئەوەی لە ئێستادا دابەش**



**بوونێکی گەورە و راستەقینەی ئیتنی و تایەفەگەری هەیە لەم وڵاتەدا، کە ئەمەش بۆتەهۆی ئەوەی عێراق لاواز بێت، پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە کە ئایا تا چەند هەرەسهێنانی عێراق، دەبێتەهۆی دروستبوونی زۆنی تیرۆر، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا مەترسی لەسەر سەرجەم جیهان دروست ناکات؟**

- لە ساڵی ٢٠٠٣وە عێراق وەك دەوڵەتێکی یەکگرتوو بوونی نەماوە، تەنانەت لە ساڵی ١٩٩١ـەوە، دوو قەوارە هەیە- لەم وڵاتەدا- کوردستان و عێراق. تەواو بە پێچەوانەوە، پێموایە رەنگە تەنانەت بوونی کوردستانێکی سەقامگیر بۆی هەیە ببێتە هاندەرێك بۆ ئەم چارەسەرە. حاڵی حازر هەرەس هێنانەکە روویداوە، لەبەر ئەوە ئەمە شتێکی نوێ نییە.

*** ئایا پەیامی ئێوە چییە لە کاتێکدا کە هێزەکانی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان زۆربەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکانیان بەدەستەوەیە؟ هەرچۆنێك بێت، سەرۆك بارزانی رایگەیاند کە ئەوان ئەو هێزانە لەو ناوچانە ناکشێنێتەوە و چۆڵیان ناکەن، لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئێوە چۆن ئەم هەڵوێستەی سەرۆك بارزانی هەڵدەسەنگێنن؟**

- بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ سەرۆك بارزانی هەوڵیدا لەگەڵ مالیکی بگاتە رێککەوتن. دوای دەیەیەك لە پەسەندکردنی دەستوورەکە، عێراق قسە و بەڵێنێکی زۆری دا، بەڵام بە داخەوە مالیکی نەهاتە سەر خەت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کەرکوك و ناوچە ناکۆکی لەسەرەکانی دیکە. کەواتە بە شێوەیەك لە شێوەکان کوردەکان پاساوی خۆیان هەیە کە رێگەی خۆیان بگرنەبەر. بەلای کەمەوە ئەوان دەستکەوتەکانی خۆیان دەپارێزن، و حکومەتی بەغداش لەوە تێدەگات کە دۆخەکە چییە، و بە دڵنیاییەوە ئەوان ناتوانن پشت بە مالیکی ببەستن، چونکە هەموو ئەو کارانەی کردویەتی لە ماوەی چەند مانگی کەمی رابردودا و تەنانەت چەند ساڵی رابردوشدا یارمەتیدەر نەبوون بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە- کێشەی سەرەکی کوردەکان.

من هیوای سەرکەوتن بۆ کوردەکان دەخوازم، ئەوان نەهامەتی و چەرمەسەری زۆریان چەشت لە سەدەی بیستدا، ئێستاش ئەوان سەلماندیان کە نەتەوەیەکن شایستەی ئەوەن دەوڵەتی خۆیان هەبێت. کەواتە رەنگە ئەمە ببێتەهۆی ئەوەی سەدەی بیست و یەك دەرفەتێکی دیکە بۆ ئەوان بڕەخسێنێت بۆ ئەوەی وەك خەڵکانی ئازاد ژیان بەسەر بەرن و خۆیان جڵەوی چارەنووسی خۆیان بەدەستەوە بگرن.

**بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ سەرۆک بارزانی هەوڵیدا لەگەڵ مالیکی بگاتە رێککەوتن، بەڵام بە داخەوە مالیکی نەهاتە سەر خەت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کەرکوک و ناوچە ناکۆکی لەسەرەکانی دیکە. کەواتە بە شێوەیەک لە شێوەکان کوردەکان پاساوی خۆیان هەیە کە رێگەی خۆیان بگرنەبەر**



# سایکۆلۆژیەتی کورد و ئینتیمای نیشتمانی



یوسف عوسمان حەمەد*

*تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

شرۆڤەکارانی دەروونزانی لێکدانەوەی نوێ بۆ سەرجەم چەمکەکان دەکەن، بەپێی گۆڕانکاری رەفتارەکان ئەوان پێیانوابوو سەرجەم چەمکەکانی بە هاونیشتمانیەکانەوە وەکو (ئازادی و سەربەخۆیی و مافی چارەی خۆنووسین و دادوەری کۆمەڵایەتی و ناسنامەی نیشتمانی بوون و ئەوانی دیکە) جارێکی دیکە گۆڕانکاری لە دارێشتنەوەی کراوە لە تێگەیشتن و لێکدانەوەی بەها نیشتمانیەکان، ئەگەرچی دوێنێ باوی شۆڕشگێڕی، گۆڕانکاری ریشەیی و ئینقلاب و برووخێ و سەرکوتکردن لە ئەدەبیاتی رووبەڕووبونەوە هەبوو، بەڵام ئێستا ئەدەبیاتی لێبوردەیی و پێکەوەژیان و مێزی گفتوگۆ و سندوقی هەڵبژاردن و ئاڵوگۆری دەسەڵات و بەمەدەنی کردنی دامودەزگایەکان و گفتوگۆی ئایینەکان و نەتەوەکان باسی لێوەدەکرێت و بۆتە بەشێك لە پێوەری نێودەوڵەتیی. ئەگەرچی شرۆڤەکارانی کۆمەڵناسی دەڵێن مێژووی دوێنێ بە شەڕو چەك و ئینقلاب و جینۆساید و قڕکردن و خنکاندنی ئازادییەکانی تاك و کۆمەڵ و دەستەڵاتی دکتاتۆری تۆمار دەکرا، بەڵام ئێستا سەردەمی واژوو کۆکردنەوە و کەمپین دروستکردن و خۆپیشاندان و شۆڕشە ئەلەکترۆنیەکان و ئۆپۆزسۆن بوون و فشارگەلی گرووپ و رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنییە. بۆیە لەو نێوەندەدا زۆر جار دەبێت لە ئەدەبیاتی نیشتمانی کوردیش بەپێی پێوەرەکانی سایکۆلۆژیەتی تاکی کورد پێناسەیەکی دیکە بۆ ئینتیمای نیشتمانی تاکی کورد بکرێت.

دەکرێت کار لەسەر هاووڵاتی بوون بکەین وەکو چەمك و واتا، هاووڵاتی بوون (citoyennete)کە داتاشراوی وشەی لاتینیە لە وشەی (civitas) دروست کراوە بەمانای ئەوە دێت کە تاك لەناو کۆمەڵێکی سیاسی ئێستا یان کۆن و دەوڵەت و نەتەوەی ئێستا کە لەنیشتماندا ئەرك و مافەکانی ئەنجام دەدات کە وەکو هاووڵاتی خۆی پێناسە دەکات. ئەمەش کۆمەڵناس لیتری (litter) باسی دەکات. کۆڵەگەی ئینتیمابوون دەگەڕێتەوە بۆ دەستەواژەکانی پەروەردەی مەدەنی یان پەروەردەی نیشتمانی کە لای ئەوروپییەکان هەمان مەدلوویان هەیە، کە چەمکی مەدەنی دەگەڕێتەوە، نیشتمان ئەو جێگایەی کە تاك تێیدا دەژێت هەڵبەتە چەند وابەستەیەك لە نێوان هەردووکیاندا هەیە (نیشتمان و ئینتیما) بۆ نموونە ئینتیما کردن هەرکاتێ ئەو وابەستانە لاواز بوون، ئەوا فاکتەری ئینتیما کردن لاواز دەبێت، رەهەندەکانی ئینتیمای تاك بۆ هاونیشتمانی بوون لەسەر دوو ئایتم دەوەستێت یەکەم ئەرك، دووەم ماف، کە تەواوکراوی یەکدین بۆ دروستکردنی گرێبەستی سایکۆلۆژی و فیکری و ماددی ویژدانی لەنێوان تاك و خاك، زۆر جار ئەرکەکان زۆرتر دەبن لە مافەکانی بەرامبەر، لە بەرامبەردا ماف نییە یان کەمترە ئەوکاتە ناسنامەی هەستکردن بەسیڤلی (civil) نامێنێت، هەست بە نامۆیی خاك و نیشتمان دەکات ئەو ئاڵوگۆڕییەی نێوان غەریزەکان و هەستە ناوەکییەکانی تاك لەگەڵ نیشتمانی

نیشتەجێبووی تاك لاواز دەبێت، فرە ئینتیمایی نامێنێت بۆ خاك، بۆ کارکردن و دڵسۆزی لەکاردا، راستگۆیی کارو کۆمەڵایەتی، ئینتیما بۆ سیاسەت و یاسا و رێسایەکانی دەوڵەت و کۆمەڵگا و بەشدارینەکردنی ریفراندۆم و هەڵبژاردن و رێکخراوەکان و سەندیکاکان، ئینتیما نەکردن بۆ داب و نەریت و پەروەردە کۆمەڵایەتیەکانی نیشتمان، چەندان جۆری دیکە لە ئینیتیما بەپێی کارابوونی تاك لەو شوێنە ئەمانە هەموویان لەبەرانبەر ئەرکێکی زۆر و مافێکی کەمدا لاواز دەبن، ئەو کاتە تاك هەست دەکات لە خاکی خۆی و نیشتمانی خۆی نامۆیەو خەسڵەتی هاووڵاتی بوونی نییە یاخود خاوەنی هیچ پرۆژەیەك نییە لە ئاییندە، کە تاوگیری هەڵچوونی دەبێتە هۆی کۆکردنەوەی وزەیەکی زۆر لە چوارچێوەی تەنگژەی دەروونی کار دەکات وەکو پەرچە کردارو نارەزایی و رکابەری ئەو وزەیە سەرف دەکرێت، لەوانەیە ئەم جارە دژە ئەرك وەك ئینتیما کار بکات، لە هەمان کاتدا ئەگەر ماف لە بەرانبەر ئەرکدا پتربوو ئەوە کەسێکی نادڵسۆز و مشەخۆر و دکتاتۆر دروست دەکات، کەلەبەردەم پرۆژەیەکی هاونیشتمانی بووندا، پرۆژەی مەدەنی و داهێنان و گۆڕانکاری دەوەستێت، بەڵکو دژی هەموو ریفۆرمێکی سیاسی و ئیداری دەوەستێت. لێرەدا هاووڵاتی بوون دوو کەرتی دژ بە یەك دەبن، کە یەکەمیان بەرانبەری ئەرك و ماف دەکات و بەردەوام دیموکراسی خوازو ریفۆرم خوازە هەست بە بەپرسیارێتی و دادوەری کۆمەڵایەتی دەکات، کەرتی دووەم بەردەوام بەرگری لەمافە بێ ئەرکەکانی دەکات و هەستی بەرپرسیاریەتی نامێنێت و دژی دادوەری کۆمەڵایەتی و گۆڕانکاریەکانی دیموکراسی دەبێت و بەردەوام چەق بەستووی کورسی دەبێت. ئەم هەموو گۆڕانکاریە پێویستی بە پڕۆژەیەکی گەورەو فراوانی کۆمەڵایەتی هەیە بۆ گەڕاندنەوەی ئینتیمایەکانی هاونیشتمانی بوون بەرانبەر بەرپرسیاریەتی دەسەڵات و دادوەری کۆمەڵایەتی کە پێی دەگوترێت پرۆژەی کارامەیی هاووڵاتی بوونی سەرەکی ئەمەش لەسەر سێ پرسیاری سەرەکی دەوەستێت وەکو:-

یەکەم: چۆن نەوەیەك ئامادە دەکەین ئەکتیڤانە بخرێتە ناو پرسی ژیانی گشتی کۆمەڵ.

دووەم: چۆن نەوەیەك بەرهەم بهێنین کارامەیی لەبڕیار وەرگرتن وەربگرێت، بۆ گەشەکردنی مەیل و پەیوەست بوونی بەکەسانی دیکەوە واتە نەوەی بە کۆمەڵایەتی بوون؟

سێیەم: چۆن هۆشیار بوونەوە زیاد دەبێت بەئەرك و مافەکانی بەوەی کەسێکە شەونخوونی لەپێناو پاراستی هاونیشتمانی بوونی خۆیدا دەکات و ئینتیمابوون وەکو ناسنامەیەکی سەرەکی بە کاردەهێنیت .

بەڵام چەمکی دەستوور لە رووی ناوەرۆکی بابەتەکاندا لێکدانەوەی زۆری بۆ کراوە کە کۆمەڵە یاسایەکە لەڕێگای ریفراندۆمەوە رەوایی پێ دەدرێت، واتە بەیاسایی کردنی دەوڵەت و رەواکردنی دامودەزگایەکانی مەدەنی و یەکسان بوونی ماف و ئەرك بۆ هەموو تاکێك و ناساندنی کۆمەڵێك مافی مەدەنی و بەرجەستەکردنی. لەنێو هەموویاندا بە شێوەیەکی گشتی ئەرك و مافەکان دەکرێنە دووبەشەوە، یەکەم ئەرك و مافی سیاسی. دووەم ئەرك و مافی مەدەنی.

لەدەستووردا تاك بە هاووڵاتی پێناسە کراوەو هاوتا لەگەڵ ئەرك و مافەکاندا لەبەرانبەر دەوڵەتدا. بۆ دیاری کردنی ئەرك و مافەکانی دەوڵەت لە بەرانبەر هاووڵاتیدا. لەسەر بنچینەی ئینتیما کردنی لەنێوان دەوڵەت و ئەندامەکانیدا، ئەو کاتە دەستوور پێوەرەکان یان پرەنسیپەکان دەستنیشان دەکات دەربارەی هاووڵاتی و هاووڵاتی بوون، گواستنەوەی بۆ بواری راستیەکانی ژیانی هەستپێکراو. بەڵام تا چ رادەیەك دەستوور دڵسۆزی بنەمایەکانی هاووڵاتی و هاونیشتمانی دەبێت و تاچ رادەیەك پابەندی پێشنیارەکانی دەبێت. تاچ رادەیەك دەوڵەت تەبەنی ئەوە دەکات بە هۆی دەستوورەوە کە پێکهاتەیەکی کۆمەڵگای هاووڵاتیە؟ لەڕوانگەی فەلسەفەی سیاسی و روانگەی پەروەردەی نیشتمانی بوونەوە ئەوە گرفتە.

لەواقیعدا نابێت لەوەهمی ئەوەدا بژیت بەتەنیا ناوبردنی دەستەواژەی هاووڵاتی بوون لەدەستووردا واتە هەرسکردن و تەبەنیکردنی فەلسەفەی هاووڵاتی بوونە، لە زۆربەی حاڵەتەکاندا لەدەستووردا ئەو دەستەواژانە تەنیا نووسراون، هیچ بوارێك ناهێڵنەوە بۆ جێبەجێکردن وەکو پرسی یەکسانی و ئازادی بیروڕاو بۆچوون و دەربڕین و پرسی پێوەندی لە نێوان دەستوور و تەواوی یاسایەکانی دیکەدا. زۆربەی دەستوورە هاوچەرخەکان پێ لەسەر یەکسانی هاوڵاتی دادەگرن لەبەردەم یاسادا، بەتایبەتی ئەو دروشمە گەورەترین کاریگەرە لەکاتی هەڵبژاردندا بۆ سەرنجڕاکێشان زۆرترین خەڵك لەدەوری خۆی کۆدەکاتەوە، لەسەرەتادا بەتایبەتی ئەو دەوڵەتانەی کە لەسەر بنچینەی جیاوازی لەنێوان تاکەکان لەسەر رەگەز و ئایین و نەتەوەو رۆشنبیری کە بریقەدارترین دروشم دەبێت لەکاتی هەڵبژاردندا بۆیە هاووڵاتی تاك کە پرۆژەیەکی دەستووری دەبێت. یەکسانی لەمافە سیاسییەکان و مەدەنیەکاندا بوونی راستەقینەی هاووڵاتیە لەناو خودی دەوڵەتدا. کەهەست بە بەرپرسیاریەتی دەکات لەکاتی هەڵبژاردندا لەجیاتی ئینتیماکردن بۆ گرووپ و حزب بە شێوەیەکی دیکە لەدەرەوەی هۆشیاری ئەو لەناو بازنەی هۆشیاری کۆمەڵایەتیدا هەوڵ دەدات واتایەکانی ژیان و پرۆسەی مەدەنی بدۆزێتەوە لەوێ پرسیار لەخۆی دەکات تائێستا من چیم پێشکەشی وڵات کردووە تا داوای مافی لێ بکەم. لەوڵاتێکدا دەژین بۆیە لەڕووی سایکۆلۆژیەوە نا هاوسەنگی دەروونی و مەعریفی هەیە، تادەگاتە رادەی دڵەڕاوکێ و هەستکردن بە گرێی کێماسی لە بەرانبەر ئاییندەدا. ئینتیما پرۆژەیەکی بەردەوامی هاووڵاتی بوونە واتە لە بەرانبەر داخوازییەکانی تاك و کۆمەڵدا جێگیر نییە، دەکرێت لەبەرانبەر ئەوەدا دادوەری کۆمەڵایەتی ببێتە بیمە و پارێزەری رەهەندەکانی دەستوور بۆدڵنەوایی کۆمەڵ لە هەموو گۆڕانکاریەکارییەکی چاوەڕوانکراو و چاوەڕوانەکراودا. ئینتیمابوون بۆ نیشتمان یاخود هاونیشتمانی بوون واتە هاونیشتمانی بوون پرۆسەیەکی پەروەردەیی کۆمەڵایەتییە بەرلەوەی پرۆسەیەکی سیاسی بێت.

---

*پسپۆری دەروونزانی

**رەهەندەکانی ئینتیمای تاك بۆ هاونیشتمانی بوون لەسەر دوو ئایتم دەوەستێت یەکەم ئەرك، دووەم ماف، کە تەواوکراوی یەکدین بۆ دروستکردنی گرێبەستی سایکۆلۆژی و فیکری و ماددی ویژدانی لەنێوان تاك و خاك**

**ئینتیمابوون بۆ نیشتمان یاخود هاونیشتمانی بوون واتە هاونیشتمانی بوون پرۆسەیەکی پەروەردەیی کۆمەڵایەتییە بەرلەوەی پرۆسەیەکی سیاسی بێت**